ژمارە ( ٩ )ی ٢٠١٠

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان
ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات

## زمانەوانی و گشت ئەو لقانەی کە لەوەوە سەریانهەڵداوە

پ.د. یوسف شەریف

## زمانی کوردی ناوگری نییە

ئیبراهیم مورادی

## زمانی دایك هەڵگری زمانی نەتەوەییە

سەلام ناوخۆش

## زمانی ریالیزمییە سیحرییەکان

سابیر حوسێن عەلی

## ڕۆمان وەکو کەناڵێکی زمانەوانی

عەبدوڵڵا ڕەحمان


## هەڵسەنگاندنی بابەتە ڕێزمانییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی

قادر حەسەن وسو

# زماناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان
ڕێکخراوی زماناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات

**ژمارە (٩) ٢٠١٠**


زماناسی
زمانەوانی و گشت ئەو لقانەی کە لەوەوە سەریانهەڵداوە
زمانی کوردی نارگری نییە
پ.د. یوسف شەریف
زمانی دایک هەڵگری زمانی نەتەوەییە
ئیبراهیم سورانی
زمانی ریالیزمییە سیحرییەکان
سەلام ناوخۆش
زۆمان وەکو کەناڵێکی زمانەوانی
سابیر حوسێن عەلی
عەبدوڵڵا ڕەحمان
قادر حەسەن وسو

**گۆڤاری زماناسی**

**لەسەر ئەم ماڵپەڕانە بخوێنەوە:**

**www.zimannasi.com**
**www.dwrga.com**
**www.dengekan.com**


ڕێکخراوی زماناسی
بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی

خاوەنی ئیمتیاز
پ.ی سەلام ناوخۆش
٠٧٥٠٤٤٦٧١٨٤

سەرپەرشتیاری زانستی
د. شێرکۆ بابان

سەرنووسەر
نەریمان خۆشناو
٠٧٥٠٤٩٤٧٧٨٧
٠٧٧٠٢٥٧٧٥٢٨

بەڕێوەبەری نووسین
عەبدوڵڵا ڕەحمان

بەڕێوەبەری هونەریی
کۆچەر ئەنوەر نایف

نەخشەسازی بەرگ
ئەبوبەکری مەلا عەبدوڵڵا



**ناونیشان**

**کوردستان - هەولێر**
**شەقامی ئاراس**
**پشت قوتابخانەی ئەیوبییە**

**بۆ پەیوەندیکردن:**

zimannasi@yahoo.com
xoshnaw_n@yahoo.com
nawkhosh@yahoo.com

## لەم ژمارەیەدا

### لێکۆڵینەوە


- زمانەوانی و گشت ئەو لقانەی کە لەوەوە سەریان هەڵداوە .......پ.د. یوسف شەریف سەعید 8
- مۆمدانەکانی ئەلفبای کوردی ........................................ ئەحمەد هیرانی 27
- مێژووی خود لە ناو لەنگەرییەکدا................................ نەجات حەمید ئەحمەد 42


### وتار


- زمانی کوردی ناوگری نییە ................................................ ئیبراهیم موردای 57
- هەڵسەنگاندنی بابەتە ڕێزمانییەکانی ......................................قادر حەسەن وسو 66
- زمانی دایک ........................................................................ سەلام ناوخۆش 82
- واتای وشە ................................................ ....... شوکر گەلاڵی 90
- زمانی ریالیزمییە سیحرییەکان ..........................................حوسێن سابیر عەلی 100
- رۆمان وەکو کەناڵێکی زمانەوانی ........................................ عەبدوڵڵا رەحمان 107


### فەرهەنگی زمانناسی


- بکەر ...................................................نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو 117

# حکومەت هاوکاری زمانناسی ناکات

خاوەنی ئیمتیاز

ئەزموونی "زمانناسی" ئـەزموونێکی کوردانەیە: کار لەسەر شـادەمارەکانی نەتەوە دەکات، دەروازەیەکـە بـەڕووی زمـانی کـوردی و پێـشگرێکە لەهـەر هەوڵێکی داگیرکاران لەمـەڕ کوشـتنی ئەو زمانە زیندووە.

هەر لەسەرەتاوە، لـە یەکـەم ژمـارەی "زمانناسـی"یـەوە، ئامانجـە ستراتیژییەکانی ئاسایشی نەتـەوەییمان ڕاگەیانـدبوو، ئـەو ئامانجانـە، جگـە لـەخۆمان و تـەنها کەسـێك، کـەس دەستباری لەگەڵ نەگرتووین!!

لەپێناو ئەو پرۆژە نەتەوەییە ئەفسووس کـەس دەرگـای لێنەکردینـەوە!! هـەتا هـەبوو جورئـەتی ئـەوەی کـرد بڵـێ: زمانناسـی چ پەیوەنـدی بـە ئێمـەوە هەیە!!

کە دوو ژمـارەی بـەراییمان دەرکـرد، ئاشـــقانی زمـــانی کـــوردی زۆر دەستخۆشیان لێکردین و هانیان دایـن کـە لەهەنـدێ دەرگـا بـدەین لـەپێناو بەردەوامی ئەو پرۆژەیە، ئـەوەبوو وەك شاندێك سەردانی پارێزگای هەولێرمان کرد و باسی پرۆژەکەمان لەگەڵ جەنابی پارێزگار کرد، ئەویش بەڵێنی هاوکاری پێداین، ئەوەبوو بـە دووجـار (یـەك و پێنج سەد هەزاری) پێداین، ئـەو بـڕە پارەیە تەنها پارەیـە لـەدام و دەزگـای حکومەت وەرمان گرتبێ.

لەپاشان، وەك شاند سەردانی جێگـری سەرۆکی هەرێممان کرد و پرۆژەکەمان بـۆ خـستەڕوو، بەئاشـکرا پێمـان وت لەماوەی حوکمڕانی دەسەڵاتی کوردیدا هـەتا ئێـستا گۆڤارێـك، ڕۆژنامەیـەك تایبەت بە زمان دەرنەچووە!! هەروەها

وتمان ئـەم پرۆژەیـەی ئێمـە هـەوڵێکی مکورە بۆ ڕزگارکردنی زمانی کـوردی لــــە پاشـــاگەردانی و کوشـــتنی و گەڕاندنـــەوەی ســـەردەمی ســـەروەری دیالێکتەکان!!

جەنابی جێگـر، تـەنها نامەیـەکی بـۆ جێگری سەرۆکی حکومەتی ئەوسا، بۆ نووسین، بەداخەوە هـەردوو جێگـر بـە (هیچ) یارمەتیان نەداین!!

ئەمـــەو، رۆژنامەنووسـێکی نزیـك لـە دیـوانی ئەنجومـەنی وەزیـران بـەڵێنی ئەوەی پێـداین، کـە سـەرۆکی دیـوان بەڵێنی داوە کە یارمەتیەکی مانگانەی گۆڤارەکەمان بکات.. نزیکەی سـاڵێك بەسـەر بەڵێنەکـەی سـەرۆکی دیـوان تێپـەڕی، کەچـی هـیچ وەڵام نـەبوو، لەئەنجام چەند رۆژێـك پـێش رەمـەزان تەلـەفۆنێکمان بـۆ سـەرۆکی دیـوانی ئەنجومەن کرد: بەڕاشکاوی وتی: هـیچ بەڵێنێکم نەداوە و ئامـادەش نـیم بـە (هیچ) هاوکاریتـان بکـەم... ئەمـەی دووجار گوتەوە!!

لـەپاش بـێ ئومێـدی لەوانـە، لـە 2009/8/18 نووســــــــــراوێکی فەرمیمان بـۆ سـەرۆکی هـەرێم کـردو چەند دانەیەك لە گۆڤارەکەمان هاوپێچ کرد، بەڵام بەداخـەوە ئـەوە زیـاتر لـە ساڵێك تێپەڕی جەنابی سەرۆك بە چاك و خراپ وەڵامی نەداینەوە!! بەڕاسـتی لـە مەملەکـەتێکی سـەیرو عەنتیکـە دەژین!!

گۆڤارێك کە خـەمی سـەرەکی زمـانی نەتـەوەی کـوردەو هـەوڵ دەدات ئـەو زمانـە بـە ڕەسمـی ببێتـە زمـانێکی (فــەرمی حکومــەت) و (ســتاندەری بواری خوێندن)، کەچی ئەوها دەرگـای بەڕوو دادەخرێ، لـەولاوەش بودجـەی تایبەت بۆ (دەیان) رۆژنامەو گۆڤـاری بـەناو (ئـەهلی، سـەربەخۆ، ئـازاد!) دادەنێن، دەشزانن کـاری ئەوانـە نـەك هیـــچی لـــە راژەی دۆزی نەتـــەوەیی کورددا نییـە، بـەڵکو هۆکـارێکن بـۆ شێواندنی زمـانی کـوردی، کـەلتوری کوردی، رەوشی سیاسی وڵات!!

هیـــوادارم خوێنـــەرانی گۆڤارەکـــەمان بەهەڵە لەو هەوڵانەی ئێمـە تێنەگـەن: ئێمە بە ئاشکرا پێمـان وتـوون، ئێـوە هـــەر خۆتـــان پـــارەی (شـــوێن) و پێویـستییەکانی چـاپ و (چـاپخانە) بدەن و هیچ پارەیەك تەسلیمی ئێمەش

مەکەن!!
ئێمــە ئــەو (ســواڵکردنەمان) تــەنها لەپێناو زمانی کوردییە، هەروەها وەك هاوڵاتییەك لەم وڵاتە بە مافی خۆمــان دەزانین بەشی خۆمان بۆ پرۆژەی خۆمان لەبودجەی حکومەتی خۆمــان هــەبێ!! ئەو وەڵامــە نەرێیانــەی بــێ ئاگــا لــە زمانی نەتەوە زۆر بریندارى کــردووین! بەتایبەتی وەڵامــی ئــەو کەســەی کــە وتی: "پــرۆژەی زماننناســی کــوردی چ پەیوەندی بە ئێمەوە هەیــە" هــەروەها ئەو کەسەی بەڕاشــکاوی لــە تەلــەفۆن وتی: "هــیچ بــەڵێنمان بــە زمانناســی نەداوە، هــەروەها هــیچ هاوکاریــشتان ناکــەین" ئەوانــە، هــەر بــۆ مێــژوو دەنووسین و هیچی تر!!
لــەماوەی ســاڵێك توانیمــان هەشــت ژمارە دەربکــەین، جگــە لــە ژمــارەی یەکــەم، ئــەویتر هــەمووی بــە پــارەی خــاوەن ئیمتیــاز و سەرنووســەر بــووە! ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمــە لەبــەر ئەو هۆیانەی خــوارەوە هــەر بــەردەوام دەبین.

## 1ـ زمانی کوردی هەڕەشەی لەسەرە!

زمــانی کــوردی لەچــەند روێکــەوە هەڕەشەی لێدەکرێ. هەڕەشەی ڕژێمــی ئێستای عێراقــی، ئــەوە خەریکــە لــە کــەرکووك و موســڵ بەدەردەکــەوێ، عەرەبی عەلمانی یان ناعەلمانی بــاوەڕی بە زمانی هاوپشك و وڵاتــی هاوپــشك نییە! باوەڕناکەم هیچ عەرەبێك هــەبێ ئامادەبێ زمانی کــوردی لــە باشــور و ناوەڕاســتی عــیراق بخوێنــێ!! کــەلتورە شــۆڤینیەکەی دســەڵاتدارانی عێــراق چەند نەوەیــەکی پێگەیانــدووە لەســەر بیرۆکەی یەك نەتەوە، یەك وڵات، یەك زمان، بۆیە زۆر دژوارە ئەوانە قــەبوڵی زمــانی کــوردی وەك زمــانی دووەم لەعیراقی فیدراڵ بکەن!!
بەرپرسانی کورد لە بەغدا هۆکــارێکی ترن بۆ بچووککردنەوەی زمانی کوردی: ئەوە چەند ساڵە سەرۆك کۆماری عیراق کوردە، جێگری سەرۆك وەزیرانی عیراق و جێگری سەرۆکی پەرلــەمانی عــیراق کــوردن، کەچــی هــەرگیز لــە دام و دەزگاکانی بەغــدا بــەکوردی قــسەیان نەکردووە!! جا ئەگەر سەرانی ئەو ســێ پۆســتە پــەیڕەوی دەســتووری عێراقــی نەکەن، لەبەکارهێنانی زمانی کوردی، ئەوە باســی پەرلــەمانتارە کوردەکــانی بەغدا هەر ناکەین؟!
ئــەرێ ئــەو هــەمووە "پەرلــەمانتێرە"

لەبەر "تێر"اتییە داوا لە پەرلەمان ناکەن، وەك وڵاتانی فرە نەتەوە ئامێری وەرگێڕانی دەسبەجێ immediate machine Translation دابین بکەن؟! یان ئەوانیش شەرم دەکەن!!

هەڕەشەیەکی دی لە زمانی کوردی لەناو هەرێم بەرپایە! هەژموونی حیزب ناهێڵێ زمانی ستاندەر دروست ببێ، هەروەها ئەو هۆکارە ناهێڵێ هەتا حکومەت زمانی فەرمیی هەبێ!!

وێڕای ئەمەش، هەوڵێکی دی لە ئارایە بۆ بچووککردنەوەی زمانی کوردی لە بوتقەی دایەلێکتدا، لەڕاستیدا ئەوەی ئێستا پێی دەوترێ زمانی کوردی هەر تەنها دایەلێکتی کرمانجی ناوەڕاست نییە، تاکو لەگەڵ کرمانجی ژووروو بەراورد بکرێ؟! ئێستا ئەوەی هەیە (زمانە)!! نەك دایەلێکت!! جا ئەوانەی دەیانەوێ ئەو زمانە لەگەڵ دایەلێکت بەراورد بکەن، ئەوە جگە لە هەڵاتن لە ئەزموونی حوکمڕانی حکومەت و پەرلەمان و گەڕانەوە بۆ سەردەمی میرنشینی، چی تر نییە!!

لەلایەکی تریش لەگەڵ حاڵی بوون لەو دوو چەمکە، هەندێك بە لاڕێ دابردووە بەوەی هەر بەوەندە نەوەستن، بەڵکو دەڵێن هەروەك چۆن لە لاتینی چەند زمانێکی سەربەخۆی وەك ئینگلیزی، ئیتالی، فەرەنسی دروست بوو، هەروەها لەزمانی کوردیش چەند زمانێکی دی وەك زمانی بادینی، گۆرانی، لوڕی، دروست دەبن! باوەڕناکەم هیچ داگیرکارێك بیرۆکەیەکی ئەوەهای بەخەیاڵدا هاتبێ... زمانناسی مینبەرێك دەبێ بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەوڵێکی نەزۆك و داگیرکارانەی ئەوها!

## 2ـ زمانی کوردی لە قۆناغی دەوڵەتبوون

دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە ئامانجە ستراتیژییەکانی هەر بزاڤێکی ناسیۆنالیزمیە. ئەفسوس، بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردی بەهیچ جۆرێك کار لەسەر "دەوڵەت" ناکات. بەڵکو خۆی هەر وا بەستەی عێراق دەکات، ئەو جۆرە هزرو بیرکردنەوەیە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ڕەوشی زمانی نەتەوەیش دەبێ!

هەر دەسەڵاتێکی هەرێمیی، ئەگەر کاری لەسەر زمانی نەتەوەیی کرد، ئەوە دەرفەتی گەشەکردنی زمانەکەی

زۆر زیاتر دەبێ هەروەها زمانەکە بەناچاری وشەو زاراوەی بواری دەوڵەتی دەبێ!

هەر دەسەڵاتێکی هەرێمیی، ئەگەر کاری لەسەر زمانی نەتەوەیی کرد، ئەوە دەرفەتی گەشەکردنی زمانەکەی زۆر زیاتر دەبێ، هەروەها زمانەکە بەناچاری وشەو زاراوەی بواری دەوڵەتی دەبێ!

هەبوونی "زمانناسی" دەرفەت و ناوەندێکە بۆ بە کوردیکردنی هەموو زاراوە و چەمك و وشەکانی بواری حوکمڕانی کوردی.

**3ـ زمانی ستاندەر**

بەگوێرەی بنەماکانی پلانی زمان و سیاسەتی زمان بەشێوەیەکی دیموکراسیانە زمانی فەرمیی و ستاندەر دروست دەکرێن. بەشێك لە ئەوروپاو باکوری ئەمەریکا بەو ڕێگایەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی تاکزمانیی هەنگاو دەنێن.. زمانی ستاندەر بۆ کورد لەهەمووی گرنگترە، چونکە کورد لە ئەزموونی ژیانی حیزبیدا فەشەلی هێنا: حیزب نەك نەبووە هۆکارێك بۆ "یەکێتی نەتەوەیی"، بەڵکو بووە هۆکارێك زیاتر پەرتەوازەیی و پاشاگەردانی پرۆژەی یەکێتی نەتەوەیی، بۆیە "چەسپاندنی دیموکراسیانەی" زمانی ستاندەر، تاکە ناوەندێکە بۆ یەکبوونی نەتەوەیی، بەواتای ئەزموونی حیزبی پرۆسەی یەکێتی نەتەوەیی بەرەو دواوە برد، بۆیە ئەرکی قەڵەمی بواری زمانە ئەو هەڵەی حیزب ڕاست بکاتەوە، تاکو داگیرکاران بەدەرفەتیان نەزانیوە!

بەکورت و کرمانجی ئێمە دەستبەرداری پرۆژەکانی زمانناسی نابین، ئەوە لە قۆناغی یەکەم توانیمان گۆڤارێکی زمانناسی دەربکەین و لە قۆناغی دووەمیش توانیمان ڕێکخراوێکی زمانناسی دابمەزرێنین، و ساڵی ئاییندە کار لەسەر پرۆژەی کۆڕی زانستی زمانی کوردی دەکەین... هەر کاتێ بتوانین ئەو "دەوڵەتە بۆ زمان" دروست بکەین.. ئەوە خەونی دەوڵەتی کوردی لە هزرو خەیاڵی تاکی کورد بەرپا دەبێ...

هاوکاری هەموو لایەکمان لەپێناو زمانی کوردی قەبوڵە.

# زمانەوانی و گشت ئەو لقانەی کە لەووە سەریان هەڵداوە

پ.د. یوسف شەریف سەعید

بەشی دووەم

**12- زمانەوانی ورد - تەسك - ڕۆنانی: Micro Linguistics**

ئەو زانستەیە کە لە دەنگەکانی زمان و فۆنیمەکان و مۆرفیمەکان و وشە و ڕێزمان و ڕستەسازی و واتاسازی دەکۆڵێتەوە بێ ئەوەی خۆی لەو بابەتانە بدات کە لە دەرەوەی زمان دایە . بەمەش تەواو لە زمانەوانی فراوانکراو دوور دەکەوێتەوە بە واتایەکی تر بریتییە لە لێکۆڵینەوەی تیۆرییەکانی زمان بێ ئەوەی تێکەڵ بە زانستەکانی تر بکرێت . زاراوەکەش نزیکە لە زاراوەی زمانەوانی تیۆری (Theoretical Linguistics).

هەروەها ئەم زاراوەیە ئەم بەشانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

1- زمانەوانی ڕۆنانی بە واتا تەسکەکەی بە تایبەتی لای زمانەوان لوید (Lioyd) واتە شیکردنەوەی ڕوکاری ڕۆنانی زمانە کە بناغەی زانستی دەرەوەی زمان Metalinguistics دادەڕێژێ .

2- لقێکە لە زمانەوانی فراوانکراو کە شیتاڵکردنی وەسفی ڕۆنانەکان و پێکهاتە زمانییەکان و سیستەمەکانی دەنگسازی بە هەردوو جۆریەوە گشتی و تایبەتی Phonology و زانستی مۆرفۆلۆژی Morphology و زانستی مۆرفۆ فۆنیم Morphophonemies و ڕستەسازی Syntax دەگرێتەوە .

**13- کۆزمانەوانی: SocialLinguistics**

ئەم زانستە لقێکە لە زمانەوانی کارەکی کە لە ئارێشەکانی دیالێکتە

جوگرافیەکان و دیالێکتە کۆمەلاّیەتییەکان و کۆمەڵگای دوو زمانی و کاریگەری نێوان زمان و کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە. دەتوانین بڵێین کۆزمانەوانی لێکۆڵینەوەی زمانە لەو لایەنانەی کە پەیوەندی بە هۆکارەکانی کۆمەلاّیەتییەوە هەیە وەك چینەکانی کۆمەڵگا, ئاستی فێرکردن و جۆری فێرکردنەکان, تەمەن, ڕەگەز, بنەچەی ئیتنی ... هتد . لە ڕاستیدا زمانەوانەکان بۆچونی جیاوازیان هەیە دەربارەی ئەو بابەتانەی دەچنە ناو سنوری کۆزمانەوانیەوە . زۆبەیان پەیوەندی کردنی نێوان کەسەکانی کۆمەڵگا دەخەنە ناو لێکۆڵینەوکان کە هەندێ جار بەناوی زمانەوانی تەسك (microsociolinguisties) یان بە زنجیرەی گوتنەکان (speech events) یان بە ڕووداوە قسەییەکان . Sequencing of utterances یان بە کردە قسەییەکان(speech acts) ناوی دەبەن. هەروەها ئەو توێژینەوانەی کە پەیوەستە بەو گۆڕانە زمانیانەی، کە کۆمەڵێك بەکاری دەهێنن و هۆکارە کۆمەلاّیەتییەکان دەچێتە ناو ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانەی کە بە کۆزمانەوانی دەناسرێت. دیسانەوە هەڵبژاردنی زمان لە کۆمەڵگا دووزمانییەکاندا یا چەند زمانییەکان دەچێتە ناو چوارچێوەی کۆزمانەوانی یەوە. هەروەها پلان دانانی زمانی و هەڵوێستی زمانیش بە هەمان شێوە دەچێتە ناو کۆزمانەوانیەوە و زۆر جار بە کۆزمانەوانی و فراوانکراو Macro Linguistics دەناسرێت .

## 14- زمانەوانی سەرهەڵدانی زمان: Lottogomic Linguistics

ئەم زانستە لە کێشەی سەرهەڵدانی زمان دەکۆڵێتەوە, واتە کەی سەری هەڵداوە چۆن گەشەی کردوە و ئەم قالبەی ئێستای وەرگرتووە, زاناو فەیلەسوف و زمانەوانەکان چەندین تیۆرییان دەربارەی سەرهەڵدانی زمان داناوە کە ئایا زمان لە یەك شوێن سەری هەڵداوە یان لە چەندین شوێن, هەروەها کام شێوەی کردە کۆمەلاّیەتیەکان و جەستەییەکان یا توێکارییەکان بەرپرسن لە بنەچەی زمان .

## 15- زمانەوانی هاوڕێیەتی /لێکۆڵینەوە لە دیاردە نازمانییەکان: Para Linguistics

لەو ئاماژە و جولانەی لەش دەکۆڵێتەوە کە هاوڕێیەتی گوتن دەکەن ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە لە توخمی نازمانی دەکۆڵێتەوە وەك تیژی قسەکردن و کۆخین و باوێشك هاتن و گریان و پێکەنین کە ئەمانە چالاکی جەستەیین و وشە و ڕستە نین بەلاّم هەریەکە واتای خۆی هەیە. هەروەها زمانەوانی هاوڕێیەتی بایەخ بە بەکارهێنانی دیاردە نادەنگییەکان دەدات وەك دەربڕینی دەموچاوی, جولەی سەروچاو, هەروەها ئاماژەکردن بە ئەندامەکانی جەستەی لەش کە هەندێ جار بۆ ڕەزامەندی یان ڕوونکردنی واتاو مەبەستی قسەکەر بەکاردێت, ئەم دیاردانەش بە سیماکانی زمانەوانی هاوڕێیەتی (Para Linguistics) دەناسرێن, بۆ نموونە لە زۆر لەو ولاتانەی کە بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن ئاماژەکردن بە سەر لەقاندن لە بری بەکارهێنانی زمان بەکاردەهێنرێت بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی وەك بەڵێ یان ڕاستە یان ڕەزامەندیم لەسەر هەیە , هەندێ جار جولەی سەر لەگەڵ ڕەزامەندی گوتندا بەکار دەهێنن و داکۆکی گوتنەکەیان دەکەن .بەکارهێنانی سیمای زمانی هاوڕێیەتی بەو واتایەی بە kinesics ناسراوە واتە جولەی لەش کە هاوشانە لەگەڵ گوتندا یان جێگەی گوتن دەگرێتەوە . هەندێ لەزمانەوانەکان وای بۆ دەچن کە سیمای زمانی هاوڕێیەتی سیما دەنگییەکانیش دەگرێتەوە وەکو ئاوازەی دەنگ (Ton of Voice) کە هەندێ جار گوزارشت لە هەڵوێستی قسەکەر و گوتنەکانی دەداتەوە . بۆیە دەکرێ بڵێین لێکۆڵینەوە لە زمانی هاوڕێیەتی هەندێ لایەنی دەنگی بگرێتەوە کە دەنگی مرۆڤ دەیگوازێتەوە بەلاّم هەروەك هەندێ لە زمانەوانەکان بۆی دەچن نەك لە ڕێگەی وشەکان یان ئاستی ئاوازەکان یان ئاوازە (ئاوازەی دەنگ, تیژی گۆکردن, پرخە)، هەروەها لێکۆڵینەوەی نیشانەکانی ئاوازەی دەنگ دەگرێتەوەو جۆرەکانی ئاوازە وەلا دەنێت. کە وا باس دەکرێ کە دەچێتە ناو سیستەمی زمانییەوە .زاراوەی پارە زمانەوانی (Para Linguistics) لە داهێنانەکانی تریجەر (Triger) کە ئاماژە بە هەندێ لایەنی دیاریکراوی

زانستی دەوروبەری زمانی دەکات واتــە (Metalinguistics) میتـا زمانـەوانی, کەواتە ئاماژە بۆ ئەو بەشەی کردەی گوتن دەکات کە سیمای ڕۆنانی زمانی نییە, واتە گۆڕانکاریەکان وەك ڕێگا کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان , ئاماژەکانی جەســتە , دەربڕینی دەم وچاو, گۆڕانەکانی دەنگی ...هتد .

**16- زمانەوانی دەماری : Neuro Linguistics**

زانستێکە لە پەیوەنـدی نێـوان دەمارەکـان و زمـان, شـلەژاوی زمـانی و دەماری دەکۆڵێتەوە, دەتوانین بڵێین پەیوەستە بەو ئەرکەی کـە مێـشك ئـەنجامی دەدات لە فێربوونی زمان و بەکارهێنانیدا . هــەروەها لــە چـۆنیەتی کاریگــەری مێشك لە فێربونی زماندا دەکۆڵێتەوە, لێکۆڵینەوەکان لە چۆنیەتی عەمبارکردنی زمان لە زاکـیرەدا و لــە چ شـوێنێك لـە ناوچـەکانی مێـشك عـەمبار دەکرێـت دەگرێتــەوە. توشـبونی مێـشك چ کاریگەریــەکی دەبێــت لــە ســەرزماندا یــان بەکارهێنانی زمان وەك نەخۆشیەکانی گیران - ئەفازیا (aphasia) .

**17- زمانەوانی پێوەری Normative Linguistics**

لقێکی زمانەوانی یە لە زمان دەکۆلێتەوە بـەو مەبەسـتەی کـە هەنـدێ پێوەر دادەنێت بۆ پاراستنی زمان لە بەکارهێنانی نادروست. ئەم زاراوەیـەش لـە ژمارەیەك لە قوتابخانە زمانەوانیـەکان بـەکارهاتووە کـە وای بـۆ دەچـن ئـەرکی زمانــەوان و ڕێزمــاننووس دانــانی هەنـدێ پێـوەری دیـاریکراوە بـۆ زمانەکـە و کارکردنیانە لە پێناو پاراستنی ئەم پێوەرانە، دەکرێ بلـێین ئـەم بۆچـوونە تـەواو بەرامبەر بە زمانەوانی وەسفی دەوەستێت (Descriptive Linguistics)

**18- زمانەوانی نوێ : Neo Linguistics**

ئەو لێکۆلینەوە زمانیانە دەگرێتەوە کە هەندێ لە زمانەوانە ئەلمانیـەکان و ئیتالیەکان ئەنجامیان دا کە بیرەکانی ڕێزماننووسە نوێکانیان ڕەفز کردەوە، واتـە دژی کارل بروجمان Karl Brugman کەوتن کە لە زانکۆی لایبزیك کـاری دەکـرد کارل بروجمان دەیگوت لە یاسا دەنگیەکاندا ناوێزە و بیژۆك نییە، دیـسانەوە ئـەو ڕێزماننووسانە بـە قوتابخانـەی لایبزیـك Leipzig school، Junggrammatiker

ناو دەبران. هەندێ لە زمانەوانەکان ئەم دەستەیە بە NeoLinguists زمانەوانە نوێکان ناو دەبەن.

## 19- زمانەوانی هەرێمی - جوگرافی Linguistics Area

لقێکە لە زمانەوانی لە پۆلین کردنی دیالێکتەکان و زمان لەسەر بنەمای جوگرافی دەکۆلێتەوە، هەروەها لە شێوەی دابەشبوونی دیالیکتەکانی زمان و جیاوازی نێوان دیالێکتەکان دەکۆڵێتەوە، شایانی باسە ئەم لقە بە جوگرافیای دیالێکتەکان و جوگرافیای زمانیش Linguistic Geography ناسراوە. زارەوەی زمانەونی هەرێمی/جوگرافی زاراوەیەکە بەسەر ئەو لێکۆلینەوانەدا دەسەپێنریت کە لە زمان و دیالێکتەکانی ناوچەیەکی دیاریکراو دەکۆلێتەوە بۆ نمونە دوو زمانی دراوسێ چەند کاریگەریان بەسەر یەکەوە دەبێت، ئایا لە رووی رێزمان و وشەکاندا چەند کار لەیەك دەکەن یان لە گوتن دا چۆن کار لە یەکتری دەکەن.

## 20- زمانەوانی بایۆلۆجی Bio Linguistics

لێکۆلینەوەی زمانە لەسەر ئەو بنەمایەی کە چالاکیەکە لایەنی بایۆلۆجی مرۆڤ کۆنترۆلی دەکات لەگەل داکۆکی کردن لەسەر فسیۆلۆجی و دەماری و سیمای کۆرپەلەکان و بۆماوەکان ( الجینات). ئەم لقە لە ئەنجامی هەول و کۆششی زمانەوان جۆرج زیف George Zipf سەری هەلّدا، کە بایەخ و گرینگی یەکی زۆری بە تیۆری بایۆلۆجی دەرونی دەدا. هەروەها بانگهێشتەی ئەوەی دەکرد کە لقێکی تایبەت بە زمانەوانی بایۆلۆجی دابنرێت کە دیاردەی زمان بگرێتەوە لەو لایەنانەی کە پەیوەندیان بە رەوشتی مرۆڤەوە هەیە لە کردەی پەیوەندی کردندا. ئەو کردەیەش پشت بەلایەنی بایۆلۆجی دەبەستێت . ئەم پێشنیازەش لەراستیدا بۆ ئەوە بوو کە لێکۆلینەوە فسیۆلۆجیە دەمارییەکان دیاریکراوەکان بخرێتە ناو چوار چێوەی توێژینەوەکانی زمانی .

**21- زمانەوانی کلینیکی (عیادی ): Clinical Linguistics**

زانستێکە لە چارەسەرکردنی کـەم و کورتیـەکانی گـوتن دەکۆڵێتـەوە لـە ڕێگای سوود وەرگرتن لە زانستی پزیشکی و زانستی زمان. واتە چـۆن ئـەم دوو زانستە بەیەکەوە هەوڵ دەدەن بۆ چارەسەرکردنی کەم و کورتیـەکانی گـوتن یـان نەخۆشیەکانی گوتن .

**22 زمانـــەوانی مێـــژوویی بـــەراوردکاری: Comparative Historical Linguistics**

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی کە لە گۆڕانکاریە زمانیەکان و پەیوەنـدی نێوان زمان دەکۆلێتەوە. لە ڕێگای بەراوردکردنی ڕێژەی کۆن و نویٚ ی زمانێك و بەراورد کردنی زمانە جیاوازەکان گەیشتنە ئـەو ڕاسـتی یـەی کـە هەنـدێك لـە زمانەکان پەیوەندییان لەگەل یەکتردا هەیە بۆ نمونە زمانـە هینـدۆ ئەوروپیـەکان هەروەها لە بەراوردکردنی زمانەکان توانیان ڕێژەیەك و زمانێك بنیات بنـێن کـە وای بۆ دەچوون ئەم زمانە بەکارهاتووە پێش ئەوەی تۆمار بکرێت و بنووسرێتەوە بەلاٌم لە راستیدا ئەوەیان شێوازێکی زمانەکە بوو، لەبەر ئەوەی زۆر پـشتیان پـیٚ نەدەبەستا .

**23- زمانەوانی بەرامبەری Contrastive Linguistics**

ئەم لقە لە زمانەوانیدا لە لایەنی لێکچو و جیاوازی نێوان ئەو زمانانـەی کە سەر بـە یـەك یـان هـەمان خێزانـە زمـانی نـین لێکۆلینـەوە دەکـات. ئـەم لێکۆلینەوانـەش لـە ئاسـتەکانی دەنگـسازی بەهـەردوو لایـەنی یـەوە تایبـەتی (فۆنۆلۆجی) و گـشتی (فۆنـەتیك) و ووشەسـازی و ڕێزمـان و واتاسـازی ئـەنجام دەدرێت بۆ مەبەستی فێرکردنی یەکێك لەو دوو زمانە و بە کارهێنانی لە بـواری زانستیدا. یەکێك لەو پێناسانەی کە بۆ زمانەوانی بەرامبەری دانراوە هی یترجرە ( G.L.Trager:1949:6 ) کە دەلێت: ئەو چالاکیەیە کە بایـەخ بـە دەرخـستنی جیاوازی و لێکچووی رۆنانی نێو سیستەمەکانی زمـان دەدات، کـە جوگرافیـای دیالێکتەکان و زمانەوانی مێژوویی و گەشەی زمانی مندال دەگرێتە خۆ .

**24- زمانەوانی فێربوون- گەشەکردن: Developmental Linguistics**

ئەمەیان لقێکە لە زمانەوانی دەروونی کە لێکۆلینـەوە لـە نـەش و نمـای

زمانی دەکات و منـدال چـۆن زمانەکـەی خـۆی وەردەگرێـت و فێـری دەبێـت. هەرچەندە زاراوەکە زاراوەیەکی تایبەت بە وەرگرتنی منـداڵ زمانەکـەی دایـك و فێربوونییەتی، بەلاّم هەندێ زانستی تر بەشداری لەگەڵدا دەکات وەك دەروونناس، زمانـەوانی و بـایۆلۆجی و پزیـشکی. کـە لـە قۆناغـەکانی وەرگرتنـی زمـان و فێربوونی دەکۆڵێتەوەو لە قۆناغی گروگال دەست پی دەکات تـا دەگاتـە زمـانی منداڵ، هەروەها لـەو ڕێـك خـستنانە دەکۆڵێتـەوە کـە منـداڵ وشـە و ڕۆنـان و توخمەکانی تر فێردەبێت و ڕێکیان دەخات . دیسانەوە چەند خاڵێـك لەبـەر چـاو دەگیرێت لەوانە ئایا زمان غەریزەیە، یان جیهانیە یان گشتی یـە کـە لـە نێـوان هەموو زمانەکاندا وەك یەکە وەك یەك فێری دەبین یان لە ڕێگای فێربوونەوە یـان فێرکردنێکی ڕێك و پێکەوە فێری دەبین ئەو هۆکارانە، واتە هۆکاری کۆمەلاّیەتی و هزری کە هاندەرمانە و یارمەتیمان دەدات بۆ گەشەکردنی زمانەکە یان ڕێگـە گرتنی لە گەشـەی زمانەکـە چین و چـۆن فێـرە زمانەکـەمان دەبـیین . ئەمانـە هەموویان تەوەرەکانی زمانەوانی گەشەکردنن .

### 25- زمانەوانی کارلێك: Dia Linguistics

لقێکە لە زمانەوانی لە پەیوەندی نێوان زمانە جیاوازەکانی نێو کۆمەلگایەك بە مەبەستی دەست نیشانکردن و سەلماندنی بـوونی دوو زمـانی Bilingualism لە نێوان قسەکەرانی کۆمەلگاکە یان نەبوونی لێکۆلینەوە دەکات

### 26- زمانەوانی جیاوازی: Differential Linguistics

زمانەوانی جیـاوازی لێکۆلینـەوە لـە نێـوان دوو زمانـدا ئـەنجام دەدات بـە مەبەستی دەرخستنی جیاوازی نێوان ئەو دوو زمانە لە ڕووی چەمکەکانەوە واتـە تەنیا ئەو لایەنە دەگرێتەوە کە تایبەتە بە چەمکەکان وجیاوازیان لـە نێـوان ئـەو دوو زمانەدا.

### 27- زمانەوانی جوولەیی- داینامیکی : Dynamic Linguistics

زاراوەی داینامیکی لە لایەن فردیناند دی سۆسێر بەکار هاتووە بە مەبەستی زمانەوانی مێژوویی، چونکە ئەم لقە لە گەشەی زمان دەکۆڵێتەوە .

### 28- کۆ زمانەوانی جوولەیی- داینامیکی- Dynamic Socio Linguistics

ئەمەش لقێکە لە کۆ زمانەوانی - زمانەوانی کۆمەلایەتی - کە لە هۆکارەکانی گۆڕانی هەڵوێستی قسەکەر یا کۆمەڵ بەرامبەر بە هەندێ بەکارهێنانی زمانی دەکۆڵێتەوە .

**29- زمانەوانی پەروەردەیی: Educational Linguistics**

لقێکە لە زمانەوانی کارەکی لە پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردە و زمان و فێرکردن دەکۆڵێتەوە . ئەم زاراوەیەش لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکار هاتووە بۆ ئاماژە کردن بەم لقە لە زمانەوانیدا.

**30- زمانەوانی فێرکاری: Pedagogical Linguistics**

لقێکە لە زمانەوانی گرنگی دەدات بە چاککردن و بەرەو پێش بردنی توانایی فێربوون لای قوتابیان بە هۆی بەستنەوەی زمانەوانی و مل کەچ کردنی بە گەشەی فێرکردنی زمانەکانەوە. هەروەها بەستنەوەی زمانەوانی بە کردەی فێرکردن لە قوتابخانەکان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی فێرکردن دەبنەوە. لەم بوارەدا چەندین ڕێگا پێشنیاز دەکات بۆ فێرکردن بە پێی گەشەکردنی قوتابخانە زمانەوانیەکانەوە.

**31- دووای زمانەوانی: Exo Linguistics**

لقێکە لە زمانەوانی بە دووای ئەو دیاردە نازمانیەی کە پەیوەستن بە زمانەوە دەگەڕێت. وەك پەیوەندی نێوان زمان و شارستانیەتی، واتا جیاوازەکانی کۆمەلآیەتی بۆ جیاکردنەوەی زمانەکان لە یەکتر. هەروەها ئەم لقە بەناوی میتا زمانەوانی Meta Linguistics ڕۆیشتووە، کە بۆیە یەکەم جار ماکمیلانی زمانەوان Mc Millan ئەم زاراوەی بەکارهێناوە بۆ ئاماژەکردن بە Meta Linguistics .

**32- زمانەوانی گەشەیی: Evolutionary Linguistics**

ئەم زاراوەیە فردیناند دی سۆسێر بەکاری هێناوە بۆ ئاماژەکردن بە زمانەوانی مێژوویی دایکرۆنی Diachronic Linguistics – (بروانە 6) .

**33- زمانەوانی دەروونی کارەکی: Experimental Psycholinguitics**

بەکارهێنانی تاقیگە و تاقیکردنەوەی زانستی لە بواری زمانەوانی دەروونیدا بابەتی لێکۆڵینەوەکانی ئەم زانستەیە.

**24- زمانەوانی لێکدانەوەیی: Explicative Linguistics**

ئەم جۆرە زمانەوانیە یەکێکە لە تیۆریەکانی زانستی زمان، گرنگی یەکەی لەوە دایە کە دەلێت دەکرێ لە ڕێگای لێکدانەوەی ڕۆنانی کردە مێژوویییەکان گۆڕانکاری زمانی دەست نیشان بکرێت، هەروەها بەتوندی دژی ئەو هەڵوێستە نەگەتیڤانە دەوەستێت کە دەڵێ ناتوانین لە هۆکارەکانی گۆڕانی زمان بگەین یان لێکیان بدەینەوە .

**35- زمانەوانی دەرەکی: External Linguistics**

ئەو لقەی زمانەوانیە کە لە پەیوەندی زمان و هۆکارە نازمانیەکان دەکۆڵێتەوە. بە واتایەکی تر لێکۆڵینەوەی زمانە بەو پێ یەی کە چۆتە ناو هۆکارەکانی مێژوویی و ئەتنۆلۆجی و ئابووری و ئاین ... هتد . فردیناند دی سۆسێر جیاوازی لە نێوان زمانەوانی دەرەکی و زمانەوانی ناوەکی دا دەکات. هەر لە ڕێگای زمانەوانی دەرەکی یەوە لەو جۆرە لێکۆلینەوانەی پەیوەندیان بە وشەو شتەکانەوە هەیە تێدەگەین . دی سۆسێر لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیای دیالێکتەکان دەبەستێتەوە بە زمانەوانی دەرەکی یەوە . یەکێ لە زمانەوانەکان بەناوی پای (Pei ) وای بۆ دەچێت کە زاراوەی زمانەوانی دەرەکی هاو واتایە لەگەڵ زاراوەی زمانەوانی مێژوویی لای سۆسێر .

**36- زمانەوانی کێڵگەیی: Field Linguistics**

لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا کە بە زمانەوانی کێڵگەیی دەناسرێت زمانەوان زانیاری و دێتا لە بەرهەمی نووسراو و بلاوکراوەوە کۆ ناکاتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی پشت بە ڕێگای پەیوەندی کردنی راستەوخۆ بە قسە پێکەرانی زمانەکەوە دەبەستێت، لە ڕێگای ئەمانەوە زانیاری دەربارەی زمانەکە کۆدەکاتەوە کە ئەمەش ڕاستەوخۆ لە گۆڕەپانی زمانی یان لە ڕێگای یەکێ لە قسە پێکەرە بنجیەکانی زمانەکەوە یان کۆمەڵە قسە پێکەرانی زمانەکەوە لە هەر کوێ یەك بێ ئەنجام دەدرێت .

## 37- زمانەوانی فۆلكلۆری: Folk Linguistics

لێكۆڵینەوەی چەمكە باوەكانی زمانە لە ناو كۆمەڵگای زمانی لە بیرو بۆچوونەكانی جەماوەر بە تایبەتی ئەوانەی پسپۆڕ نین لە بواری زماندا دەكۆڵێتەوە. بە واتایەكی تر لە ڕووی خەملاندنی زمان یان بۆچوونی تایبەت بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك لەبەردەستیان هەبێت دەربارەی ئەسل و ڕەچەڵەكی زمان بەگشتی زمان زمانێكی دیاریكراو . هەندێ لە كۆمەڵگاكان بۆچوونی تایبەتیان هەیە و تەنانەت داستانی تایبەتیشیان هەیە دەربارەی زمان و ئەسلی زمانەكە بە تایبەتی ئەڵمانەكان و چینەكان و جولەكەكان هەریەكە داستانی تایبەتی هەیە كەزمانەكەی بە زمانی یەكەم دادەنێت هەر نەبێ بەلای میللەتەكانیانەوە پەسەندە و ڕێزی لێدەگرن ، هەندێ جاریش فۆلكلۆری زمان لە نرخ و بایەخی هەندێ زمان كەم دەكاتەوە لەسەر حیسابی زمانانی تر یان هەندێ دیالێكت بە چاوێكی سووك سەیریان دەكات ، ئەم بابەتانە هەمویان دەچنە ژێر لێكۆلینەوەكانی زمانەوانی فۆلكلۆریەوە .

## 38- زمانەوانی جوگرافی: Geo Linguistics

ئەم زانستە لە زمان دەكۆڵێتەوە لە ڕوانگەی دابەشكردنی جوگرافی و دانیشتوانی و كاریگەری زمانەكان یان دیالێكتی زمانەكان بە سەریەكدا . گرینگترین شت لە بواری لێكۆڵینەوەكانی زمانەوانی جوگرافی لەوە دایە كە لە زمانەكاندا دەكۆڵێتەوە لەو بارانەی كە تێیدان ، هەروەها ئاماژە بە ژمارەی قسە پێكەرانی زمانەكان و دابەشكردنی جوگرافی گرینگی ئابووری و زانستی و ڕۆشنبیری دەدات . سەرەڕای ئەوەش هەوڵ دەدات لە ڕێگای شێوە جیاوازەكانی زمانەكان واتە شێوەی گوتن و نووسین لێكۆڵینەوەكانی ئەنجام بدات . شایانی تێبینیە كە دەبێ زاراوەی زمانەوانی جوگرافی لەگەڵ جوگرافیای زمان كە زمانەوانە ئیتالیەكان بەكاری دەهێنن تێكەل نەكرێت .

## 39- زمانەوانی بەرهەم هێنان و گوێزانەوە: Generative Transformation Linguistics

لەو تیۆریە زمانیە دا وا گریمانە دەكرێ كە هەموو ڕستەیەك دوو ڕۆنانی هەیە

ڕۆنانی ژێرەوە یان ناوەوە ، ڕۆنانی دەرەوە یان سەرەوە هەروەها گریمانەی ئەوە دەکرێ کە هەندێ یاسای گوێزانەوە هەن کە ئاستی ژێرەوە دەگۆڕن بۆ ئاستی سەرەوە یان ئاستی ژێرەوە گرێ دەدەن بە ئاستی سەرەوە یان دەیگەێنن بە ئاستی سەرەوە .

## 40- زمانەوانی ناوەوە - ناوەکی: Immanent Linguistics/Internal Linguistics

لقێکە لە زمانەوانی بەوە ناسراوە کە پێناسەی زمان لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی یان گریمانەکانی ناوەوەی تایبەت بە خۆی دەکات ، ئەم لقە لە لێکۆڵینەوەکانی زمانیدا بەستراوە بە زمانەوانی ئەلمانی هلمسلیف Hjelmslev . تایبەت مەندی ئەم لقە لە زمانەوانیدا لەوە دایە کە تەنیا لە زمان دەکۆڵێتەوە وەکو بابەتێکی سەربەخۆ و دابڕاو بێ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر سیما نازمانیەکانی وەك مێژوو یان دەروونناس یان کۆمەڵناسی .....هتد . بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین زمانەوانی ناوەوە یان ناوەکی تەنیا لێکۆڵینەوە لە ئاستەکانی زمان ڕاستەوخۆ دەکات بێ ئەوەی پشت بە هیچ شتێك ببەستێ جگە لە یاساکانی زمان . زۆر جار بە زمانەوانی وەسفی و زمانەوانی ڕۆنانیش ناو دەبرێت بەراوردی بکە لەگەل ( 35 ) دا زمانەوانی دەرەکی .

1- زمانەوانی رامیاری 2- زمانەوانی دەزگاکان

ئەم دوو زاراوەیە بۆ دوو واتا و چەمکی جیاواز بەکار دەهێنرێت

1- لێکۆڵینەوەیەك بایەخ بە دۆزینەوەی زمانێکی یەکگرتوو دەدات یان پشتگیری دەکات لە جۆرە نووسینێکی یەکگرتوو بۆ میللەتێك کە بە چەند زمانی جیاواز قسە دەکەن .

2- لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات لەسەر بنەمای پەیوەندی بە بەکارهێنەری زمانەکە لە بواری چالاکیەکانی ژیانیدا ، دەکرێ سوودێکی باش لەو جۆرە لێکۆڵینەوانە وەربگیرێت لە بواری هەڵسەنگاندنمان بۆ ڕووداوەکانی جیهان و ڕادەی تێگەیشتنمان بۆ ئەو ڕووداوانە . بۆ نمونە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە لایەن هەندێ لەو زانایانەی کە باسی زانست دەکەن لە نێو خۆیاندا . کە دەکرێ ئەم زمانە بایەخێکی باشی لە زمانەوانیدا پێ بدرێت ، هەندێ جار پرسیاری وا

دەکرێت کە زمانی زانست جیایە لە زمانی فەلسەفە یان ئەدەب یان ئەدەبی میللی یان چۆن زمانی زاناکانی بایۆلۆجی لەگەڵ زمانی کیمیازانان جیاوازە ئایا زمانی فەرمانبەرانی بانکەکان لەگەڵ پسپۆرەکانی بواری ئابوری یەکەیان جیاوازە ، ئەو جیاوازیانە لەچی دایە ؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ڕێگامان بۆ خۆش دەکات تا بزانین ئێمە چۆن زمان لە نێوماندا بەکاردەهێن . وەلاّمدانەوەکە چوار چێوەی زمانەوانی دەزگاکانمان بۆ دەستنیشان دەکات کە لقێکە لە شێوازناسی Stylistics.

## 41- زمانەوانی پەیوەندی کانی زمانی: Inter Linguistics

لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریە لە نێوان دوو زمان یان زیاتر بۆ دۆزینەوەی توخمە هاوبەشەکان و جیاوازەکان ، بە مەبەستی دروستکردنی زمانێکی نێو دەوڵەتی وەکو زمانی ئیسپرانتۆ ، بۆ ئەوەی لە بواری فێرکردنی زمان و وەرگێڕاندا یان لە بواری توێژینەوە دا سوودی لێ وەربگرین .

## 42- زمانەوانی زانستی زمان: Linguistic Linguistics

لێکۆڵینەوە لە زمان لە ڕوویێکی تیۆریەوە بێ ئەوەی تێکەڵ بە زانستەکانی تر بکرێت زۆر جار ئەم لێکۆلینەوانە بە زمانەوانی تیۆری ناو دەبرێت بۆ ئەوەی لە زمانەوانی کارەکی جیا بکرێتەوە .

## 43- زمانەوانی ماتماتیکی: Mathematical Linguistics

ئەو لقەیە لە زمانەوانیدا کە کردە ماتماتیکیەکان لە لێکۆڵینەوە زمانیەکاندا بەکار دەهێنێت . بۆ نمونە لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی ئاماری ، ئاماری شێوازی ، زانستی پێوەری تەمەنی زمان ، یان ئەو زمانەی لە کۆمپیوتەردا بەکار دەهێنرێن . دیسانەوە ئەو لقەیە لە لێکۆڵینەوەکانی زمانی کە هۆکارەکانی ژمێریاری لە توێژینەوەکانی ڕۆنانی زمان بە هەردو جۆریەوە نووسراو و گۆ کراو بەکار دەهێنێت . لێکۆڵینەوەکانیش لە دووبارە بوونەوەی یەکە زمانیەکاندا دەپێویَ و ئاماریان بۆ دادەنێت یان لە لێکۆڵینەوەکانی شێوازی دا دەست

نیشانیان دەکات . شایانی تێبینــی یــە زاراوەی زمانــەوانی ماتمــاتیکی بــۆ دوو چەمکی جیاواز بەکاردەهێنرێت یەکەمیان زمانەوانی ڕادەیی یە Quantitive Linguistics کە قەبارەی ژمارەیی لــە بەرچــاو دەگرێــت کــە زۆر جــار بــە زمانەوانی ئاماری ناو دەبرێت Statistical Linguistics چەمکی دووەم بۆ بەکار هێنانی هێماکاری بە کاردێت ، واتە ئــەو کردارانــەی کــە لەســەر ئــەم هێمایانە ئەنجام دەدرێت ، لێرەدا ماتماتیك بۆ هەمان واتای لۆجیکی ماتمــاتیکی بەکاردێت ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەش بە algorithmic واتــە ژمێریــاری یــان جەبری algebraic ناو دەبرێت. شایانی تێبینیە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانــە لــە بواری فێرکردنی زمانەکانی بیانی و دووان لەگــەڵ ئامێرەکــان بــە بــەکارهێنانی زمانی مرۆیی و وەرگێڕانــی ئــامێری لــە زمانێکــەوە بــۆ زمــانێکی تــر بــەکار دەهێنرێت، چونکە بەبێ پــەنابردن بــۆ ژمارەکــان نــاکرێ ئاریــشەکانی زانــستی چارەسەر بکرێت .

## 44- زمانەوانی ئامێری: Mechanistic Linguistics

زمانەوانی ئامێری بەرامبەر بە زمانەوانی هزری دەوەستێت چــونکە لــە بــنج دا پشت بە دێتا زمانیە راستەقینەکان دەبەســتێت و پــشت لــە لێکدانــەوەی تاکــە کەسی و بۆ چــوونە تــاکی یــەکان دەکــات . لــەم زانــستەدا کۆمپیوتــەر بــەکار دەهێنرێت لە بواری راژەکردنی زمان و هێماکاریدا .

## 45- زمانەوانی هزری: Mentalistics linguistics

لێکدانەوەی زمان بە پشت بەستن بە لێکدانەوەی بۆ چوونی تاکــە کەســی ، نــەك دێتا زمانیە راستەقینەکان ، چونکە لێکۆڵینەوەکان زیاتر لەسەر مەزەنــدەکردنی کەسی دەوەستێت . لێرە ئاماژە بە دوو لێکۆڵینەوە دەکرێت :-

1- زانستی دەوروبەری زمان 2- میتا زمانی Meta linguistics واتە زمانی لێکدانەوەیی .

یەکەمیان کە زانــستی دەوروبــەری زمانــە لێکۆڵینــەوە لەســەر ئــەو دیاردانــەی پەیوەستە بە زمان وەك واتاکانی کۆمەلایەتی کــە جیــاوازی نێــوان زمانــەکان و

پەیوەندی نێوان زمان و شارستانیەتی و سیما دەنگی یە نامۆکان دەکات .
هەروەها زانستی دەوروبەری زمان لە پەیوەندی زمان و یاساکانی تری ناو کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە بەتایبەتی ئەو ڕەوشتەی کە ڕۆشنبیری کۆمەڵگایەك دەست نیشانی دەکات . لێرەدا ئاماژە بە پێناسەکەی زمانەوان لوێد Liod دەکەین کە دەڵێت : (ئێمە لە گوتن و نووسینی ئەو کەسانە دەکۆڵێتەوە کە لە کۆمەڵگادا بەرچاومان دەکەوێت ، واتە چۆن قسە دەکەن و چۆن دەنووسن و چ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر بە دیاردەکانی کۆمەڵگاوە هەیە). دەتوانین بلێین ئەو لقەیە لە زمانەوانیدا کە لە پەیوەندی نێوان زمان و سەرجەم لایەنەکانی تری ڕۆشنبیری دەکۆڵێتەوە هەر ئەو پێناسەیەش لای ( سمیت و تراگر Smith and Trager ) پەسەند کراوە . دووەمیان کە میتا زمانیە واتە زمانێکی لێکدانەوەیی بە پێ ی تیۆریەکەی ( هلبرت Hilbert ) بەکارهێنانی زمانە بۆ دەرخستنی لایەنی فەلسەفی و لۆجیکی و وەسف کردنی زمانەکە بەپێ ی ماتماتیك و فەلسەفە ، واتە بەکارهێنانی زمان بۆ وەسف کردنی زمان ، ئەوەیە زۆر جار بە زمانەوانی لێکدانەوەیی بەکار دەهێنرێت . واتە لێکۆڵینەوە لە زمانێك کە بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفی زمانێکی تر . بە پێ ی بۆچوونەکەی (( تراگر )) ئەم زاراوەیە بۆ ئەوە بەکاردێت پاش ئەوەی کە زمان لە ڕێژەو ڕۆنان و یاسا تایبەتیەکانی دادەبڕێت . ئەوەی کە دەمێنێتەوە دەبێتە چەقی لێکۆڵینەوە. واتە زمانەوانی ورد یان بچووك لە دەنگە زمانیە تایبەتیەکانی پێش زمان Prelinguistics کە لقێکە لە زمانەوانی فراوان Macro Linguisticsدەکۆلێتەوە.

46- زمانەوانی شیتاڵکاری/پارامیێتری: Parametric Linguistics
لقێکە لە زمانەوانی کە زمان شیتاڵ دەکات بۆ گۆڕاوە بەرجەستەییەکانی وەك ئاوازە ، جوولەی زمان ، جولەی لێوەکان . . . هتد .

47- زمانەوانی فەلسەفی: Philosophical Linguistics
لە زمان دەکۆلێتەوە لە روانگەی فەلسەفییەوە .واتە لێکۆلینەوەی یاساکان و واتاکانی زمان لە رووی فەلسەفییەوە دەکات.

**48- زمانەوانی ڕامیاری: Political Linguistics**

لە سالی 1975 زمانــەوان بــل . ج . ڤ . د Bell.J.V.D
ئەم زاراوەیەی بەرانبەر بە کاریگەری ڕامیــاری لەســەر بــەکارهێنانی زمــان یــان زمــانێکی دیــاریکراو لــە کۆمەڵگایــەکی فــرە زمــانی بــەکارهێنا و. بــەو لقــە لێکۆڵینەوانە دەوترێ زمانەوانی رامیاری .

**49- زمانەوانی پراکتیزەیی: Practical Linguistics**

لە سالی 1925 زمانــەوان ( کــۆلیتز . هـ Collitz.H ) ئــەم زاراوەیــەی بەکارهێنا بۆ ئاماژەکردن بەزانستی زمانەوانی کارەکی( بڕوانــە (1) زمانــەوانی کارەکی ) .

**50- زمانەوانی پراگماتیکی: Pragma Linguistics**

زاراوەیەکە بۆ ئاماژەدان بە لێکۆڵینەوەکانی زمان لە ڕوانگــەی توانــایی ڕۆنــانی زمانێك بەکاردەهێنرێت ، ئــەم زاراوەیــە جیــاوازە لــە زاراوەی لێکۆڵینــەوەکانی پراگماتیکی Pragmatic Studies کــە لــە مەرجــەکانی بــەکارهێنانی زمان لە بۆنە کۆمەلایەتیەکان و هەلۆێستە کۆمەلایەتیەکان بــەکاردێت . ئــەوەی کە ناسراوە بە Socio pragmatics واتە پراگماتیکی کۆمەلایەتی .

دەتوانین بلێین مەبەست لە پراگماتیك لێکۆڵینەوەیە لــە بــەکارهێنانی زمــان لــە کاتێکدا زاراوەی ((سینتاکس)) ڕستەسازی بۆ لێکۆڵینــەوە لــە پەیوەندیــەکانی نێــوان وشــەکان واتــە وشــەکانی ڕســتە بــەکاردەهێنرێت . هــەروەها واتاســازی Semantics بۆ لێکۆڵینــەوەکانی واتــا بــەکاردێت . دەتــوانین بلــێین زاراوەی پراگماتیك تایبەتە بە لێکۆڵینەوەکانی زمــان لــە ڕوانگــەی ئــەرکی یــەوە ، بــە واتایەکی تر لێکدانەوەی ڕۆنانەکانی زمانی لە ڕێگای ئاماژەکردن بە هۆکارەکانی نا زمانی ئەو چوار چێوانەی کە گوتنەکەی تیدا بەکار هاتووە . پێویستە جیاوازی لە نێوان واتاسازی Semantics کە لە واتا دەکۆلێتەوە بێ ئەوەی گــوێ بــە چوارچێوە بدات واتە ئەو واتایەی کە لە فەرهەنگدایە نەك ئەوەی لە چوارچــێوەی بەکارهێنانــــدا دەســــت دەکــــەوێت ، پراگماتیــــك Pragmatics لــــە پەیوەندیەکانینێوان زمان وئەو ژینگەو چوار چێوەیە دەکۆلێتەوە کە پێویستە بــۆ تێگەیــشتنی زمانــە گۆکراوەکــە واتــە گوتنەکــە.. یەکــەم کــەس کــە زاراوەی

پراگماتیکی بـەکارهێنا چارلس مـوریس ( Charles Morris ) بـوو کـە دەیویست هیلی بەرین وپان بۆ شێوە گشتی یەکانی زانستی هێمـا و نیـشانەکان Semiotics , Signs دابنێ . لە بواری هێماکاندا مۆریس جیـاوازی لـە نێوان سێ لق لە لێکۆڵینەوەکاندا کرد .

1- لێکۆڵینـەوە لـە سیـستەمەکانی زمـان Syntactics یـان سـینتاکس Syntax کە تایبەتە بەو لێکۆڵینەوانەی کە پەیوەندی ڕوخساری نێوان هێماکان بە دیار دەخات .

2- واتا سازی Semantics کە لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان هێماکان و ئەو شتانەی کە هێماکانی بەسەر پیادە دەکرێ . واتە ( واتاکان ، ناو لێنراوەکان یان مەبەستی وشەکان )

3- پراگماتیك Pragmatics کە بریتی یە لەو لێکۆڵینەوانەی کە لـە نێـوان هێماکـــان و لێکدانـــەوەی هێماکـــان دەکرێـــت بروانـــە ( Chales W.Morris,,Foundation of the theory of signs . 1938)

51- زانستی بەر لە زمانەوانی: Pre Linguistics

مەبەست لە یەکەم ئاستە لە زانستی زمان کە تایبەتە بە دەنگەکان و ( تریجـر ) وای بۆ دەچێت کە دەنگسازی یە و زانستی دەنگی فیزیکی یە acoustics . ئەم لقە گرنگی بەو لێکۆڵینەوانە دەدات کە لە سـەر جەسـتە و بـایۆلۆژی مـرۆڤ دەکرێت بە تایبەتی لەو ڕوانگانەوە کە زانیاری تایبەت بـە خۆیـان ڕێـك دەخـەن لەسەر شێوەی سیستەمی زانیاری کە زمانەوان سودیان لێ وەردەگرێـت ، لەسـەر ئەم بنەمایانە زانستی بەر لە زمانەوانی ئەم بەشانە دەگرێتەوە :-

1- فسیۆلۆژیای گوتن

2- دەنگەکانی زمان بەو پێ یەی کە هەرایە ( صوصاو) بەلای ( تریجر و هیل )

3- بەپێ ی بۆ چوونی ( تریجر ) ڕووداوەکانی لەش و بایۆلۆژی ( واتە زمانەوانی بیستن و درکاندن)

ڕێـك و پێکـە چـونکە بنـەمای زمانـەوانی بـچووك یـان تەسـك Micro Linguistics بنیات دەنێـت لـە سیـستەمێکی گـەورەتر کـە تایبەتـە بـە زمانەوانی فراوانکراو یان بەرین Macro Linguistics

**52- زمانەوانی گریمانەیی/ پێوەری: Prescriptive Linguistics**

زانستێکە بایەخ بە وەسف کردنی زمان وەك کە پێویستە دەدات ، نەك وەك خۆی کە هەیە .

**53- زمانەوانی بەرنامەیی: Procedural Linguistics**

لقێکە لە زمانەوانی کە بایەخ بە ڕێگاکانی توێژینەوە لە زانستی زمان دا دەدات.

**54- زمانەوانی پاراو: Pure Linguistics**

ئەو لقەیە لە زمانەوانی کە لە خودی زمان دەکۆڵێتەوە بێ ئاماژەکردن بە مێژووی زمان یان مێژووی سەرهەڵدانی یەکەکان و ڕۆنانی زمانەکە .

55- زمانەوانی چەندی/ماتماتیکی: Quantitive Linguistics

ئەو لقەی زمانەوانی یە کە لە زمان دەکۆڵێتەوە بە پشت بەستن بە هۆکارەکانی ژمێریاری ، واتە شێوازەکانی بیرکاری لە لێکۆڵینەوەکانی زماندا بەکار دەهێنێت .

**56- زمانەوانی شوێنی: Spatial Linguistics**

ئەو لقەیە کە لە ڕێژەکانی وەسفی وەك ئەو ڕێژانەی کە لە ئەتلەسی زمانیدا بەدی دەکرێت دەکۆڵێتەوە بەمەبەستی گەیشتن بە ڕووداوەکانی رابردوو . ئەتلەسی زمانی یان وێنەدار ئەو نەخشانە دەگرێتەخۆ کە ناوچە جوگرافیەکان و سیما زمانیەکانی ئەو ناوچە جوگرافیانەی تێدایە ، بە تایبەتی سیمای زمانی لە ڕووی ڕستەسازی و وشەسازی و ئەو یەکە تایبەتیانەی کە ناوچەکەی پێ دەناسرێت یان دیاری دەکرێت یان جۆری گۆ کردنی دەنگەکان لە ناوچەکە دا دیار دەخات ، سەرەرای ئەو نەخشە و خشتانەی کە بۆدابەشبوونی دیالێکتەکان دادەنرێت بەپێ جوگرافیای ناوچەکە دیاری دەکات .

**57- زمانەوانی پەسنی (وەسفی ئێستایی): Staic Linguistics**

ئەو زانستەیە کە لە زمان دەکۆڵێتەوە لە کات و شوێنی دیاریکراودا . هەروەها ناسراوە بە سایکرۆنی

Synchronic Linguistics یان بە Descriptive Linguistics هەر ئەو زاراوەشە کە فردینان دی سۆسێر بۆ زمانەوانی وەسفی بەکاری هێناوە .

**58- زمانەوانی ئاماری: Statistical**

ئەو زانستەیە کە شێوازی ئاماری بەکار دەهێنێت لە لێکۆڵینــەوەکانی زمانــدا . واتە بە ئامار دێتاکان دەخاتە روو و شیان دەکاتەوە .

**59- زمانەوانی دێرین یان مێژوویی: Historical linguistics**

ئەم لقە لە لێکۆڵینەوەکانی زمانیدا خۆی خەریکی لێکۆڵینەوەی گەشەی دەنگی و ڕێزمانی و واتایی و گوتەیی زمانێکی دیاریکراو لــە درێــژایی مێــژوویی ئــەو گۆڕانانەی کە بەسەر زمانەکەدا هاتووە دەکات . زمانــەوانی دێــرین لقێکــە لــە زمانەوانی گشتی کە باس لە گۆڕانکاریەکان دەکات کەبەسەر زمانێك دا هاتووە بە درێژایی ڕۆژگار ، هەروەها بــەدوای پەیوەنــدی نێــوان زمانــە کــان و خێزانــە زمانەکاندا دەگەڕێت . کە کام زمان سەر بەکام خێزانە زمانــە ، زمانەوانــەکان لەسەدەی نۆزدەهەم دا کە بــە ســەدەی زمانــەوانی بــەراوردکاری یــان فیلۆلــۆژی ناسراوە خۆیان خەریکی دۆزینەوەی سیما تایبەتیــەکانی زمــانێکی دیــاری کــراو دەکرد نەك بۆ بەدیارخستنی پەیوەندی نێوان ئەو زمانانە بــەڵکو بــۆ دەرخــستنی ئەو بارانەی کە ئەو زمانەی تێدایــە ، یــان کاردەکــات. هەرچــەندە دەزانــین کــە لێکۆڵینەوەکان واتە مێژوویی و وەسفی شان بەشانی یەکتر دەڕۆیشتن بەلاَم هەندێ بەڵگە هەن کە باسی هەندێ لە زمانەکان لە سەردەمێکی دیاریکراودا دەکەن کە لێکۆڵینەوەکان مێژوویین وەکو لێکۆڵینەوەکانی ســەردەمی دارویــن کــە بــەزۆری مێژوویی بوون ، یان کاتێ سەیری زمانەوانی دەکەین لە سەدەی بیستەم دا دەڵێین زۆربەی لێکۆڵینەوەکان وەسفین. لێکۆڵینەوەکانی مێژوویی چەند زاراوەیەکیان بــۆ بــەکار هــاتووە لــە وانــە دایکرۆنــی و داینامیــك و ئیڤولۆشــنەری ... هتــد. Evolutionary linguistics, Dynamic linguistics, Diachronic linguistics بڕوانە ژمارە ( 6 ) زمانەوانی دایکرۆنی.

69- زمانەوانی جێرمانی: Germanic Linguistics

ئەم زاراوەیە بۆ وەسف کردنی زمانەکانی جێرمانی بەکاردەهێنرێت وەك ئەڵمانی و ئینگلیــزی و هۆڵەنــدی و ســویدی و ...هتــد. زمانــە جێرمانیــەکان کۆمەڵــە زمانێکن سەر بەخێزانەکانی هیندۆ ئەوروپین لە ناوچەکانی ناوەڕاســت و بــاکوری ڕۆژئاوای و ڕۆژئاوای ئەوروپادا بلاَو بوونەتەوە . دەکــرێ ئــەو زمانانــە بــۆ ســێ کۆمەڵەی جیاواز دابەش بکرێن .

1- لقی ڕۆژهەلاَت کە زمانی قوتی دەگرێتەوە .

2- لقی ڕۆژئاوا کـە زمانـەکانی ئـەڵمانی و هۆڵەنـدی و ئینگلیـزی ناوەڕاسـت دەگرێتەوە .
3- لقی باکور کە زمانـەکانی ئایـسلەندی و نـەرویجی و سـویدی و دانیمـارکی دەگرێتەوە .

**70- زانستی زمانی سامی و حامی: Semitic Linguistics - Hamito**

ئەم زاراوەیە گشتی یەو بۆ وەسف کردنی سەرجەم زمانەکانی حامی و سامی وەك هاوسا و عەرەبی و عیبری ... هتد بەکاردێت . هەنـدێ زمانـەوانی تـر زاراوەی Asiatic Linguistics-Afro ی بۆ بەکار دەهێنن لە راستیدا دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم کۆمەلە زمانە خێزانێکی زمـانی کۆیـان دەکاتـەوە کـە لـەماکس مولەری ئەلمانی لە پۆلین کردنەکەیدا بۆ زمان ناوی ناوە بـە خێزانـی زمانـەکانی سامی و حامی.

**71- زمانەوانی هیندۆئەوروپی : European Linguistics-Indo**

ئەو زانستە لە زمانەکانی هیندۆئەوروپی دەکۆڵێتەوە , ئەو زمانانەش لە ئەوروپا و ئێران و هیند بەکاردەهێنرێن . ئـەو کۆمەڵـە زمانـە دابەشـدەبێت بـۆ زمانـە ڕۆژهەلاتییـەکان و زمانـە ڕۆژئاواییـەکان سـەرەڕای زمـانی حیـسی . زمانـە ڕۆژئاواییەکان دەبنە چەند کۆمەڵەیەك لەوانـە کلتـی و جێرمـانی و ئیتـالیقی و هیلینی , زمانە ڕۆژهەلاتییەکانیش دابەش دەبن بۆ کۆمەڵەی بەلتیقی و سـلاڤی و توخاری و ئەلبان و ئەرمەنی و هیندۆئێرانی . کە زمانەکانی کەلتی و ئێرلەندی یە نموونەیان , هەروەها لە جێرمانییەکان ئەڵمانی و نەرویجی و سویدی و هۆڵەندی و ئینگلیزییە , هەروەها نمونەی ئیتالیقی لاتینی و فەرەنسی و ئیسپانی و ئیتالی یە ,و نمونەی زمانەکانی هیلینی یۆنانی نوێ یە , نمونەی بەلتیقی سلاڤی و ڕوسی و پۆلەندی و بولغاری یە , لە زمانە هیندۆئێرانییـەکان , زمانـەکانی بـەنغالی و ئەڤغانی و فارسی و کوردییە . شایەنی تێبینی یە ئەم کۆمەڵە زمانـەی کـە بـە ناوی هیندۆئەوروپی ناسراون لە هـەمان کاتـدا بـە زمانـەکانی ئـاری دەناسـرێن Aryan Linguistics . دەتـوانین بلـێین زمانـەوانی هیندۆئـەوروپی تایبەتـە بـە لێکۆڵینەوەکانی مێژووی بەراوردکاری کە لە لایەنی لێکچوی نێوان ئەو زمانانـە دەکۆڵێتەوە بە تایبەتی لە ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسـازیدا بـۆ دەست نیشانکردنی ڕێژەی لێکچوون و ڕەچەڵەکیان .

# مۆمدانەكانی ئەلفبای كوردی و نیگایەك بۆ ڤاوڵی (i)

**بەشی یەكەم**

ئەحمەد هیرانی

**پێشەكی ... ناڵەیەك لە زمانی خامەگەردن گەشەكانەوە: ـ**

زمان كەرەستەی دەربڕینی گیانلەبەرێكی هەردەم لە گۆڕاندایە، ئەویش لەگۆڕاندایە.. ئەگەر بەڕادەی گۆڕانی ژیان و یاسای كۆمەلایەتی و زانستی ئادەمیزاد، زمانەكە نەگۆڕێ و پێش نەكەوێ.. هوردە هوردە كزدەبێ و تاكو دەكوژێتەوە. كەواتە فرمانی زمانەوان ئەوەیە، كە دەبێ یارمەتی زمانەكە بدات بە پلەی زانست و تەكنیكی نوێ[1].

هەر لەمبارەیەوە، د. نەسرین فەخری دەڵێ: ـ زمان زانستە ڕێگەو بنكەی تایبەتی هەیەو لە چوارچێوەیدا دەجولێتەوە. بەم جۆرە زمانی كوردی بنكەو پەیرەوی پتەوو رێك و پێكی خۆی هەیە[2].

هەر لەم بارەیەوە نووسەرێكی تر وا پەخش دەكاو دەڵێ: ـ مەسەلەی زمان وەك پارچە زیبایەكی بەیەكەوە چنراوە، لەكوێدا قوفڵەیەكی ترازا هەڵدەوەشێتەوە، هەر چۆنیش گرێ بدرێتەوە، سفتی ئەو تەونە بەخاڵێكی ناقولا، دزێو دەبێ لە نەپێكانی روودانی شێنەییدا[3].

وا دەبێ مەكینەیەكی زۆر گەورە بەلێدەركێشانی یەكدوو برغو و بزمار هەمووی لەبەر یەك هەڵدەوەشێ و لە مەكینەیی دەشۆرێ. زمانیش هەر وایە.. وردیلە ئامرازەكانی لەگەڵ قوچاندن و كردنەوەی هەندێ لە

پیتەکانی یا گوشین و شلکردنی چەند وشەیەکی، گیانی دەخەنە بەر رستەو گوتەو ئاخاوتنی و دەیانکەن بە هەڵگری واتاو مەبەستی دەروون و مێشکی ئەو کەسە، زمانەکە بەکاری دێنێ[4].

لە مێژووی شارستانێتی و رۆشنبیریدا چەسپاوە کە نەتەوە زمانێکی یەکدیگیرو پێگەیشتووە، بون و مانی بەندە بە زمانەکەیەوە، تێکچوون و فەوتانی، ئاکامی پچڕپچڕیی و لاوازی و نەمانی زمانەکەیەتی ... نەتەوەی کوردیش دیارە لەم راستیە بەدەرنییە... زانا کوردپەروەرەکان، دیارە ئاگایان لەم ڕاستییە بووە... سەرەنجام لە مێژووەو لە مێژە هەوڵیانداوە زمانێکی کوردی یەکدیگیرو پێگەیشتوو بۆ نەتەوەکەیان وەچنگ بهێنن[5].

ئاشکرایە کە زمان دەورێکی یەکجار باڵا لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێ، بۆ هەر لایەك دەچین و بەهەر لایەکدا دەڕوانین، دەبینین زمان لەبەر دەست و دەمایە، بۆتە بەشێکی وا لە مرۆڤ کە هەرگیز لێی جیا نابێتەوە، زمان جووتە پێیەوە لەگەڵ خەوی مرۆڤدا تێکەڵبووەو تەنانەت پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکی ترو دەوروبەریدا دیاری دەکات. بێ بوونی زمان، کۆمەڵی مرۆڤ نایەتە کایەوە[6].

زانستی زمان ئەڵێ : ـــ زمان ڕێگەیەکە کە بۆ ئاڵ و گۆڕکردنی مەعلومات یا بیروڕا لەنێوان ئادەمیزاددا... بەگشتی ((ڕێگەکە)) ئاڵ و گۆڕسکردنی بیروڕای پێدەکرێ[7].

زمان ئاشکراکردنی بیروڕایە بەهۆی قسەو و دەشنوسرێ[8]، هەر زمانە خاوەنی کەرەستەی تایبەتی و شێوەی جیاواز و بەکارهێنانی سەربەخۆیە. ئەو تایبەتیانە لەزمانی جیاوازدا دەبینرێن، کەچی سەرەڕای ئەوەش هەندێ بنەما هەن کە پێویستە بخرێنە نێو بناغەی لێکۆلینەوەی هەر زمانێکەزوە، بەو پێیە بۆ تێگەیشتن و ڕێگە سەرەکییەکانی ڕێزمانی کوردی، پێویستی بە ئاوڕدانەوەو لێکدانەوەو شیکردنەوەی هەندێ کێشەی زانستی زمان هەیە[9].

هەروەها چونکە بەشێکی زۆری ژیان

لێکۆڵینەوە

بە ئاخاوتن و گوێگرتن و خوێندنەوەو نوسینەوەو بەرسەردەبرێ، ئەو چوار دیاردەیەش کە بەهەموویان زمان پێکدێنن، هۆیەکی بەکەڵکن بۆ لەیەکتر گەیشتن. وەك ئاشکراشە گرنگی و بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی زمان بەر لەهەموو شتێك مەبەست ڕێزمانە، چونکە ڕێزمان ناوەڕۆك و ناوکی زمانە، هەرچەندە لەبارەی ڕێزمانی کوردیەوە، ژمارەیەك لێکۆڵینەوە نووسراوە، بەڵام هەموو ئەوە هێشتا وەك تنوکێك ئاوە لە دەریایەکی قوڵ و مەزن(10).

هەروەك دەزانین ئەڵف و بێی هەر زمانێك کەرەسەی بنەڕەتی بناغەی ئەو زمانەیە. ئەگەر زمان بە دیوارێك دابنێین... پیتەکانی ئەڵف وبێ دەبنە خشتی دیوارەکە. جا لەبەر ئەمە شارەزایی لەگەڵ پیتەکانی ـ ئەلفوبێ ـ زۆر گرینگە. دیارە کاتێ بمانەوێ لە ئەڵفوبێ بکۆڵینەوە، دەبێ لە ڕوانگەی جۆربەجۆرەوە ئەم کارە بکەین... چۆن ئەڵفوبێ وەك زۆر شتی تر وەك سکەیەك وایە، کە تەنیا رویەکی نییە... یەکێك لە رووە جۆربەجۆرەکانی سکەی ئەڵفوبێ، بریتییە لە فۆڕمناسی، فۆڕمناسی زانستێکە کە بەهۆی ئەم زانستە فۆڕم یاخود شکڵی پیتەکان دەناسین(11).

لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ژیان بەهەردوو باری مادی و نامادییەوە زمانیش لەخۆیەوە بەرەو پێش دەچێ. لە گوێرەی ئاڵۆزان و زەحمەتلەوتنی ئەو مەوزوعانەش کە زمان لێیان دەدوێ، ئاخاوتن بەرەو زەحمەتتربوون و وردترو قولتربوونەوە دەڕوا. کە ئەمەش بەرهەمێکی کت و مت و ناچاری گۆڕانی ژیان و زۆربوونی گرفتەکانییەتی(12).

کەواتە لەبەر ڕۆشنایی هەناسەی ئەو گڕو مەشخەلانەدا دەتوانم بڵێم کە زمان بۆ هەرنەتەوەیەکی ئەمڕۆکە پان و بەرینە وەکو سایەیە بۆ لەش کە بەدرێژایی ڕۆژگار لەگەڵیا دەکشێ و لێی جیانابێتەوە. باشتروایە کە بڵێم وەك ڕۆحە لەناو لەشیدا کە یەك بۆ ئەویتر پێویستە. نالوێ هیچیان بێ ئەویتر بونیان ببێ، ئەگەر ڕۆحەکە نەبێ، کە مەبەست ـ زمانەکەیە ـ ئەوا لاشە ساردو سڕەکە دەحەجمێ و بێ جم

و جول و پەککەوتە وئیفلیج و سەری زەبوونی لار بدەکاتەوە، کە ئەویش، نەتەوەیە، خۆ ئەگەر لەشەکە نەبێ، رۆحەکە لەناو چی و لەکوێدا جێگیر دەبێ ..؟!
نکۆلیش لەوە ناکرێ بەهۆی گەرم و ساردی رۆژگارەوە، لەشەکە هەندێ جار لەگەشەوبرەودا دەژی و گوزەردەکا. گەلێ جاری واش هەیە کزۆڵ و ماتەم لوتکەی بوونی لێدەگرێ و ناچار بە رەشەبای یاسای بوون دەهەژێ، وەك لکەدارێ بەرەکەی دەوەرێ.
کەواتە رۆحەکەو لەشەکە لە بۆتەیەك و تەنێکدا بەندن ـ واتا میللەت و زمانەکەی ـ هەرکامێکیان نەما، ئەویتر نامێنێ. لە بونیشا پێ بەپێی یەکتر دەکشێن و هەڵدەچن و لەیەکتری جیانابنەوە. وا تەباری رامیاری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و زانیاری نەتەوە چەند بە برشت و گەشەو لەپەرەسەندنا بێت ئەوا رۆحەکە واتا زمانەکە ـ نەش ونما دەکاو بەرەو ئاسۆی گەشەکردنی پەل و پۆ دەهاوێژێ و چرۆ دەردەکات.

ئەگەر ئەو گەشەکردن و پەرەپێدانەش نەبێ، ئەوا زمانەکەی نەخۆش دەکەوێ و بەناچاری دەپوکێتەوەو هێرشی توانەوەی لێدەکرێ و دەسوێ و لەپاڵ یەکتری هەڵدەوەشێ و ئەنجام لەناو دەچێت. بەلەناوچوونی زمانەکەش قۆنگرەی بوونی نەتەوەکەش خاپوور دەبێ و بەسەریا کوندەپەپوی شووم کەلاوەکەی ئاوەدان دەبێتەوەو بە بانگی ـ تیوتیوە...
مێژوویەکە روانگەی دەرخستنی ئەو ڕاستییە بۆ ئەمجۆرە نەتەوا نە وزمانەکانیان . ئەگەر لێکۆڵینەوە لەنەتەوەو زمانەکانیان بکرێت، هەر لەسەردەمی پێش زاینەوە تا ئێستاش.
کەواتە بابڵێین ئەگەر لەزمانەکانی هەموو جیهاندا (80) هەشتا دەنگ هەبێ، وەك لە (دکتۆر وریا عومەر أمین) بیستومە، لەهەرزمانێکیشدا چەند دەنگێ لە دەربڕین تایبەتن بەزمانی ئەو نەتەوەیە. کە بنجینە لەزمانەکەو شێوەکانی زمانی نەتەوەکە. کە لەزمانێکی تر بەرگوێ ناکەوێ و وێنەی نییە. ئەو دەنگە بنجینانە تایبەتن بەو زمانەو

كەسیەتی زمانەكە دەردەخەن. هەندێ دەنگ هەیە لەناو هەر زمانێكی دنیادا زیاتر لە دەنگەكانی تر دەوری هەڵسوڕاندن و كاریگەری دەگێڕن و دەردەبڕن و وێنەیان بۆ دانراوە. ئەو دەنگانەی كاریگەرییان نییە لای ئەو میللەتە فەرامۆشكراوە. بۆ نموونە پیتی (i)كە بەلاتینی هەیە بەلام لە ئەلفبای كوردی بە پیتی عەرەبی تا ئێستا وێنەی بۆ دانەراوە و هەست بەبونیشی دەكرێ.. كەواتە ئەمە كەم و كورتیەكی زلەلە زمانداو لەنگیشە كە ئەو بۆشاییە پڕنەكراوەتەوە.. هەرچەند هۆیەكە ئاشكرایە بە هۆی نەبونی ئارامی و سەقامگیری بارودۆخی نەتەوەكە دەگەڕێتەوە. ئەو دەنگانەی كە وێنەیان هەیە، دەبینین هەندێكیان هەرجارەی بەكارێكی تایبەت هەڵدەستێ و بەرگێكی نوێ لەبەردەكات. دەوری سەرەكی دەبینن لە ڕستەسازی و دروستكردنی وشە، هەربۆنموونە فۆنیمەكانی (ە . و . ی) چالاكترو پتر رۆڵی كاریگەری دەنوێنن لەزمانی كوردی لە فونیمەكانی تری زمان. بێگومان لە زمانی كوردیا ئەو دەنگانە هەن و وێنەشیان بۆ دانراوە، بەلام چەسپ نەبوەو تا ئێستاش جێی مشت و مڕی زاناو لێكۆلەرەوەكانە، بۆ نموونە پیتی (i)كە زۆر دەمێكە زمانەوانە كوردەكان هەستیان بە هەبوونی ڤاوڵی كورتی (i)كردووەو ناوی (بزرۆكە)یان لێناوە. بەڵگەی سەرەكیان بۆ هەبوونی ئەم ڤاوڵە لە زمانی كوردیا ئەوەیە كە زۆر وشە هەیە لەفرمانەدا، بەبێ ئەم ڤاوڵە لە دووكۆنسۆنات پێكدێ، وەك لە ووشەكانی (مل . گڵ . چڵ . دڵ . ژن . من ...هتد)، بەمجۆرە ئەگەر وشەیەك لەدوو باسێ كۆنسۆنانتی رووت دروست بێ، ئەوا لەڕووی مەرجەكانی زانستی زمانەوە بە نەگونجاو ئەدرێتە قەلەم، ئەمەیان لەلایەك.. لەلایەكی تر جۆرەها ووشەی كوردی هەیە كە بریتییە لە دوو بڕگە، بڕگەی یەك لەو دوو بڕگەیە ڤاوڵی كورتی (i) ئەبێتە هەوێنی خاسیەتی دروست بوونی و خاسیەتی بڕگەی پێدە بەخشێت. بەمجۆرەیە ئەگەر ئەو بڕگەیە ڤاوڵی كورتی (i) تێدا نەبێ ئەوا دەبێ ئەم وشە دوو بڕگەییە بەیەك بڕگە

بخوێنرێتەوە. کردنی وشەیەکی دووبڕگەیی بەیەك بڕگە، لەژێر ڕکێفی خوێنەرو قسەکەردا نییە، چونکە دەستووری بڕگە دروستکردن تایبەتییەکە لە تایبەتەکانی زمان. بە زۆر گۆڕینی بینایی بڕگە دەبێتە لەکەیەك و بەزەقی دەبینرێت. بەجۆرە ئەو وشانەی کە بریتین لەدوو بڕگە، نابێ بکرێن بەیەك بڕگە. با هەوێنی بڕگەیەك لەو دوو بڕگەیە ڤاوڵی کورتی (i) بێ، وەکو لە وشەکانی (توێکڵ، لەشکر...هتد) جگە لەمەش دەڵێ:ـ هەندێ بڕگە لەزمانی کوردیا بەمشێوەیە دروست نابێ، لە هەندێ شوێنیشا هەبونی ئەم ڤاوڵە گومانی لێناکرێ[13]. هەروا لە وشەکانی (دز. مست. بردن) وا تەماشادەکەین (i) کە ناوبراوە بەـ کسرة مقبوظة[14]. هەروا لە کتێبی ڕێزمانی کوردی، مامۆستا نوری عەلی ئەمین وا دەفەرموێ: ـ

جگە لەم پیتە بزوێنانە (ا، ە، ی، ێ، و، وو، ۆ، وێ) سێ پیتی بزوێن هەیە، بەپیتی عەرەبی نەهاتوتە نوسین، کە ئەمانەیە:

1ـ ئەو دەنگەی وا لەبەینی (م) و (ن) دایە لە ووشەی (من) هەروەها لە ووشەکانی (کردن . ژن . بردن).[14]

2 ـ ئەو دەنگەی وا لە دوا پیتی (پ)ی (پیاز)، هەروا لە وشەکانی (پیاو، بیانۆ، بەختیار..).

3ـ ئەو دەنگەی وا لە دوا پیتی (چ)ی، وشەی (چوار) هەروا لە وشەکانی ـ کوا. سوا. روا ..هتد[15].

لە بڕگەی یەکەمدا مەبەستی مامۆستا نوری عەلی ئەمین دەرنەکەوتنی پیتی (i) کە وێنەی نییە لە ئەلفبای کوردی و هێمای بۆ نەکردووە. لەدووەمیشا مەبەستی پیتی (ی) کورتە، لە سێیەمیشا (و) واو قوچاو یان واوی کورتە.

هەروەها لەلاپەڕە ـ25ـ پەراوێزی ژمارە (31) کتێبی (زمانی کوردی لە بەرۆشنایی فۆنەتیکدا)ی د.ئەورەحمانی حاجی مارف نوسیویەو دەڵێ: ـ

وەك ئاشکرایە لەئەلفوبێی عەرەبیدا نیشانە بۆ دەنگی (i) نییە، لەبەر ئەوە لە شوێنی پێویستدا شوێنیم بە (ــ) پڕکردۆتەوە. لەهەندێ شوێنیشدا بۆ دەربڕینی ئەو دەنگە، ئەلفوبێی لاتینیم

بەکارهێناوە ـ هەروەها لە کتێبی ـ ڕێنوسی کوردی ـ بەپێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری عێراق ـدەستەی کوردی ل8 وا پەخشکراوە : 2 ـ بزرۆکە / أـ پێویست بەدانانی پیت بۆ بزوێنی (ی) فرە کورت ((کسرة مختلة)) ناکات ئەو ووشانەی وا هەڵدەکەون. (ی) بزوێنیان ناویٚ واتە بنوسریٚ: پیاز ـ سیان ـ پیاو ـ پایز ـ بایز ـ پەین. نەنوسرێت: پییاز. سییان. پییاو. پاییز. باییز پەیین..

ب ـ پێویست بە دانانی پیت بۆ بزوێنی (و)ی فرەکورت

ـ ضمة مختلة ـ ناکات . ئەو وشانەی بەو ڕەنگە هەڵدەکەون بۆ یان ناویٚ واتە بنوسریٚ: شوان، روا، کاوڕ، نەنوسرێت: ـ

شووان، ڕووا، کاووڕ، گووان...

بەمجۆرە لەسەر بابەتەکە دەڕواو دەڵیٚ: وشەکانی ـ بت . پڕ . دڵ . جلّ . شتن. مل . بڵند . بردن . مردن . پرشنگ . کە دەنگی بزوێنی (i)فرە کورت هاوبەشی پێکهاتنیان دەکات. چۆن دەنوسران هەر بەهەمان شێوە بنوسرێت...

هەروەها لە کتێبی ڕێنووشی کوردی ل32 مامۆستای زمانەوان، د. نەسرین فەخری دەربارەی (i) کە ئەو بەرێزە وێنەکەی بە (أ) نوسیوەو داناوە، دەڵیٚ کە ئەم دەنگە کورتە کە بزوێنەو وێنەی بۆ دانەنراوە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا، لەحەرەکەی عەرەبی کورتترەو لەسکونەوە نزیکە. جێی داخە کە لەبیرچۆتەوەو هەوڵی تازە نەدراوە بۆ دانانی نیشانەیەك یان دروستکردنی وێنەیەکی نویٚ بۆی. دەڵێین هەوڵی تازە چونکە هەوڵدراوە پێشتر بۆ وێنەکێشانی، بەڵام نەچووە سەر، لەو هەولانە، یەکەمین کەس تۆفیق وهبی کە (ی) نوختەداری بۆ دانا. بەمجۆرە: کردن ـ کردین، شن ـ شین . بەلام لە پاشانا وازی لێهێنا. هەن تا ئێستا (ی) بەبیٚ خالّ دەنوسن وەك (بر ـ بیر . شرین ـ شیرین ...هتد)، دووەمین کەس کە هەولیدابیٚ وێنە بۆ پیتی (i)دابنیٚ، قەناتی کوردۆییڤ.(ی)، (ئی) شەددەداری بۆ دانا. ئەمیش نەچوەسەر. لە پەراوێزی لاپەڕە ـ 33ـ دکتورە نەسرین لەسەر بابەتە ئەرواو دەڵیٚ : ـ

ئێمە لەو ڕایە داین کەوا نەمێنێتەوە، چونکە دەبێتە هۆی هەڵەکردن. دانانی سکونی عەرەبی یان نیشانەیەکی ئاسانتر لە نەبوون باشترە.. ئێمەش لایەنگری دکتۆرە دەگرین بەدانانی وێنەیەك بۆ پیتی (i). بەڵام سکونیش ناگونجێ.. هەروا دەبوایە دکتۆرەش پێشنیازەکەی بەدانانی نیشانەیەك دیاری بکردایە بە نموونەوە، چونکە خۆی پێشەنگە.. وەك ئێمە لەدوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکە دەیخەینە ڕوو.

هەروا لە باسی پیتە دەنگدەرەکان، لە کتێبی ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم دانانی ـ ئەحمەد حەسەن: لەبارەی پیتی بزوێنی (i) لە لاپەڕە ـ 16 ـ دا دەڵێ:ـ

ئەو دەنگە کورتە بە بیروباوەڕی هەندێ لە زمانزانەکان بە (ی کورت) یان ـ کسرە ـ دراوەتە قەڵەم، ئەبێ بزانین کە ئەوە پیت نییەو ژێریش نییە، بەڵکو بزوێنێکی کورتەو گرنگە لەم زمانەدا. و هیچ نوێنەرێکی نییە لە نوسینی ئاساییدا. وە ئەبێ بشزانین کە لەم نوسینەدا وا ئەبێ، دوو سێ چوار پێنج پیتی بێدەنگ بەتەك یەكەوە ئەبن لەدوو وشەیەكدا. بێ ئەوەی پیتێکی بزوێنیان لەگەڵ دابێ، وەك (من. کچ. سنگ. بزن. درشت. کردن. خزم. بردمت . خستن ..هتد). جا لەگەڵ ئەوەشدا ئەبینین ئەم پیتانە کرك دەکرێن بە ئاسانی بەهۆی ئەو دەنگە کورتەوە لەلایەك و بەهۆی سروشتی هەندێ لە پیتە بێدەنگەکانەوە لەلایەکی تر. وەك زانیمان لە زمانی کوردیدا حەوت پیتی بزوێن هەیە. بەڵام لەزمانی عەرەبیدا ـ سێ پیتی بزوێن هەیە ـ سەر . بۆر . ژێر . وە لە پیتە بزوێنەکانی کوردی دوانیان لەدوو رپکەی عەرەبی دەچن لە دەنگدا یەکێکیان (ە)کە لە دەنگی سەر ئەچێ.. ئەویتریان واوی کورتە کە لەدەنگی ـ بۆر ئەچێ . بەڵام لەکوردییدا پیتێك یان دەنگێك نییە کە لەژێری عەرەبی بچێت. لە زمانی ئینگلیزیدا پیتێکی دەنگدار هەیە (i) کە یەکێك لە دەنگەکانی یا ئەرکەکانی لە دەنگی ـ ژێری عەرەبی ئەچێ، وەك لەوشەی ـ (sing)دا کە مانای گۆرانییە، بەڵام وشەی کوردی سینگ

ئەگەرچی بە لاتینیش هەروەك وشە ئینگلیزیەکە ئەنوسرێ، بەڵام وەك ئەوە ناخوێندرێتەوە، چونکە پیتی (l)کە نوێنەری دەنگە کورتەکەیە هەرگیز لە کوردیدا وەك ـ کسرەـ کرِك ناگرێ لە هیچ وشەیەکدا. هەروا لە وشەی ـ من ــ دا میمەکە هەرگیز نابێ وەك میمەکەی (مین) لە عەرەبیدا کرك بکرێ، چونکە بەوجۆرە هەڵەیەو نادروستە. من تاوی ناوی دابڕی کورت پەسند دەکەم بۆ ئەم دەنگە کورتەیە لەسەر ئەو بناغەیە کە پیتە، بزوێنەکان دابڕی درێژن یا بەهێزن، جا کە دەڵێن (من . دڵ . کچ . سنگ) پیتە یەکەمەکان هەرگیز دەنگ نادرێن بەهۆی دابڕە کورتەکەوە نەبێ.. لەبەر ئەوە پێویستە لەلاتینیدا پیتی ـ l ـ یان بۆ دابنێن. هەرواش هەموو ووشە دوو پیتەکانی تر کە هەردوو پیتەکەیان بێدەنگن و هەندێك لە وشە سێ پیتەکان[16]. هەروا دەربارەی ئەم پیتە بێ وێنەیە (i) لە زمانی کوردی، غازی فاتح وەیس لەکتێبەکەیدا، فۆنەتیك نوسیویەو دەڵێ (ڤاوڵەکانی زمانی کوردی هیچیان تەنگ و چەڵەمەیەکی ئەوتۆ ناخولقێنن تەنیا ڤاولی کورتی (i) نەبێ[17].

بە بەکارهێنانی پیتی لاتینی ئەم ڤاولە کورتە هیچ کێشەیەکمان بۆ دروست ناکات، چونکە لە ئەلفوبێ لاتینیدا وێنەیەکی ئامادەکراوی تایبەت بۆ ئەم ڤاوڵە هەیە. بێ هیچ سەرلێشوانێك لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێت. بەڵام چونکە ئێمە پیتی عەرەبی بەکار ئەهێنین، ئەلفوبێی زمانی عەرەبیش وێنەیەکی تایبەتی بۆ ئەم ڤاوڵە تێدانییە، ئێمەش هەست ئەکەین کەئەم ڤاوڵە لە زمانەکەماندا هەیە. تەنگ و چەلەمەکە دروستبووەو بووە بە مایەی لێدوان، بێ ئەوەی یەکێك توانیبێتی وێنەیەکی تایبەتی بۆ ئەم ڤاوڵە دابنێ و کێشەکە بنبڕ بکات. بەمجۆرە جگە لەشێوەی تیۆری تا ئێستا هیچ تاقیکردنەوەیەکی (پراکتیکی) دەربارەی ئەم ڤاوڵە نەکراوە. بۆ ئەوەی بزانرێ تا چ رادەیەك ئەم ڤاوڵە کورتە لەناو زنجیرەی دەنگدا دەور ئەبینێ، لەسەر چی ئەساسێك دان بەبونیدا ئەنرێت، نەکردنی تاقیکردنەوە بێگومان خەتای کەسی تێدانییە

چونكه ئەو ئامێرانەی ئەمجۆره تاقیكردنەوەیان پێدەكرێ لای ئێمە دەست ناكەون. لەزمانی ئینگلیزیدا ئەم ڤاوڵە بە مونۆفسونگ ( mono phthong) ئەژمرێ، كورتكراوەی ڤاولی /ی/یە بۆ نموونە وشەی (pit)، (wit) تر، ڤاوڵەكەی نێویان ڤاوڵی (ی ـ ە)، بەڵام لەڕووی دركاندنەوە ئەبێ بە (ɪ). ئەوەی شایانی باسە لە ئەلفوبێی ئینگلیزیدا تەنیا یەك وێنە هەیە بۆ ڤاوڵی (ی)، ئەویش (i)یە. بەڵام لە فۆنۆلۆژیدا دوو جۆره فۆنیم هەیە. ئەویش هیچ گومانی تێدانییە كە لەزمانی كوردییدا ڤاولی كورتی (ɪ)ی هەیە . بەڵام ئێمە ئەمانەوێ (ی) و (ɪ)دوو وێنەی تایبەتییان لە ڕێنووسی كوردییدا هەبێ. چونكه زمانی كوردی تا ئێستا ژمارەی فۆنیمەكانی و پیتەكانی وەك یەكە، بە پێچەوانەی زمانی ئینگلیزیەوە. بەڵام هەوڵدانی دروستكردنی وێنە بۆ ڤاوڵی كورتی (ɪ)و وێنەی بۆ ئەلۆفۆنی ـ نگ ـ و بەكارهێنانی پیتی عەرەبی (ص، گ). بۆ ئەلۆفۆنی (گ، ص)، ئەلۆفۆتی (ت . س) كێشەكە خەستتر دەكات، چونكه زمانی كوردی دەیەوێ ڕێنوس و فۆنۆلۆژی و فۆنەتیك لەیەك جیابكاتەوە. سەیر ئەوەیە زمانەوانە كوردەكان هەست بەم دیاردەیە ناكەن كە دیاردەیەكی چەسپاوە لە زماندا. بەپێی ماوە دروست ئەبێ و دەكەوێتە سنووری مێژووی زمانەوە. هەروەها ئەمجۆره هەوڵدانە ئەگەر هەستی پێبكەین تەگەرەیەكە لە ڕێگەی پەرەسەندنی زمانی كوردیدا، چونكه ماوە یا مێژوو كارێكی ئەوتۆ ناكاتە سەر ئەلفوبێی زمان، بەڵكو دەنگەكان و فۆنیمەكان بەپێی ماوە بدەین، ئەبێ هەمیشە خەریكی ئەوەبین تابزانین كام دەنگ گۆڕاوەو كام فۆنیم زیادكردوە. تا لە ڕێنوسیشدا وێنەی بۆ دابنێین. بەم پێیە وای لێدێ چەند سالێكی تر ژمارەی ئەلفوبێی زمانی كوردی خۆی ئەدا لەسەد پیتێك .. بەڵام ئەوە ئەلۆفۆنانە لە سنوری فۆنەتیكدا مامەلەیان لەگەڵدا كرا، ئەوا تەنگ و چەلەمەكە تەنیا بۆ ئەوكەسانە دەبێ، كە خەریكی لێكۆلینەوە دەبن لە سنوری فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیدا(18).

ڤاولی كورتی (ɪ)و ڤاوڵی درێژی (i) لە

سنوری فۆنۆلۆژیدا بەرانبەر یەكدی دائەنرێن. تەنها لەرووی كورتی و درێژیەوە جیاوازن بەگوێرەی جوڵانەوەی زمان لەناو زاردا. ئەم دوو ڤاوڵە بەمشێوەی خوارەوە دەست نیشان دەكرێن : ـ

(l) ڤاوڵی كورت / بەرزە، پێشەوەیە، كورتە.

(i) ڤاوڵی درێژ / بەرزە، پێشەوەیە، درێژە .

( ل70 ـ 71 هەمان سەرچاوەی ڕابردوو).

1 ـ لەتاقیكردنەوە دەردەكەوێ كە جیاوازی نێوان ڤاوڵی كورتی (I) و ڤاوڵی درێژی (i) یا ئەبێ حسابی فۆنیمێكی سەربەخۆی بۆ بكرێ و وێنەیەكی تایبەتی بۆ دابنرێ لە فۆنۆلۆژی و ڕێنوسدا، یا ئەبێ حسابی ئەلۆفۆنی بۆ بكرێ و بە ئالۆفۆنی فۆنی (ی)دابنرێ.

بەرای ئەم نووسەرە پێشنیار ئەكات وێنەیەكی تایبەت بۆ ڤاوڵی كورت (l)، دابنرێ وێنەكەشە بەمشێوەیە بێت () وەك لە وشەكانی (دڵ . مڵ) پیشانی داوە. واتە بەم شێوەیە نوسیویە (دڵ. مل) هەروەها دەڵێ : ـ وەیا هەر پیتی (ی) وەیا فۆنیمی (ی) بەكارببەین، بەمەرجێ دركاندنی كورتكەینەوە.

دواجار دەكەوێتە حەل بۆ نەهێشتنی كێشەكە، ئەبێ ئەم ڤاوڵە وەكو خۆی بمێنێتەوە و هیچ وێنەیەكی بۆ دانەنرێ، ئەگەر ڕێگەی پەرەسەندنی زمانی كوردی بەرەڵلاّ بكەین . بۆ ئەوەی پیت و فۆنیم لەیەكدی جیابكەینەوە(20).

هەروەها لەكتێبی ـ ئەلف و بێی زمانی كوردی ـ بۆ پەیمانگای مامۆستایان كەلێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە دایناوە، دەربارەی پیتی (i)ی بێ وێنە نووسراوە لەلاپەڕە ـ7 ـ كتێبەكەدا : ـ بزوێنی (ی) كورت / ئەم پیتەی زمانی كوردی لەئەلفوبێی عەرەبیدا دەرناكەوێ بەڵكو لەئەلفوبێی لاتینیدا دەردەكەوێ، لەو كتێبەدا دەبوایە چەند نموونەیەك بخاتەروو و رونی بكاتەوە، چونكە كتێبەكە بۆ ڕاهێنانی مامۆستایانە كە ئەو كێشەیە لەپێشدایە و خەڵك فێردەكەن، بەلاّم لەمبوارە دزەی كردووەو خۆی حەشارداوە. تەنها باسەكەی

وورووژاندووە بۆ ئەوەی مەبەست بپێکێ.

لەم روانگەوە، گەر سەیری زمانەکەمان بکەین. کەلێن و قوژبنەکانی بپشکنین لەرووی خزمەتکردنەوە، دەبینین کەوتۆتە بەرلێشاوی نەشتەرگەری کۆسپی زەبەللاح و تەگەرەی زل، ئەو خزمەتەی کە کراویشە لەلایەن کوردناس و زاناو پسپۆرانی کورد، هەر لەخۆیان وەکو تنۆکە ئاوێکە لەدەریای بەرینی زمانەکە.

ئەوەش وا دەردەخات کە زمانەکە پابەندی دۆخی ژیانی رامیاری نەتەوەکەیەتی، وێڕای باری ناهەمواری و شلەژاوی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری نەتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە رەورەوەی مێژووی پێشکەوتنی چەندەهاجار بەدەستی ئەنقەست و نیازی گڵاوی داگیرکەران لە ڕەوت وەستاوەو هەزارەها گیروگرفتی خراوەتە بەردەم، ئەو دەرفەتە بۆ زاناو داناو رۆڵە دلسۆزەکانی نەرەخساوە، کە بەیەکدەست و بەیەك مەبەست و دەنگ بتوانن ئەلفبایەکی بێ کەم و کورتی بڕەخسێنن بۆ سەرتاسەری وڵاتەکەیان و ناوی بنێن ـ ئەلفبای کوردی ـ دەبێ بزانین کە هەندێ شت وەك کلیلی دەرگای زمانە، ئەگەر کلیلەکە نەبوو، ئەوا دەرگاکە یان دەشکێ، یان لەرێسمەدەبرێ.. وەك ئەمڕۆ کە دبینین پیتی بێ وێنەی (i) کە چەند دەورێکی کاریگەری هەیە لەناو ئەو زمانانەدا، لەبێچارەیشدا فەرامۆشکراوە، هەرچەندە زاناو دڵسۆزانی نەتەوە، با وێنەشیان بۆی دانابێ، بەڵام تیایدا سەرنەکەوتوون، چونکە هەوڵەکانیان یەکدگیرنەبوەو لاوەکی و هەریەك لەراست خۆیی و سنورێکی تەنگەبەر فەراهەم هێنراوەو ئەنجام پوکاوەتەوەو فەرامۆشکراوە.هەر بۆیە زاناکان پاش ماوەیەك هەرەسیان هێناوەو نەگەیشتۆنە ترۆپکی سەرکەوتن و وازیان هێناوە.

دەربارەی پیتی بێ وێنەی (i) لە ئەلفبای کوردی بەپیتی عەرەبی، من چەند سەرنجی بەناوی ـ خاڵی وەرچەرخان ـ دەخەمەبەر دیدی زاناو رۆشنبیرانی نەتەوەکەم، بەو هیوایەی ببێتە هەوێنی گرێکوێرەکانی ئەلفبای کوردی و هەروا کلیلی چارەسەر بۆ

ئەلفوبێیەكی گونجاو. كە بریتییە لەنـ

1 ـ پیتی (i) لەلاتینی وێنەی هەیـەو كێشەكە یەكلابۆتەوە.

2 ـ زۆربەی ئەوانەی لـەپیتی بزوێنـی (i) دواون، بـە (ی كـورت) داویانەتـە قەلەم، وەك ژێری عەرەبی حسابیان بۆ كردیە، بەلای منەوە ئەمە هەر ڕاسـت نییە.

3 ـ زۆربەیان كە باسیان كردووە و لێی دواون، دان بەبونیدا دەنێن، كە هەیـەو دەنگێكی رەسەن و بەپیتێكی بزوێنیان داناوە، بەڵام بۆ چارەسەر پێـشنیازییان نییە، كە بەچ شێوەیەك كێشەكە بنـبڕ بكـەن و بیگەینـە كۆتـایی. جگـە لەمامۆستایان (توفیق وهبی ـ غـازی فاتح وەیسی . د . نەسرین فەخری).

4 ـ بەڕای من لەو شوێنەی كە هەست بەو دەنگە دەكرێ لە وشەكان كەبوونی هەیە، هێمای( ↓ ) بەبـچووكی لـەدوای ئەو پیتە دابنرێـت كـە ئـەو دەنگـەی لەدواوە دێت، بۆ نموونە مـن بنووسـرێ (مـن)، كـردن بنوسـرێ (كـردن)، مـڵ بنوسرێ (مل) كچ بنوسرێ (كچ).

5 ـ ئەو هێمایـە ( → ) بەهـەمـوو لایەكی وشەكەدا تێدەپەڕێ، دەشگونجێ لە هەرلایەكی دابنێت، بەڵام باشتروایە لەسەرەوە دابەزێت بۆ سەر ئەو پیتـەی كەدەنگەكـەی لـەدواوە دێـت. وەك لەنموونەكانی رابردوو پیشانم داوە نـەك لەتەنیـشت و ژێـرەوەی وشـە بێـت بەمشێوەیە. (   ) (  ).

6 ـ ئەو هێمایە، هێمایەكی بێدەنگە، بۆ نیشاندانی راستی بەكار سرە دێـت، ئەو راستیەی كە لە مرۆڤ ونەو بەداویدا دەگەڕێت هەسـتی پێـدەكاو نـاییبینی. وەك لـەدەربڕینی وشـەكاندا وا دیـارە. ئەو هێمایـە بـەبێ زمـان ئامـاژە بـۆ راستیەكە دەكات و دەری دەخات.

7 ـ ئەو هێمایە بۆ فێركـردن و نوسـین خێرایـە، كـە یـەكێ لـە مەرجـە سـەرەكییەكانی فێركـردن و راهێنانـە لەسەر خێرایی. واتە منالڵ زوو دەتوانێ فێری بێت و لەسەری رابێت و لـەجێی خۆی بەكاری بێنێ.

8 ـ هەر چۆنێ بێت بـەكاربردنی ئـەو هێمایـە لـەكۆتایی ئـەو پیتـەی ئـەو دەنگەی لەدواوە دێت باشـترو راسـتر و لـە بـارترە لـە بـەكارهێنانی سـكونی عەرەبی، وەك دكتورە نەسرین ئاماژەی پێداوە. هەروا باشترو راسترو لەبارترە،

لە (ی کورت)، وەك تۆفیق وەهبی دەریخستوە لە وشەکانی ـ من (مین)، کچ (کیچ)دا...

هەروا گونجاوترو لەبارترە لەو هێمایەی ـ غازی فاتح وەیسی. کە دایناوە لەسەر وشەکانی (دڵ . من..) .

9ـ ئەو هێمایە لەسەر پشتی ووشە لەهەموو شوێنێ ئەتوانێ جێگیرببێ و شوێنی خۆی دیاربخات، وەك:ـ

(مردن . گڵ . بڕشت . مرندن . خانم).

10 ـ ئەو هێمایە، کەلەسەر کۆتایی ئەو پیتەی وشەکە دادەبەزێ و دادەنرێت، پێت دەڵێ ئەو دەنگە لێرەوەیە، وەك ئەو هێمایەیە کە لەشەقام و کۆڵانەکان ئاماژە دەکات و دەڵێ : ـ بۆ دوکانی فلان لێرەوە برۆ .. یان عیادەی پزیشك و دەرمانخانە فەرمانگە. یان رێکخراو بارەگای فلان حزب. یان دەزگای رۆژنامەگەری و ...هتد.

11 ـ بوونی ئەو هێمایە زۆر لە کێشەکانی زمان یەکلا دەکاتەوەو نەتەوەکەمان لەرووی رێنوسەوە یەکدەخات و تەم و مژی و گومان لەسەر چۆنیەتی نوسینی وشەکان رادەماڵێ:

12ـ ئەو هێمایە (↓) کەمێك بەلای وێنە لاتینییەکە دەکشێت وهەندێ لەسەر وێنەی ئەو خۆی دەردەخات بەلام سەرەو ژێر بۆتەوە بەلای ئەو پیتەی دەنگەکەی لەدواوە دێت. خۆشی لەو جیا کردۆتەوە بەوە دوو قوتە گوێی هەیە (واتە دەنگە).. چونکە وشەش وەك مرۆڤ دەنگ ئەداو دەنگ دەبیستێ..

13 ـ ئەو هێمایەی کە هاتۆتە نێوان دوو پیتی نەبزوێن، ئەوە وا دەگەیەنێ کە برگەیەکی پێکهێناوەو بەهۆێ ئەوەوە پیتە کپەکان جموجۆڵ و دەنگیان لێ پەیدا دەبێ. بۆ نموونە. پشتت بکەوە، چاوت هەڵبرە.

14 ـ کەواتە ئەو هێمایە (↓) دەتوانین ناوی ببەین بە پیتی بزرۆکە وەك پیتێکی بزوێن، نەك چارەی (ی کورت ـ i ـ)ی بۆ کردین، بەڵکو چارەی بۆریشی بۆ کردین، واتە واوی کورت بەو ئەلفوبێیەی عەرەبی کە کورد بەکاری دەبات. بەئەلفوبێی لاتینی هیچ کێشەیەکی نییە لە دەربڕین و

دارشتندا..

15 ـ بەو پێیە دەتوانین پیتە بزوێنەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دەست نیشان بکەین (ە . ا . و . وو . ۆ . ی . ێ . ).

**پەراوێزەکان:**

1ـ مەسعود محەمەد، وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی ـ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغداد ـ 1974، ل22.
2ـ (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی سێیەم بەشی یەکەم سالّی 1975، ل205).
3ـ رئوف ئەحەمەد ئالاّنی، کێشەیەك لە ڕێزمانی کوردیدا ، ل213.
4ـ مەسعود محەمەد، وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی ـ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغداد ـ 1974، ل
5ـ دکتۆر کامل حسین البصیر، زمانی نەتەوایەتی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق،1984، ل3).
6ـ (محمد معروف فتاح ، زمانەوانی ، سەرەتایەك لە زمانەوانی بەکەرەسەی کوردی ، زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب ،1987، ل1) .
7ـ غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك ، سالّی 1984 ز زنجیرە (5) لە چاپکراوەکانی ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، ل11.
8ـ (ل5 ـ ڕێزمانی کوردی جزمی یەکەم ـ تۆفیق وهبی 1956ز)
9ـ ( ل 4 ـ ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم ـ مۆرفۆلۆژی ـ چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق 1979ز د. ئەورەحمانی حاجی مارف).
10ـ (ل 15 ـ هەر ئەو سەرچاوەی پێشوو).
11ـ (ل32 ـ زمان و ئەدەب ـ حسین صلاح (سۆران 1347 ـ چاپخانەی جیهان نما ـ تەهران).
12ـ (ل هـ ـ مەسعود محەمەد، وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغداد، 1974.
13ـ غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك ، سالّی 1984 زنجیرە (5) لە چاپکراوەکانی ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، ل69 .
14ـ توفیق وهبی، قواعد اللغة الکردیة الجزء الاول، سالی 1956 ز.
15ـ (ل 13 ڕێزمانی کوردی نوری علی أمین ـ 1960ز)
16ـ (ل17 ـ 18 ـ 19 ڕێزمانی کوردی ـ بەرگی یەکەم ـ أحمد حسن ـ 1976 ز بەغدا)
17ـ (ل66 دێری پێنجەم).
18ـ غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك ، سالّی 1984 زنجیرە (5) لە چاپکراوەکانی ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی

ناوچەی کوردستان،ل69 ـ 70 .
19ـ غازی فاتع وەیس، فۆنەتیك ، ساڵی 1984 زنجیرە (5) لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان،ل 88 .

وتار

# مێژووی خود لە ناو لەنگەرییەکدا

## لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری پراکتیکییە لەبارەی زمانی شیعریی سەباح ڕەنجدەر

بەشی یەکەم

نەجات حەمید ئەحمەد

### بەش بوونی خود لە نێوان جیهان و شێوازدا ، توانەوەی بابەت و شێواز لە وشەدا

لە جیهانێکدا، کە ڕاستییە جەوهەرییەکانی باری مرۆڤ و شوێنی مرۆڤ لە زەمەندا بەرەو شێواندن دەچێت. لە جیهانێکدا ڕاستییەکان بەهیچ شێوەیەك بیرێکی یەکگرتوو و گشتگیر ناگرنە خۆیان، واتەکانی زمان بە خەسڵەتی جودا و لێکدانەوەی جودا بەکار دەخرێن و قەت لە بارێکی جێگیر ڕوانینەکانمان بۆ شتەکانی دەوروبەر لە پێناسەیەکی کامڵدا نامان هێڵنەوە. هەمیشە دەرگای تێڕامان و ڕوانینمان لە دەوروبەری خۆمان والآ دەبێ لە بەردەم جیهانی بە وەهم بوونی ڕاستی و ناجێگری پەیوەندییە ڕوحی و مادییەکان بە دنیای دەرەوە، ئەم بارەی کە مرۆڤ بۆ خۆی لەم جیهانەدا بە دەستی هێناوە، بۆتە هۆی هاتنە

ئــاراوەی خاســیەتێکی بــەردەوام و ناتـــەبای پەیوەندییـــەکانی مـــرۆڤ بەجیهانـــەوە، ئەمـــەش وای کـــردووە مرۆڤی ئەمرۆ لە پەراوێزی گەڕانەکان و وردبوونـەوەکانی لـە جیهانـدا، بـەرەو دۆزینەوەی تر و ڕاستیی تر بچێت، کە ڕەگـــەزەکانی هەســـت پـــێ کـــردن و ناسینەوە و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ باری ترو خەسڵەتی تازەی تـر، دەبنـە ئـەو ڕێگە پان و پۆڕانەی خود لەم گـەڕان و لــەم دۆزینەوەیــەدا. لــەم حاڵەتەشــدا ڕووداوەکان و چڕبوونەوەیان لە شـێوەی حیکمـــەتی زانـــین و نزیـــك بوونـــەوە بــەردەوام مــرۆڤ بــەرەو لێکدانــەوەی ناماقووڵ و بێهوودەیی پەیوەندییەکانی دەبەن لەو پەیوەستانەی کە لـە نێـوان ئەو و جیهانـدا هـەن و هـەموو بـەها مەعریفییەکانی پێشینەی خۆی ناتوانن لــە ئاســتێکی دیــاری کــراوی ئــەم پەیوەستانە ڕایگرن و جیهانی ناسراوی لـــە لا دەبێتـــە جیهـــانی گومـــان و تۆژینـــەوە، هـــەروەك ئـــەوەی ئـــەو پەیوەستانە دەرهاوێشتنێکی دەرەکیـی خـــود بـــن و تێکەڵێیـــەکی گونجاویـــان لەگەڵیدا نەبێت و هێـدی هێـدی ئـەم سیمایەی لێکدانەوەی مرۆڤ بۆ شتەکان لە واتای مردووەوە واتای تر بـۆ خـۆی بنیات بنێت، لە دوو توێی تێپەڕکردنی واتــا ئاســاییەکان و هەڵوەشــاندنەوەی بەهامــە عریفییــە پێــشینەکان. هــەر لێرەشەوە سەردەمی بەش بەش بـوونی ڕاستییەکانی مرۆڤ و بەش بەش بوونی ناخی مــرۆڤ دەســتی پێکــردووە، وەك تیشکدانەوەیەکی تری ڕاستی شتەکانی دەرووبــەری مــرۆڤ لــە نــاخی خــوددا. ڕەنگدانەوەی ناخی بەش بەشـی مـرۆڤ لە ئەدەب بەتایبـەتی لـە شـیعردا بـە چەند شێوەیەك کاریگەریی هەبووە لـە سـەر شـاعیران، شـاعیر لـە بـەردەم کاریگــــەرە دەرەکییەکانـــدا بـــەپێی تێڕوانینــی خــود و کەســایەتی خــۆی دەچــێتەوە ســەر کۆمەڵــە تــەکنیك و دەربڕینێکـــی وا کـــە زۆر جـــار وای لێدەکــەن بــچێتە قــاوغ و دەســەڵاتی خودی زمان و ئەو گەردوونە فراوانــەی کە دەســەڵاتی زمــان بــە دەربــڕین لێ کردن و نواندنی شتەکانی دەبەخشێت.

هەر سەردەمێك لە سەردەمەکانی ئەدەب ڕەنگدانەوە وکاریگەری تـازەی بــە هێــز بــە دوای خۆیــدا دەهێنــێ،

لەوانەیە ئەم چەرخەی ئێستای مرۆڤ بە تایبەتی لە کۆمەڵی ئێمە و هاو ئاستەکانی دەوروبەرمان، لە نێوان چەندین دەرهاوێشتنی مەعریفی جودا دا بەش بەش بوونی ڕوانینەکانی شاعیر، بەش بەش بوونی ناخی شاعیر لە نێوان خاڵەکانی بەیەك گەیشتنەوەی بیرەکانی لەمەڕ ئەم جیهانەدا، بۆتە یەکێك لە خاسیەت و دەرئجامی مەعریفی و فەلسەفییەکانی خۆی، بێگومان زمانیش وەك دەسەڵاتێکی بەهێز و کاریگەر توانیویەتی ئەم وەرچەرخانی فیکرییەی شاعیر بگرێتەخۆی و هەمیشە لەبەردەم تەوژمی گۆڕانی ڕوانین و تەوژمی شێوە گۆڕینی واتاکاندا خۆی دەخاتە باری هەڵکشان و داکشان و درێژ بوونەوە وکورت بوونەوە....تاد، لەو گەردوونەی جێ نەگیربوونی بۆ چوونەکانی شاعیر و پەرت بوونی ناخی، نەیان توانیوە بەبێ چوونەوە سەر شێوازێکی کاریگەر، ئەم گۆڕنانەی باری خود بنوێنن، ئەم دەرەنجامە فیکری و زمانەوانییانەش وایان کردووە، شاعیر لەگەڵ هەموو قووڵ بوونەوە وردبوونەوەکانی، لەگەڵ هەموو توانا و بەهرەبەگەڕخستنێکی بۆ دۆزینەوەی گەردوونێکی تازە لە جەستەی مانادا، نەتوانێت ئەزموونێکی کامڵ پێکەوە بنێت بەبێ وردبوونەوە و قووڵ بوونەوە لە ڕەگەز و ئەو بنەمایانەی کە دەسەڵاتی زمان دەیخاتە قاوغی ئەزموونێکەوە. لە ڕاستیدا نشوستییە شیعرییەکانی ئەمرۆ زۆر جار لە کورت بینییەکەوە دێتە ئاراوە کە لەناخی واتاکاندا نییە و لەناخی زمانە، مەبەستمان لە زمانیش ئەو تەکنیك و شێواز و ئەو جۆرە دەربڕین و ئەو قاڵبە زمانەوانیانەیە کە لە توانایاندا بێت باری ماناکان لە ئاستێکەوە بگوازێتەوە بۆ ئاستێکی تر، هەر لەم قەیرانەی ڕاگەیاندن و گەیاندنەوەیە، کە مرۆڤی شاعیر بەرەو ڕووی دوو ئاستی ئامادەکراو و نەدۆزراوە دەبێتەوە. لە ئاستێکیاندا بە کاریگەریی پێش وەختەی بابەت و مەعریفەکانی خۆیەوە بەرەو دەربڕین دەچێ و لە ئاستێکی تریشیاندا بەرەو ڕووی گیروگرفتەکانی دەربڕین و

مەرجەکانی شێوازی دەربڕین دەبێتەوە. چۆنێتیی پێداچوونەوەی شاعیر لە دوو توێی هەڵسەنگاندنەوەیەکی کاریگەری زانیارییە بەدەست هێنراوەکانی خۆی، زۆر جار وای لێ دەکەن لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا بە ناخی پەرتیەوە بچێتە گەردوونی دەلالەت و زمانەوە، لەم کارەشیدا هەوڵدەدات لە زۆربەی کاریگەرییە پێش وەختەکانی واتا و زمان خۆی دامالێ لە پێناوی هێنانەکایەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕەزامەندییەکی دەروونی و بەیەك گەیشتنەوەیەکی دەروونی لەم ناخە پەرتەیدا بکاتەوە. وا پێ دەچێت ئەمڕۆ دەربڕین کردن لە شیعردا بەرەو ناوەوەی خۆی و بەرەو دەمامك کردن و بێ لایەن بوون و شاردنەوەی مەبەستەکان بچێت. ڕەگەزەکانی شاردنەوەی بیر و بێ لایەن بوونی دەربڕین بەچەندین ئاستدا تێپەڕ دەبێت. هەر لە چوونەوە سەرواتایەکدا دروست دەکرێن و تەنیا بۆ دەرخستنی بارێکی نا ئاسایی شتەکان بەکار دەهێنرێن.

لەم کارەشدا زمان لە بارەی هەڵکشان و داکشانێکی سەیردا دەبێتە ڕێگەیەکی فراوان لە بەردەم ئەم خاسیەتە پەرت و ناجێگیرەی شاعیر، ئەم سیمایەی تێکەڵ بوونی واتاکان و دەرخستنیان لە شێوازدا بە جۆری زۆر جودا و بە دیاردەی ئەزموونی شیعریی زۆر جودا ڕەنگی داوەتەوە لە مێژووی شیعری بیانی و لە مێژووی ئەدەبی کوردیشدا، کەس نییە نکۆڵی لەوە بکات دوو ئەزموونی شیعری (نالی و گۆران) نهێنییان لە سیحری زمانەوەنییە، بەتەنیا زمان ئەم توانا بەهێز و ئەم گۆڕانە بناغەییانەی لە بەردەم نووسین کردۆتەوە، لەوانەشە ئەم خاسیەتە لە جۆری شیعردا بە شێوەیەکی کاریگەر خۆی سەپاندۆتە سەر دەقەکانەوە. چونکە گەردوون و بنیاتی شیعر لە هەموو جۆرە ئەدەبییەکانی تر بەدەسەڵات و بەهێزترە لە چۆنێتی لە قاوغ گرتنی دەربڕین و بەهێما کردنی دەربڕین و بە چڕکردنەوەی دەلالەتەکانی دەربڕین، هەر ئەم خاسیەتەش وای کردووە شاعیر هەر وەك کاردانەوەیەکی

ناڕاســتەوخۆی بەرامبــەر بــەم بــاری خۆگۆڕین و وەرچەرخانە زمانەوانیانــە، گۆڕانی ناخی خۆی لە پەیوەست بوونی بــە جیهــانی دەرەوەدا بــە دوای ئــەو هۆکــارەدا بگــەڕێت کــە بــاریکی ڕاستەقینە بە ڕوانینــە پــەرت و ناخــە پەرتــەکانی ببەخــشێت، هــەر وەك نوانــدنێکی تــری خــودی خــۆی لــە ئــەزموونی شــیعریدا، ئــەم کــارەی شــاعیریش لــە شــێوازێکدا ڕەنگــی داوەتــەوە کــە خاســیەتی تایبــەت و سیمای تایبــەتی خــۆی هەیــە و زۆر جودایــە لەگــەڵ ئــەو شــێوازانەی کــە هەمیشە بە ڕێگەی جۆراوجــۆر بــەرەو تاساندن و کاریگەرکردنە سەر خوێنــەر و هەژانــدنی خوێنــەر دەچــن، لــە قاوغێکی گوتار ئــامێز و زۆر جــاریش ڕۆژنامەگەر ئامێزدا، گۆڕانی شــیعر و وەرچەرخانی، گۆڕانی بینای دەربڕینــە، گــۆڕانی بینــای زمــان و زۆر جیــاوازە لەگــەڵ ئــەو دەربڕینانــەی ڕۆژانــە دەیبیــستین لــە ڕۆژنامــە و ڕادیــۆ و تەنانــەت لــە قسەکردنیــشماندا. شــیعریش لــەم گۆڕانــەدا دەبێتــە ئــەو جیهانەی لە هــەموو جۆرەکــانی تــری

ئەدەب زیاتر کاریگەرتربێت بەرامبــەر بەڕوانینــەکانی نووســەر لــە جیهــانی دەرەوە و ناخی خۆی، ئــەم خاســیەتەی شیعر هەر وەك پاشەکشێ و لەهــەمان کاتیشدا خــۆ دۆزینــەوەی شــاعیرە لــە وێــستگە دەروونــی و زمانەوانییانــەی دەبنە شوێنی ئــۆقرەگرتنی شــاعیر لــە بەردەم هرووژمی بابــەت و هرووژمــی ئەو شێواز و قاڵبە زمانەوانیانــەی کــە بــەردەوام شــێوە و خاســیەتی خۆیــان دەگۆڕن لە دەربڕین لێکردندا، ئەمــەش وادەکــات شــاعیر گۆڕانێــك بخاتــە سەرتاپای ڕوانینــەکانی لــە دەق و لــە بینای دەق، تەنانەت شاعیر نەك هــەر بەدوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێت کە زۆر جــار مــەرجی بابەتیانــە دەســەپێننە سەری، بەڵکو بەدوای مەســخ کردنــی ڕاستییەکانیــشدا دەگــەڕێت هــەروەك خۆداماڵینێك لەو بەها ڕەوشتی و لــەو مەرجە پێش وەختانەی شاعیر دەکەنــە خــاوەن پرۆژەیــەکی ڕەوشــی، یــان سیاسی، یــان کۆمەڵایــەتی، لێرەشــدا زمان نابێتە تەنیا هۆیەك بۆ گەیاندنی ئەم بارانــەی ڕاســتییەکانی پەیوەنــدی شاعیر بە جیهانی دەرەوە، بەڵکو زمان

دەبێتــــە درێـــژ بوونـــەوە و تێـــك هەڵکێشانێکی ڕوحی و مادیی، شاعیر لە نوانـدن و تیـشك دانـەوەی زەینـی خۆی. زمان تەنیا نابێتـە هۆیـەك بـۆ دەربڕین کردن لە ڕاستییە یەکگرتوو و تـەباکانی مـەعریفیی مـرۆڤ، بـەڵکو دەبێتە ئەو تـەوەرە گـەییو و کامڵـەی لەبەش بەش بوونی یەکـەکانی زانـین و دەربـــڕین لێکـــردن و لـــەتێك دان و ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتەکانی نواندندا، بنیاتی جودا و حاڵەتی جودای کاریگەر بـوونی بەخۆیـەوە دەگرێـت، شـێوازی جـودا و دەلالـەتی جـودا بەخۆیـەوە دەگرێت. ڕەنگدانەوەی باری مـرۆڤ لـە جیهاندا و گۆڕانی دەورەکانی زمان لـە گەیاندندا بە شـێوەیەکی سـەیر لـەلای (سەباح ڕەنجدەر)دا ڕەنگـی داوەتـەوە. زمان لەلای، بە تایبەتی لـە تـازەترین کـارە شـیعرییەکانیدا، ڕەنگدانـەوەی توانا و دەسەڵاتە لە نواندنی واقیعێکی تایبەتـدا، ئـەو واقیعـەی کـە زمـان دەبێتـــە ئـــەو گەردوونـــەی کـــە بەدرێژبوونـەوەی نـاخی خـۆی تێـی دەڕوانێت. تەنانەت دەلالەت و واتـا و ئاماژەکردن و وشەکانیش لەبەردەم ئەم درێژبوونەوەیـــەی نـــاخی خۆیـــدا دەتوێتەوە. ئەو کاتەی دەبینین دەلالەت و ئاماژە بۆ کردن و هێماکـان ئیحـای دیـــاری کـــردن و وەســـف کـــردن و پێناسەکردن بەخۆیانەوە دەگرن، لە هەر وەستانێکی شیعریدا، لە هەر دیمەنێکی شـــیعریدا شـــاعیر هـــەوڵی داوە لـــە بـــەرزترین ئاســـتی چـــڕکردنەوە و بەهێماکردنی ڕستەدا، بەشێك لـەناخی خۆی پێ ببەخشێت، زمان بە بەشـێك لە ناخی خۆی دادەنێت، بەو سـیفەتەی کـە لـە توانـا و دەسـەڵاتی زماندایـە گـــەورەترین گرانـــایی دەروونـــی و گەورەترین پانتایی دەربڕین کـردن لـە ناخێکی پەرتدا بکرێتەخۆی و بەرزترین ئاستی توانەوە بەخۆیەوە ببینێـت لـەم ناخـە پەرتەیـدا. بەمـەش زمـان وەك هۆیـەکی یـەکگرتوو، وەك بنیـاتێکی یەکگرتوو لەگەڵ ناخی شـاعیردا پـەرە دەســەنێ و گۆڕانکـاری دەخاتـە ئـەم ناخەوە، شـاعیر دەیـەوێت ئـەم ناخـە بەش بـەش و ئـەم ناخـە پەرتـەی لـە ئامـاژەی ناتـەبا و دەلالـەتی جـودا و ڕوانینـــی جـــودادا بنوێنێـــت، ئـــەم نواندنـــــەش گەڕانەوەیـــــە بـــــۆ

هەڵسەنگاندنەوەیەکی تری دەوری زمان لە گەیاندنی ماناکاندا، هەر بۆیە زمان لە حاڵەتی بەش بەش بوونیدا، لە حاڵەتی شی بوونەوە و پەرت بوونیدا، لە حاڵەتی یەك نەگرتنەوەی ئەو واتایانەی هەڵیان دەگرێت، دەربڕین لە یەك گرتنەوەیەکی جەوهەرییەی روانینەکانی دەکات. هەر بۆیە ئەم توانایەی زمان لەبەکارهێنانیدا بەش بەش بوونی بابەت و شیکردنەوەی بابەت دێنێتە کایەوە. ئەم خاسیەتە جەوهەرییەی دەوری زمان لەوانەیە گەورەترین سەر کێشییەکانی ئەو بن لە گەڕانەکانیدا بەدوای شێوازێکی نوێ لە دەربڕیندا، ئەو گەڕانەی کە زۆرجار دەبێتە شوێنی لێکدانەوە و لێك نەگەیشتن، نەك هەر ئەم خاسیەتەش، بەڵکو زۆر جار شاعیر لە یەك گرتنەوە و بەش بەش بوونی چەند ڕستە و زاراوە و وشەیەکدا و دووبارە کردنەوەیان جەخت لەسەر بەش بەش بوونی ڕوانینەکانی دەکات، لەم حاڵەتەشدا مامەڵەی شیعر لەگەڵ زماندا دەربڕین کردنە لە بەش بەش بوونی ناخی خۆی، لە بەش بەش بوونی زەمەنی کەسایەتی دەق، هەر ئەم خاسیەتە سەیرانەی توانای زمانە لەلای شاعیر کە ڕێگەی چوونەوە سەر بابەتەکان قورس بکات لە بەردەم خوێنەردا، ئەو خوێنەرەی تا ئێستاش لە بازنەی کاریگەربوون دەرنەچووە بەرامبەر بە ڕستەی زمانی ڕاستەوخۆ و بەرجەستە بوونی بابەتی راستەوخۆ.

بێ شك رەگەز بناغەییەکانی بەکار هێنانی زمان، هەموو رەگەزی نوی نین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك رەگەزی تایبەتی تری شاعیر هەن کە دەرهاوێشنێکی نوێی شاعیرن، بە تایبەتی لەو دەورە مەزن و لەو توانا گەورەیەی بە دەوری وشەی دەبەخشێت لە زماندا، وشە لە لای شاعیر هەروەك ئەو زەڕەبینەیە کە گەردیلە زۆر وردەکانی دەسەڵاتی مانا و ئێستێتیکای جووڵە و مات بوونی زمانمان بۆ گەورە دەکاتەوە، ئەم توانایەش کە (**سەباح ڕەنجدەر**) بە تاکەکانی وشەی دەبەخشێت، زۆر جار جەستەی بابەت پەرت دەکەن و هەندێك جاریش وشە و پەیوەستەکانی وشە بە یەکترەوە ئەوەندە چڕدەبنەوە کە

لەتەنها وێنەیەکی شیعریدا بابەتێکی شیعری کامڵ دروست دەکەن، ئەوکاتەش شیعر بانگێشە بۆ بابەت ناکات، بەقەد ئەوەی لە بابەتەکان وردەبێتەوە و شیان دەکاتەوە بۆ ئاماژە بۆ کردن و ئیحای زۆر چڕ و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێتە سەر دەسەڵاتی وشە لە نواندندا، بابەتەکان چیتر نابنە نەخشەیەکی بناغەیی بەقەد ئەوەی وەسفی بابەتی تێکدەشکێنین، لەم کارەشدا زمان لە هەمان کاتدا بنیاتنان و تێکشکاندنە، بنیاتنانە بەو خەسڵەتەی حاڵەتێکی نوێ بە بابەت دەبەخشێ و دەق لە نەخشەی سەرەتایی بابەت و مەرجی بابەتی دادەماڵێت، تێکشکاندنیشە بەو خەسڵەتەی بابەت لە شێوەی پەرت بوون و بەش بەش بوونیدا دەردەخات و ئەم بارەی بابەت دەبێتە خاسیەتی یەك گرتنەوەیەکی تری بابەتەکانی شیعر. هەر بۆیە زمانی شیعری لەم سێ شیعرەی شاعیردا بوونێکی پتەو و بەهێزی هەیە و واش پێدەچێت خاسیەتە بنەڕەتییەکانی بابەتیش هەر لە میانی توانای زمانەوە دەردەکەون و دەبنە ئەو ڕێگە پانەی کەلێیەوە پەنجەرەك لە ڕووی بابەتەکان دەکاتەوە. هەر ئەم ڕوانینەی شاعیر بۆ بابەت وای کردووە ئەو دەورە بە بابەت نەبەخشێت کە ببێتە هۆی دروست کردنی بنیاتێکی یەکگرتوو. بەڵکو دەبێتە ئەو بنەما جەوهەرییەی کە لە حاڵەتی پەرت بوونییدا یەکێتییەکی تر بە دەق دەبەخشێت کە ئەویش تەکنیکی شێواز و بینایی سینتاکسی ڕستە و توانای ڕستەی شیعرییە بۆ گەڕانەوە و پێداچوونەوەی هەڵکشان و داکشانی زمان. بێگومان هەر لەم بەکارهێنان و دەست کاری کردنەوەیەدا کە ئەو ڕەوایییە تەکنیکی و ئەو شوێنەی بابەت لە دەقدا دابینی دەکات، دەبێتە هاوبەشێکی گرنگی بنیاتی دەقەکان. ئەمەش جیاوازە لەو ڕەوایییەی کە بابەت لە دەقێکی ئاساییدا بۆ خۆی دابینی دەکات و دەبێتە بناغەیەکی بەهێزی دەق بەرامبەر بە شێواز، بەڵکو ئەو توانا و دەسەڵاتەی هەیەتی لەخۆ حەشاردان و خۆ پەرت کردنەوە، دەبێتە ئامادەبوونێکی کاریگەر لە دەقدا، شوێنی بابەت لە شیعرەکانی

شاعیردا ئەو شوێنەیە کە بە چوونەوە سەری ناتوانین ڕوانینێکی بابەتیانە و گشتگیری پێ ببەخشین لەوەی کە پانتاییەکی گەورە لە زەینی خوێنەردا بکاتەوە، بەڵکو دابڕانە جوداکانی بابەت و خۆشاردنەوە و خۆ دەرخستنەوەی لە هەندێك هێڵی باریکدا پێویست بە هەناسەیەکی درێژ و وردبوونەوەیەکی درێژی خوێنەر دەکات تا بتوانێت ئەو هێڵە باریکانە بدۆزێتەوە کە بابەتی بەش بەش بووی شیعرێك لە شیعرەکان دروستی دەکەن، هەر لەدوو توێی ئەو هێڵە باریکانەوە بابەت دەجوولێتەوە و هەروەك بزوێنەرێکی گرنگی دەق و گواستنەوەی وێنەکان و تێپەڕکردنی وردبوونەوە شیعرییەکان و بەدوای یەکدا هاتنی ڕستەکان.

ئەم سیما و خاسیەتە تایبەتییەی بابەت لەلای شاعیر بە ڕای من کارێکی نوێیە و شاعیر لە سەرتای ئەو دووڕیانەدایە کە ڕوانین و بەکارهێنانێکی گشتگیر بەم دەرهاوێشتنە شیعرییە ببەخشێت. ئەم بەکارهێنانەش لە دووتوێی شێوازێکدایە کە ڕەنگدانەوەی ڕوانینی شاعیرە بەرامبەر بەزمان و بابەتی زمان.

شتێکی سەیر نییە ئەگەر بڵێین شاعیر کاری بۆ ئەوە کردووە شێوازێکی تایبەت بەخۆی، جودا لەزۆربەی شێوازی تری دەربڕینی شیعری، بنیات بنێت، شێوازێك کە لە هەندێك ڕەگەزی جودا و تایبەتییەوە لە زۆربەی کاریگەرییەکانی شێوازی شیعری قۆناغە جوداکانی شیعری کوردی دەردەچێت و چەند سیمایەکی تایبەت بەخۆی دەبەخشێت، لەوانەیە یەکەم هەنگاو کە شاعیر لەم مەبەستەیدا نابێتی، دەرکردنی شێوازبێت لە کاریگەر کردنی شتەکانی دەوروبەر و لە دەربڕینی کاریگەر و ڕاستەوخۆ و هەوڵدان بۆ چڕکردنەوەی ڕستەی شیعری تا ڕادەی بەزاراوەکردنی دەربڕین و دروست کردن و بنیات نانی ئیحای شیعری، ئەم گەڕانەش ئەو گەردوونە فراوانەیە کە بینای سینتاکسی ڕستە و توانای وشە و دەوری وشە لەلای شاعیر دەردەخات، هەروەك لە خوێندنەوەی هەموو

شـیعرەکاندا، دەبیـنین لـە سـەرجەمدا شـیعرەکان داماڵـدراون لـەو وشـانەی کاریگەری ڕاسـتەوخۆ و کاریگـەری و شوێنی راسـتەوخۆیان هەیـە لـە سـەر خوێنـەر، ئـەو وشـانەی دەربـڕین لـە حاڵەتی باوی هەسـت و سـۆزی مـرۆڤ دەکەن لە شـێوەی ئاوەڵناوەکـانی وەك (خەم، پـەژارەیی، هەڵـچوون، گریـان، فرمێسك) کـە لەسەرجەمیـشدا بـاری خـەماوی و نائومێـدی ڕاڤـە دەکـەن، هەروەها بزربوونی ئەو فرمانانـەی کـە دەربڕن لەم حاڵەتانە دەکەن و تەنیا ئەو فرمانانە دەبینین کە بـەرەو گـەردوونی (وردبوونەوە و تێڕامـان و سـەرنجدان و ژماردن و هاوتاکردن و وسف و پێناسە کردن و دابەش بوون و...تاد،) دەچن و تـەنیا لـە پێنـاوی خۆدامـاڵین لـەو خاسیەتانەی کـە پـەژارەیی و خـەمی قووڵ راڤە دەکەن، هەروەك ئەو پەلکـە زێڕینەیەی رەنگی جـودا دەردەخـات و لەسەرجەمدا شێوەی دیمەنێکی تـاك و یەکگرتوو دەنوێنێ. وشە لەم نێوانـەدا دەچێتەوە نـاخی دەربـڕین کـردن لـەو حاڵەتانە. هەربۆیە وشە لەشـڵەژانێکی بـــەردەوام دایـــە، جارێـــك خۆیـــان شیدەکەنەوە و جارێك یەك دەگرنـەوە، جارێـك لـە یـەکتر جـودا دەبنـەوە، جارێکی تر دەبنە تەواوکەری یەکتری و درێـــژە بـــەتوانای یـــەکتر دەدەن. بەڕادەیەك وشە دەبێتە چڕبوونەوەیەکی وا کە شاعیر هەموو دەسـەڵاتی خـۆی پێدەبەخشێت، هەموو هەناسە و جووڵە و هەموو ختووکەکانی هەستی خۆی و هـــەموو دەرك پـــێ کـــردن و ناسینەوەیەکی پێ دەبەخشێت. بەمەش پانتاییـەکی مـەزن بـە لێکدانـەوە و شیکردنەوەی وشەکان دەبەخشێت. لـە هەندێك وێنەشـدا وا هەسـت دەکـەین وشە دەبێتە ڕوحی شـاعیر نـەك تـەنیا لەنوانـدن و دەربـڕین لێ کردنـی ئـەو روحە، بەڵکو لەو ژیانەی کە شاعیر بە وشـەی دەبەخـشێت. هـەروەك لـەم شیعرانەدا دەبینین کـە شـاعیر ئەگـەر هەسـت بکـات وشـە ناتوانێـت ئـەم حاڵەتانە بگرێتە خۆی و لە نێوانی ئەو واتایانەدا بتوێتەوە. ئەوا پـەنا دەباتـە بەر مەسخ کردن و تێکدانی بنیاتی ئەو وشانە و دەوری ئەو وشانە لە ڕستەدا. لە ڕاسـتیدا ئـەم کارانـەی شـاعیر لـە گـەردوونی وشـەدا دەسـتەمۆکردن و

ڕاهێنانی دەربڕین لێ کردن و نواندن و بنیات نانی بارێکی نائاسایی وشـەیە، تەنانــەت لــە بــەکارهێنانی پیــت و شیکردنەوەی وشە بە پیتـیش هەسـت بەم هەناسە و بـەم دەنگـە تەنیاییـەی شـــاعیر دەکـــەین کـــە بەشـــیعری دەبەخشێت. ئەم هەناسە ودەنگەی لە هیچ دێڕ و ڕستەیەکدا ناتوانێت دەست بـــەرداری بێـــت و بـــۆ ســـاتێك حەسانەوەیەکی دەروونی و وەستانێکی سارێژکەر بەخۆی و بە وشە ببەخـشێت (جـەنگی پرسـیار و مـەرگی ئاوێنـە) گەواهی ئەم بۆ چوونەمانن، بێگومـان ئەم بارەی کە شاعیر دەیبەخشێتە دەور و بەکارخـستنی وشـە لـە دەربـڕین لێکردنـــدا لـــەو شـــێوازانەی دوور دەخاتـەوە کـە سـیمای هاوبـەش بـە زۆربەی شیعرەکانی ئەمڕۆ دەبەخـشن، لـەو سـاتەی شـیعر دەبێتـە مەیـدانی بانگێشەکردن بۆ لاواندنـەوەی خـود و دەبێتـە مەیـدانی پڕوپاگەندەیـەکی فیکریی خودی شاعیر، کەوا لە شـاعیر دەکات خـۆی لـە ترۆپکـی شـتەکاندا ببینێـت و لـە بـاری ئاسـایی و قـاوغ گرتوودا بمێنێتـەوە بـەردەوامیش لـەم کاریگەرییـــەوە شـــاعیر هـــەوڵ دەدات کاربکاتە سەر خوێنەر و داماڵینی لەو ڕستانەی جۆش و هاندان و دەرکردنـی خوێنـەری تێدایـە لـە خـود و توانـای خودی خـۆی، بەتایبـەتی حاڵەتـەکانی خـەمۆکی بـوون و یـەکێتی بابـەت و گەڕان بەدوای هۆیـەکانی کارتێکردنـە سـەر کەدەبنـە ئاشـکراترین و پـان و پۆڕترین خاسیەتی هاوبەش لە شـیعری ئـــەمڕۆدا. گرنگیـــی ئـــەم شـــێوازە شـیعرییەی شـاعیر نـەك تـەنها لـەم حاڵەتانەوەیـــە، بـــەڵکو لەبـــەر چاوخـستنێکی نـا ئاسـایی بابـەت و ئابلۆقـەدانی بابەتەوەیـە. شـیعر لـە چوارچـێوەی پێناسـە و بەکارخـستنی باوی شـێواز و نـاوەڕۆك دەردەکـات و ناتوانین دەسەڵاتی شـێواز لـە شـێوەی نووسیندا بـە سـەر دەسـەڵاتی واتـادا بەســـەرخەین بـــە پێـــچەوانەی ئـــەم حاڵەتەشـــەوە، چـــونکە ئەگـــەر لـــە شـــیعرەکان و بنیـــاتی شـــیعرەکان وردببنـەوە دەبیـنین شـاعیر زۆر کـەم بایەخی بەم مەسـەلەیەداوە و ئـەو لـە گەڕانەکانیدا بـە نـاو جیهـانی وشـەدا هـــەوڵی داوە زۆربـــەی ئـــەم پێناســـە

ئەدەبییە ئاساییانە تێپەڕ بکات، هەر بۆیە ئەم مەسەلەیە لە شیعرەکاندا نامانگەیێننە ئەوەی حوکمێکی سەرتاپاگیر دەربارەی شیعرەکان بدەین، چونکە ئەم دەسەڵاتە جودایانەی (شێواز ـ زمان) (ناوەڕۆك ـ شێوە) لە حاڵەتی بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەدان لە حاڵەتی جێ گۆڕکێ پێ کردن و گۆڕاندان. ئەمەش هەروەك پەرت کردنی دەورەکانی شێواز وناوەڕۆکە، هەروەك شیکردنەوەی دەوری ڕەگەزەکانی تری شیعرین. واتە ئەو رەگەزانەی ئامادەبوونیان لەتوانای شاعیر و زمانی شاعیرەوە دەچەسپێنن، ئەم دوو رەگەزە بناغەییانەی کاری شیعری وەك دوو تەوەری یەك بنیات و یەك شێواز و یەك بۆ چوونی شیعرین، هەر ئەم گەردوونەی شیعرەکانیشە ڕێگە لە بەردەم شیکردنەوەی زمانەوانی فراوان بۆ لێکدانەوەی دەقەکان دەکاتەوە و لەهەمان کاتیشدا خۆی لە خاسیەتە کاریگەرەکانی شیعری دوور دەخاتەوە و لەبری بابەتی زەق و واتای زەق و دەلالەتی زەق، جیهانی شیعر دەگەڕێتەوە بۆ خەونی سادە و وردبوونەوەی قووڵ و پێداچوونەوەیەکی تری دەرخستنی باری شتەکان لە جیهاندا. باری هەست و بۆچوونەکانی لە جیهاندا.

ئەم کارانەی شاعیر لە زماندا، لە ئامادەبوونی دەلالەتەکاندا، لە ئاماژە بۆکردنە زۆر بەپەلەکانیدا، بەرەو پێکەوەنان و سەرەتای دۆزینەوەی ڕێچکەیەکی نوێ دەچێت لە شیعردا، کەوا پێدەچێت ئەم گەمەیەی بەزمانی دەبەخشێ لە تێکدان و بنیات نانەوەی دەوری وشە و مەسخ کردنی بەکارهێنانی وشە و رستە و وێنە شیعرییەکان، بۆ ئەوە بەکارخراون واتای نوێ و دەوری نوێ بەدینامیکییەتی وشە ببەخشێت، رەگەزەکان و هۆیەکانی ناسینەوەی شێواز و ئەم بەکار خستنە شیعرییەی زمانیش، رەگی خۆیان هەیە لە دەسەڵاتی بەزاراوەکردنی ڕستەی شیعری لە شێوەی ناو و ئاوەڵناو و هەڵکشان و داکشانی فرمان و هەندێك جار شێواندنشیان لە پێناوی بەخشینی مەودایەکی تر و هەناسەیەکی تر بەوشەکان، ئەو وشە و ڕستە و وێنانەی

وەك مۆنتاژكردنێكی بابەتی و شێواز ئامێز دەكەونە بەرچاو، وەك توانایەكی تری دەورەكانی ڕەستە بەكارهێنراون و زمانی شیعریش دەبێتە ئابلۆقەدانی هەموو ئەو مەرجانەی پێشوەختە لەكاری شیعریدا، شاعیر لە هەندێك وێستگەی دیاری كراودا دەهێڵنەوە. هەروەك و ئابلۆقەدانی بابەت لە ناخی تێكشكاندنی بابەتەوە، زمان دەبێتە شوێنی جووڵە ناخەكییەكانی خود و دەبێتە ئامرازی تێك شكاندن و پەرت كردنی خود، لە جەستەی توانی بەش بەش بوونی ڕوانینەكان و لەیەك نەگرتنەوەی زۆربەی ئاماژە بۆ كردن و دەلالەتەكاندا كە تەنیا وێنەیەكی شیعری و تەنیا دەقێكی شیعری دەیانگرنە خۆیان، لەم كارەشدا زۆرجار ڕستەكان لەیەك دوور دەكەونەوە، ئەگەر بەزانیاری و مەعریفی پێشوەختەمان لەشیعردا بڕوانینە پێكهاتەكانی ڕستە، ڕستە لەسەرجەمی ئەم شیعرانەدا هێڵی بەیەك گەیشتنەوە و دووركەوتنەوەیان لەنێوان دا هەیە، هەروەك داربییەكی چیایی لەگەڵ بای هەر لایەكەوە ورشەیان لێ بەرز دەبێتەوە لەوانەیە دروستكردنی حاڵەتی هاتنە دەنگی زاراوە و وشە و پیت و ڕستەكان جوانترین مەودای ئێستێتیكی و زمانەوانیمان لەلادا دروست بكەن، كە توانایان نەك تەنیا لە تێكشكاندن و مەسخ كردنی دەلالەت و دەوری وشە و ڕستەكانەوە بێت، بەڵام توانایان لەو گەڕانەدایە كە لەپێناوی دۆزینەوەیەكدا خراوەتە گەڕ كە بتوانێت بەدیلێكی گونجاو تەباییەكی ناخەكی ماقووڵترو ڕێكخستنێكی تەباتر لەبەردەم تێكەڵ بوونی ئەم ڕەگەزانە بكاتەوە. ئەم بۆچوونەی تێكشكاندن و بنیات نانەوەی شێوازی دەوری زمان نەك تەنیا لەلای شاعیر، بەڵكو بە شێوەی جودا و بەڕێگەی جودا لە لای میللەتانی تردا ڕەنگیان داوەتەوە و بوونەتە ڕێگەی ئەزموونی نوێ لە شیعردا، هەروەك و ئەو ئەزموونە ئەدەبییانەی كە دەربارەی توانای زمان و ئەو ڕایانەی لەربارەی فەنا بوونی شتەكان هاتوونەتە كایەوە، بەڵام لێرەدا گرنگترین خاسیەتی بەكارخستنی زمان لەلای شاعیر خاسیەتی بەكار

خـستنێکه کـه ڕەگـی خـۆی هەیـه لەبنیاتی زمانی کوردیـداو بـه هـیچ جۆرێك نـا چـێتەوە سـەر ئـەو قالّبـه شـیعری و زمانەوانییانـەی کـه بۆیـان هەبێ بچنەوە سەر زمانێکی تـر، یـان کاریگـەریی بـوونی بـەزمانێکی تـر. هەروەك دەبیـنین لـەم سێ شـیعرەدا، زمـان دەبێتـه ئـەو سـنوورانەی کـه بەردەوام درێژ دەبنـەوە لـه گـەردوونی واتـا و ئامـاژە بـۆ کردنەکانـدا، بەڕادەیەك شاعیر ویستوویەتی هـەموو نـاخ و هـەموو ئامـادەبوونێکی کەسایەتیی و ڕۆشنبیری و زەینی خۆی بـەو زمانـه ببەخـشێت، ئەمـەش ئاوەژووی لێکدانەوەی ئەو بیرەیـه کـه زمـان بـه کـورتبینی لەقەلّـەم دەدات بەرامبەر به هرووژمی ناخی مرۆڤ. بـه پێـچەوانەشەوە شـاعیر مەسـەلەی دامـالّینی شـیعر لـه خالّبەنـدی و دروستکردنی دەنگ لە پیتەکاندا، شی کردنەوە و یەکگرتنەوەی وشه و ڕسـته و دووبارەکردنەوەی زێـدەڕۆیی وشـه و ڕستەوە. ویـستویەتی ئـەو گرانـایی و ئـەو ڕاسـتیی و ئـەو دەسـەلاّتە بـه دەربڕین ببەخشێت کە ئاسته جوداکانی گەیانـدنی واتاکـان تێپـەڕ دەکـات، تەنانەت لەزۆر شـوێندا هەسـتدەکەین ئاوەژووکردنەوەی ئاوەلّناو و ناوەکان له بەجۆشـهێنان و خرۆشـاندنی زمانەوانیـەوە سـەرهەلّدەدات واتـای شیعر له خـودی زماندا هـەروەك لـه شـیعری (مـەرگی ئاوێنـە)دا سـەرنجی دەدەین توانای دروست بوونی واتایه له بـوون و نـەبوونی خـودی واتاکانـدا، گەڕانەوەیه بۆ سیحری وشە و سـیحری له دایکبوونی وشـه و پراکتیزەکردنـی دروسـتبوونی واتـای نـوێ، هـەروەك ئـەوەی شـاعیر هـەولّی داوە لـەدایك بوونەوەیـەکی دیـالێکتیکی نـوێ لەجەستەی زماندا بکاتـەوە، هـەروەك ئیمکان بوونی گەیانـدن، لـه مـەحالّی گەیاندنەوە، بەشـێوەیەکی تـر زۆرجـار لەتێك چوون و لەدەستدانی واتاکان له ڕسـتەیەکدا، لـه زاراوەیەکـدا، لـه وشـەیەکدا، واتـای تـر دێتەکایـەوە ئەمـەش ناگەڕێتـەوە بـۆ مەسـەلەی بەرزبوونەوەی توانا و دەسەلاّتی زمـان بەرامبـەر بـه ئامـادەبوونی واتاکـان، پەیوەندی زمان و دەلالەت کردن لەلای شاعیر پەیوەندییـەکی دیالێکتیکیـه و

هەموو پانتاییەكانی ستوونی و درێژبوونەوە و پانبوونەوەی واتاكان دەگرێتە خۆی، لە بەش بەش بوونی یەكەكانی زمانەوە هەست بەیەكگرتنەوەیەكی ناخەكی زمان دەكەین، لەیەكگرتنەوەی وشەكاندا. هەست بە دابڕانی واتاكان دەكەین و هەست بە بەش بەش بوونی واتاكان دەكەین، ئەم كارانە لە بناغەوە كارێكن بۆ دۆزینەوەی بنەمای نوێ و ڕەگەزی نوێ دینامیكیەتی نوێ لە جەستەی زماندا. زمان بەردەوام توانای كردنەوەی ئاسۆی نوێ دەربڕین كردن لە بەردەم شاعیر دەكاتەوە. وەك نوێنەرێكی باری راستەقینەی شتەكان.

بێگومان ئەم ڕوونكردنەوەی زمان لای (شاعیر) گرنگیی خۆی هەیە، چونكە بنیاتی زمان دەبێتە بنیاتی دەربڕین و شێواز و دەلالەت، هەر ئەم خاسیەتە سەرتاپاگیریەی ڕوانینەكانی شاعیر وردبوونەوەكانیەتی كە بەردەوام دەچنەوە سەر جیهانە بەش بەش بووەكەی، شاعیر لەناوەندێكدا كاریگەرییەكانی ناوەوە و ناسینەوەی ئەو كاریگەرییانە. ئەم خاسیەتە بەش بەشەیان بڕوانینەكانی بەخشیوە لێرەشەوە هەوڵ دەدەین هەندێك لەم بۆچوون و هەندێك خاسیەتی گشتی بەكارهێنانی زمان لەلای شاعیردا بدۆزنەوە لەشیعرەكاندا، بچینەوە سەریان ئەوساش هەریەكە لەم سێ شیعرانە دەكەینە مەیدانی لێكۆڵینەوەی بابەتیانەوەی شیعرەكان لەخودی زمانی شاعیرەوە نەك لەڕوودا و بەسەرهاتەكانی ژیانەوە شیعرەكانیش ئەمانە:

**1 ـ جەنگی پرسیار**

**2 ـ مەرگی ئاوێنە**

**3 ـ ڕێزمانی كۆڵانەكان**

# زمانی کوردی ناوگری نییە

ئیبراهیم موڕادی

**پوختە**

مەبەستی ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەیە لە سەر ئەم پرسیارە کە ئایا لە زمانی کوردیا ناوگر هەیە یا نە؟ زمانناسی نوێ تاقمێك لە زاراوەگەلی کۆنی بە واتایەکی نوێ بە کار بردووە، یەکێ لەوانە ناوگر(infix)ە. لەم وتارەدا دوای دەربڕینی بۆچوونی زمانناس‌گەلێ وەك ئارۆنۆف، فوودمەن و کاتامبا دەربارەی ناوگر (بنواژەیەکە کە ئەکەوێتە ناو یەك بنواژەوە) و چاوخشانێك بە سەر بۆچوونەکانی پێشوو دەربارەی ناوگر لە زمانی کوردیدا نیشان ئەدەین، کە لە زمانی کوردیا ناوگر بە واتای نوێ نییە. ئەوەی کە ڕێزماننووسەکان ناوگری پێ ئێژن بە پێناسەی زمان‌ناسی نوێ واژی پووچ (empty morph) یا سیماساز یا فۆرمساز(formative)ە.

وشە سەرەکیەکان: بنواژە، ناوگر، واژ، واژی پووچ، پۆشگر، سیماساز، بەینگر، دەروونگر

infix, Key words: morpheme, morph, empty morph, circumfix, formative, interfix, transfix

## پێشەکی

زمانناسی زانستێکە کە بە شێوەیەکی زانستیانە لە زمان وتار دەکۆڵێتەوە. لە بەر بەربڵاوی ئەم زانستە و ئاسانی تۆژینەوە، زمانناسان لە ڕوانگەگەلی جیاوازەوە زمان شرۆڤە دەکەن. بە هەر کام لەم ڕوانگەگەلە یا شاخەگەلە ئێژین ژێرشاخەی زمانناسی. مۆرفۆلۆژی یا واژەناسی (لە فارسیا ئێژن ساختواژە) یەکێکە لەو ژێرشاخانە کە ساختمانی ناوەکی وشە یا واژە i ئەتوژێتەوە. لە پێشدا واژەیان بە چکۆلەترین بەشی واتاداری زمان ئەناسی کەچی ئێستا زمانناسان ئەزانن بەشی چکۆلەتر لە وشە یا واژەش هەیە کە واتادارە. واژەناسی بەشە واتادارەکانی واژە و شێوەی ڕیزبوونیان بۆ چێکردنی واژە ناس ئەکا. بە وتەی بۆی(2005) واژەناسی ڕێزمانی واژەیە. لە بەشی دووهەمی ئەم وتارەدا بنواژە و جۆرەکانی گیرەك پێناسەئەکەین. لە بەشی سێ‌دا بۆچوونەکانی پێشوو لەسەر ناوگر لە زمانی کوردیا ئەخەینە ڕوو. لە بەشی چواردا وڵامی پرسیاری سەرەکی وتارەکە لە سەر بنەمای زمانناسی نوێ ئەدەینەوە کە ئایا لە زمانی کوردیا ناوگر هەیە؟ و لە کۆتایی‌دا ئەنجامی بابەتەکە ئاراستە ئەکرێ.

## گیرەك و جۆرەکانی

ڕێزماننووسان واژەیان بە چکۆلەترین دانەی واتاداری زمان ئەزانی. زمانناسی نوێ لە ڕێگای واژەناسییەوە (morohology)دەری‌خست کە وانییە و دانەی واتاداری چکۆلەتر لە واژەش هەیە، ئەگەرچی تا ئێستا نەیتوانیوە بە ڕوونی واژە ناس‌بکا. دانەی چکۆلەتر لە واژە، بن‌واژەیە. واتە واژە لە یەك یا چەند بن‌واژە دوروست بووە. بن‌واژە واتایەکی هۆشەکییە و کاتامبا(1992) ئاوا ئەیناسێنێ: «کەمترین و چکۆلەترین جیاوازی کە لە سیمای یەك واژەدا ئەبێتە هۆی کەمترین و چکۆلەترین

جیاوازی لە واتای واژە، ڕستە یا ساختمانی ڕێزمانیدا». مەبەستی کاتامبا ئەوەیە کە ئەگەر دانەیەکی زۆر چکۆلەش بە واژە یا ڕستەوە زێدەبێ و ببێتە هۆی گۆڕانی واتای واژە یا ڕستەکە یا جیاوازییەك لە ساختمانی ڕێزمانی ڕستەکە پێك بێنێ ئەو دانە بنواژەیە.

وتمان بیرۆکەی بنواژە دیاردەیەکی هۆشەکییە. کە وایە ئەبێ چۆن نیشانی بدەین؟ واژەناسان لە زاراوەی واژ(morph) بۆ پیشاندانی سیمای فیزیکی بنواژە کەڵك وەر ئەگرن. یەك بنواژە ڕەنگە چەن شێوەی دەرکەوتن یا واژی هەبێ. بۆ نموونە بن واژەی ڕابردووساز کە یەك بنواژەیە و یەك واتای هەیە، چەن سیمای فیزیکی یا واژی هەیە:

2 ).

بە ئەلفبێی IPA نیشاندراوە و 2 نیشاندەری پووچە.)

بە بۆچوونی زۆربەی زۆری ڕێزماننووسەکان گیرەك تاڕادەی بنواژەکانی تر بەتایبەت واژەکان لە زماندا بایەخی ئەوتۆی نییە“ واتە گیرەك بایەخی لە بنواژەکانی تر بەتایبەت لە واژە کەمترە. بۆیە هەندێکیان تەنانەت گیرەك بێواتا ئەزانن و هەندێکیان پێیان وایە کە واتای گیرەك تەنیا کاتی پەیوەست بوون بە بنجەوە دەرئەکەوێ. پرسیاری گرینگ ئەمەیە کە چۆن دانەیەکی زمانی ئەبێ بێواتا بێ؟ کە وایە نەخشی دانەیەکی بێواتا ئەبێ چی بێ یا چۆنە کە دانەیەکی بێواتا دوای پەیوەست بوون بە بنجێکەوە واتا بەدەست دێنێ؟ ئایا ئەو پرۆسەی پێوە لکانە بە گیرەکەکە واتا ئەدا؟

لیبر(2004) زۆر بەجوانی ئەرکی گیرەك شیئەکاتەوە. ئەو لە سەر ئەو باوەڕەیە کە هەر دانەیەکی زمانی ئێسکەپەیکەرێکی واتایی (semantic skeleton) و جەستەیەکی واتایی(semantic body) هەیە. ئەو پێی وایە کە گیرەکیش هەر لەو دانە واتاییانە پێك هاتووە کە واژەی لێ دروست بووە و هەر وەك دانەکانی تر ئێسکەپەیکەری واتاییان هەیە بەڵام جەستەی واتاییان زۆر لاوازە یا هەر

نییانـه. کـه وایـه گیرەکـیش ئـەرکی بەرچاو لـە زمانـا ئـەگێڕێ و بایـەخی تایبەتی خۆی هەیە و بێواتا نییە.

بـنواژە لـە ڕووی ئـەرك و واتـاوە دابەش ئـەکرێ. بـنواژە یـا ئـازادە ( وەك: ناو، هەویر، لـە) یـا بەنـد(وەك: زان-، -وولـە، -مەنـد) یـا واتاییـە (وەك: کار، ئازادی) یا ڕێزمـانی(کـە، بەرەو، بۆ). گیرەکەکان بنواژەی بەند و شەش جۆرن کە لە درێژەدا هەرکامیان بە جیا پێناسە ئەکرێن.

**پێشگر:** بنواژەیەکە کە ئازاد نییە و بەر لە بنج یا پایە دێ. وەك: «بـە» لە «بەهێز»ا. واتای ئەم بنواژەیـە لـە کۆن و زمانناسی نوێدا هەریەکن.

پاشگر: بنواژەیەکە کـە ئـازاد نییـە و دوای بنج یا پایـە دێ. وەك: «مـەنـد» لـە «هونەرمەنـد»ا. واتـای ئـەم بـنواژەیـەش هـەر وەك واتـای ڕێزماننووسی کۆن وایە.

نـاوگر(infix):ئـارۆنۆف و فودمـەن (2005) ناوگر ئاوا پێناسـە ئەکـەن: ناوگر ڕیزە دەنگێکە کە پێش یا پـاش پایە یا بنج (ئەو واژە یا بنـواژەی کـە گیرەکی پێوە ئەلکێ) ناکەوێ بـەڵکوو ئەکەوێتە ناو پایەوە. ئینجا نموونەیەك لە زمانی تاگالۆگی و لە مەك‌کارتی و پـرینس(1993) و فـرنچ(1988) ئەگێڕنەوە: ناوبەنـدی -um- بـەر لـە یەکـەمین ڤـاوڵ، دەنووسـێ بـە ڕەگـی کارەوە و ناوی بکەر ساز دەکا:

(1) (کەسـێ کـە نووسـی)
/sulat/ + -um- → /s-um-ulat / (نووسین)

(کەسێ کە دەرسی تەواو کرد)
/gradwet/ + -um- → /gr-um-adwet / (دەرس تەواو کردن)

کاتامبا(1993) واژگەڵێ (morph) کـە پیـشاندەری هـیچ گیرەك نین و تـەنیا لـە ڕۆنـانی واژەدا بەشـداریئەکـەن واژی پـووچ جج(empty morph) ناو ئەنێ و ئەم نموگەلە لە زمانی ئینگلیسیەوە دێنێت و لای وایە کە -u- واژێکی پووچە:

2. a) medicine + -al = medicinal
person + -al = personal
tribe + -al = tribal
b) sense + - al = sens -u- al

fact + -al = fact-u-al

لە (2.a)دا، al- بە ناوەو نووساوەو ئاوەڵناوی چێ کردیە کەچی لە (2.b)دا بێجگە لە پاشگری al- سیمایەکی بە ڕواڵەت بێ واتای هەیە کە واژی پووچی پێئێژێ(واتەج u- ). کاتامبا ئەم زاراوە بە باش نازانێ چون ئەم دانە زمانییە نیشاندەری هیچ بنواژەیەك نییە. ئەو ناوی ئەم دانە زمانییە ئەنێ سیماساز(formative)، ئەگەرچی هەندێك لە سیماسازەکان بنواژەن بەڵام ئەم جۆرە سیماسازانە بنواژە نین.

بەینگر(interfix): شەقاقی (1386 ه) دوای ئەوەی کە ئەڵێ لە زمانی فارسیا ناوگر نییە بەینگر ئاوا پێناسە ئەکا: گیرەکێکە کە لە بەین دوو واژەدا دێ و هیچ کات بە سەرەتا یا کۆتایی واژەوە نالکێ بەڵکوو لە نێوانیانا دەرئەکەوێ و لەباری گۆکردنەوە بە واژەی یەکەمەوە ئەچەسپێ وەك:
تکاپو، دمادم، سراسر، برابر.

دەروونگر(transfix): ئەم گیرەکە تایبەت بە زمانە سامییەکانە. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە گیرەکە جۆرێ گیرەکی ڤاوڵییە واتە تەنیا لە ڤاوڵ سازبووە کە لە ناو ڕەگێکا هەڵئەکەوێ کە تەواو کۆنسۆنانتە و چون لە دوو بەش دروست بووە ئەتوانین پێی بێژین گیرەکی پچڕاوی ناوەکی. بۆ نموونە /-o-,-u-/ دەروونگرێکە کە ئەکەوێتە ناو ئەم ڕەگانەوە: /rsm/,/drs/, /rmz/ و ئەم واژانە چێ ئەکا: /rosum/,/dorus/, /romuz/.(شەقاقی،1386ه)

پۆشگر(circumfix): پۆشگر گیرەکێکە کە دوو بەشی هەیە. بەشێکی بەر لە پایە یا بنج دێ و بەشێکی دوای ئەو. ئەم جۆرە گیرەکەش کێشەی لە سەرە چون ئەتوانین بێژین پۆشگر لە بنەڕەتا دوو گیرەکە: پێشگرێك و پاشگرێك کە هاوکات بە یەکەوە دێن. ئارۆنۆف و فودمەن (2005) نموونەیەك لە مەکدونالد(1976) و بیرد(1998) لە زمانی ئەندوونزیایی دێننەوە: ke-...-an پۆشگرێکە کە بە بنجی besat (گەورە)ەوە دەلکێ و ناو

ke-besat-an (گـــــەورەیـــــــی) چێ‌ئەکا.

## ناوگر و زمانی کوردی

ڕێزماننووسان بە گشتی لە سەر ئەو باوەڕەن کە سیماگەلێ وەك -ە، -لە و ... لەم واژانەدا ناوگرن: بەرد+ە+نوێژ، مانگ+ە+شەو، گوێ+لە+مست، ئەڵقە+لە+گوێ، ماڵ+-ەبە+ساوار، ماڵ+-ەبە+جاش، ڕەنگ+او+ڕەنگ، جۆر+-او+جۆر، لێ+-وان+لێو، پارچە+بە+پارچە، هەش+-بە+سەر، دەور+-ان+دەور، بەر+-ام+بەر، سەر+-تا+سەر، سەر+-تا+خوار و ... (نموونەکان لە شەجیعی و تەیفووری 1380 گیراون).

کەڵباسی(1362ھ.) کە یەکێ لە بەناوبانگترین کتێبگەلێکە کە لە سەر زمانی کوردی لە ئێران نووسراوە لە سەر ئەم باوەڕەیە کە «-وو، -ی، -ە، -ەو، -او، -بە، -بەرەو» لەم واژانەی خوارەوە ناوگرن: بەژنوبالا، خشتیسوور، بەردەپێ، پاشەوپاش، گۆشاوگۆش، دەسبەجێ، سەربەرەوخوار. ئەگەرچی ڕەنگە زۆرکەس ئەو سیمایانەی سەرەوە بە ناوگر ئەزانێ خاڵێکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە -ی لە «خشتیسوور»ا بنواژەی خستنە پاڵە نە ناوگر.

وریا عومەر ئەمین(2004) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەم سیمایانە لە زمانی کوردیا ناوگر نین. ئەو لە سەر ئەم بابەتە ئاوا ئەنووسێ:«ئەفێکس سێ جۆرە (پێشگر، ناوگر، پاشگر). پێشگر ئەو ئەفێکسەیە کە لە پێش ڕەگەوە دەرئەکەوێ وەك (هەڵ-، -ڕا، -نە ... هتد) لە (هەڵگرتن، ڕاگرتن)دا. ناوگر ئەو ئەفێکسەیە کە لەناو ڕەگدا دەر ئەکەوێ. لە زمانی کوردیا ئەم جۆرە ئەفێکسە نییە. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیا ڕەگی ktb چەمکی نووسین ئەگەیەنێ. ناوگری -i-â ئەیکا بە kitab (کتێب) و ناوگری â-i ئەیکا بە kâtib (نووسەر). دوایی ئامـاژە بەم خاڵەش ئەکەین کە لەزمانناسی نوێدا ئەمەش بە ناوگر ناناسن.

مەسعوود محەمەد(1976) لای وایە کە سیماگەلێ وەك -بە-، -ەو-، -ا- ناوگرن و کەتوونەتە ناو «شەق، ئاسار

و بزووتن» و واژەگەلێ وەك «شــەبەق، ئاسەوار و بــزاوتن»یــان چــێکــردووە. محەمــەد مــەعرووف فــەتاح و ســەباح ڕەشید قادر(2006) ئەمە بە ناڕاست ئەزانن و ئەڵێن ئەگەر ئەمانە نموونــەی دروستی ناوگریش بن ناوگر لە کوردیا وەك پاشماوەی کۆن دەبینــرێ و نابێتــە کردەیەك کە لــە ئێــستای زمانەکــەدا بەرهەمی نوێ دەرکات و بیخاتە ســەر زاری خەڵکی و ناو فەرهەنگ بــەڵکوو دەبێتــە دیاردەیــەکی مێــژوویی لـــە ناوچـــوو. لام وایـــە فـــەتاح و قادر(2006) تــا ڕادەیــەکی زۆر بــە باشــی ڕوونیــان کردووەتــەوە کــە لــە زمانی کوردیا ناوگر نییە. ئەوان چــەن خالێك بۆ سەلماندنی بۆچوونی خۆیــان دێننەوە. یەك لەوانە ئەوەیــە کــە ئــەم ســیمایانە ئەگــەر نــاوگریش بــن لــە چالاکی کەوتگن و بوونەتە بەشێك لــە مێژووی زمانی کوردی. دووەم ئەوەیــە کە تەنیا گوڵێك نیشانەی بــەهار نییــە واتە بە نموونەیەك ناتوانیین بێــژین کــە ئــەوە پرۆســەیەکی دارشــتنی واژەیــە. ئەوان ئەم واژانە بە ناوێزە ئەزانن. بــە ناوێزە زانینی ئەم واژەگەلــە نیــشانەی ئەوەیە کە کە نــەیانتوانیوە هــۆی ئــەم ڕووداوانە دەرخەن. لام وایە هــەر کــام لەمانە پەیڕەوی یاسایەك ئەکــەن کــە ئەمڕۆ چالاك نین یا لە زمانێکی ترەوە گیراوە. بۆ نمونــە ئاســەوار ڕەنگــە لــە ئاســـاری عەرەبییـــەوە گیرابـــێ یـــا بەشێوەی شوێنەوار دروست کرابێ.

بوون و نەبوونی ناوگر لــە زمــانی فارسیـــشدا وەك کێـــشەیەك لـــە نـــاو زمانناس و ڕێزماننووسەکاندا درێــژەی هەیــە. بــەڵام ئــەمڕۆ زۆربــەی زۆری زمانناسەکان لەسەر ئەوباوەڕەن کە لــە زمانی فارسیشدا ناوگر نییــە. هــەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێکــرد شــەقاقی (1386هـ) لە سەر ئەو باوەڕەیە کە لە زمانی فارسیا ناوگر نییە چــون نــاوگر ئەکەوێتە نــاو بنــواژەوە و لــە زمــانی فارسیدا واژەی وەك «دمدم»، «سرسر» یا «بربر» نییە کە بنواژەیەك کەوتبێتە ناویەوە و واژەیەکی نــوێی چــێکردبێ: دمـــــادم، سراســـــر، برابـــــر. تەباتەبایی(1382هـ)یش لای وایە کە لە زمانی فارسیا ناوگر نییــە و باســی سیماساز ئەکا و لە سادقی (1353هـ) ئەگێڕێتــەوە کــە «ال» لــەم واژانــەدا

(سهل‌الوصول، صعب‌العبور) جۆرێ سیماسازە و هەر ئەو کارە ئەکا کە «ا» لەم واژانەدا ئەیکا: دمادم، سراسر.

تا ئێرە باسەکە دەری‌خست کە لە زمانی کوردیدا ناوگر نییە. ئەگەر سیماسازێك وەك -او- لە ڕەنگاوڕەنگ و —ان- لە سەرانسەر و بەرانبەرا ئەرکی گیرەکیان هەیە با بتوانن واژەیەگی نوێ ساز کەن. بە لە بەر چاوگرتنی پێناسەی ناوگر بە ڕوونی دیارەکە لە زمانی کوردیا ناوگر نییە. چون زمانی کوردی بنواژەی وەك بەردنوێژ، گوێ‌مست، ماڵ‌جاش و هتد... نییە کە —ە، لە و ... کەوتبێتە ناویانەوە و واژەیەکی سازکردبێ.

## ئەنجام

لەم وتارەدا لەسەر بنەمای زمانناسی نوێ بن‌واژە و جۆرەکانی گیرەکمان پێناسە کرد. بیجگە لە سێ زاراوەی پاشگر، پێشگر و ناوگر کە هەرسێ گیرەکن چەن گیرەکی‌تریشمان ناساند: بەینگر(interfix)، دەروونگر(transfix)، پۆشگر(circumfix). هەموو گیرەکەکان بن‌واژەن و پاشگر و پێشگر هەر بەو واتایە کە ڕێزماننووسان بە کاری دێنن و لە زمانناسی نوێش‌دا بەکار دێ، بەڵام ناوگر واتایەکی جیاوازی لە واتای پێشوو هەیە: ناوگر ئەو بن‌واژەیە کە ئەکەوێتە ناو یەك بنواژەوە نە دوو بن‌واژە. کە وایە نموونەگەلێ وەك «تا» لە «سەرتاسەر»ا ناوگر نییە بەڵکوو سیماسازە. کەواتە لە زمانی کوردیا ناوگرمان بە واتای نوێ نییە. بە کورتە سەرەنجێکی بەینگر، دەروونگر و پۆشگر بۆمان دەرئەکەوێ کە لە زمانی کوردیشدا ئەم سێ گیرەکە نابینرێن.

وتار

## سەرچاوەکان

**-کوردی**


شەجیعی، ڕەزا و مەنسوور تەیفووری (1380ھ)، بابەتەکانی وانەی زمانی کوردی(2)، ئامادە کردنی ئەنجومەنی فەرهەنگی-ئەدەبی پەیڤ، سەقز.

-عومەرئەمین، وریا (2004)، چەند ئاسویەکی‌تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، هەولێر: ئاراس.

فەتاح، محەمەد مەعرووف و قادر،

سەباح ڕەشید (2006)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، سلێمانی، دەزگای بڵاوکەرەوە: بەشی ڕووناکبیری.

محەمەد، مەسعوود (1976) چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

**-فارسی**

طباطبايي، علاءالدين (1382) اسم و صفت مركب در زبان فارسي، تهران: مركز نشر دانشگاهی.

صادقي، علي‌اشرف (1353)، «دربارەي تركيبات الدار عربي در فارسي»، مجلەي دانشكدەي ادبيات و علوم‌انساني، دانشگاه تهران، شمارەي 2 و 3، سال 21، ص 136 ـ 129.

كلباسي، ايران (1380)، ساخت اشتقاقي واژه در فارسي امروز، پژوهشگاه علوم‌انساني و مطالعات فرهنگی : تهران.

شقاقي، ويدا (1386)، مباني صرف، تهران: سازمان مطالعه و تدوين كتب علوم انساني دانشطاەها (سمت).

**-ئینگلیزی**

Aronoff, mark & Fudeman, k. (2005), What is Morphology? : Blackwell publishing.

Beard, Robert (1998), Derivation, The Handbook of Morphology, ends Adnrew Spencer and Arnold M. Zwicky, 44-65. Oxford : Blackwell.

Booij, Geert (2005) The grammar of words: an introduction to linguistic morphology, Oxford: Oxford University Press.

French, K.M. (1988), Insights into Tagalog reduplication, in fixation and stress from non-linear phonology, MA thesis, university of Texas, Arlington.

Katamba, F. (1993), Morphology, MACMILAN PRESS LTD.

Lieber, R. (2004), Morphology and Lexical Semantics, Cambridge: CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.

Mc Carthy, John J. and Alan S. prince (1990) Foot and word in prosodic morphology: the Arabic broken plural, Natural Language and Linguistic Theory 8: 209-83.

Mc Donald, R. ROSS (1976) Indonesian Reference Grammar, Washington: Georgetown University Press.


## پەراوێز

[1]- لام وایە بە کارهێنانی واژە لە وشە باشترە چون پێم وایە واژە لە ڕەگی

ئێستای «وتن»ەوە هاتووە (ئێژم، ئێـژی، ... ) و لە لایەتریـشەوە زۆر واژە هەیـە کـە لــە فارسـیا بــە «ش»وە گـۆدەکریٚ بێجگــە لــە «واژە» وەك دشــوار:دژوار، شمــارە: ژمــارە، دشمــن: دوژمــن و ....، کەچی هەر ئـەو واژانــە لـە کوردیـا بـە «ژ»وە گۆدەکرێن بێجگە لە وشە.

وتـــار

# هەڵسەنگاندنی بابەتە ڕێزمانییەکانی کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی

## بەشی یەکەم

ئامادەکردنی
قادر حەسەن وسو

بەسەرپەرشتی
نەریمان عەبدڵلاخۆشناو

### پێشەکی

زمان ناسـنامەی نەتەوەیـە، بـەو واتایەی هەر نەتەوەیەك خاوەنی زمانی تایبەت بەخۆیەتی، کە ئـەو زمانـەش بەپێی چەند یاسـا و دەسـتورێك ڕێـك دەخرێت.

زمانی کوردیش زمـانی نەتــەوەی کوردە کە چـەند یاسـا و دەسـتورێکی هەیە، بۆیە ئەرکی ئێمـە ئاشـناکردنی نەوەکانمانــە بــەو یاســا و دەســتورە، بەتایبەت چینی خوێندکار هەربۆیـەش وەزارەتی پەروەردە پلانــی دانـاوە کـە زمــانی کــوردی لــە پرۆگرامــەکانی خوێندن لە پۆلی (یەکەمی بنەڕەتی تا دوانزەی ئامادەیی بە وانەیەکی تایبەت بخوێنرێت، وەزارەتی خوێندنی باڵاش لە زانکۆ و پــەیمانگاکان بەشــی تایبــەتی هەیە لەسەر زمانی کوردی.

بێگومــان کــاری لێکۆلینــەوە

کــارێکی ئاســان نییــە، بــەڵام بــۆ خزمـــــــەتکردنی زمانەکــــــــەمان بەشـــــــــێوەیەکی زانـــــــــستیانە لێکۆڵینەوەیـــەکمان لەســـەر بابەتـــە ڕێزمانییەکانی کتێبی (زمان و ئەدەبی کــوردی) پــۆلی هەشــتەمی بنــەڕەتی ئەنجامــــــداوە بـــــە ناونیـــــشانی "هەڵسەنگاندنی بابەتە ڕێزمانییەکانی کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی) پـۆلی هەشتەمی بنەڕەتی"

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە لەوەوە سەرچـاوە دەگرێـت، کـە ئـەو کتێبـە چەندین جـار چـاپکراوەتەوە و لیژنـەی تایبــەتی ئـــەو کتێبـــە دادەنـــراوە و پێداچوونەوەشی بـۆ کـراوە، بـەڵام تـا ئێــستاش بەدەرنییــە لــە کــەموکوڕی، بۆیــە گرنگــی لێکۆڵینەوەکــەی ئێمــە لەوەدایە کە دەسـت نیـشانی هەڵـە و کەموکوڕیەکان دەکەین و لایەنە باش و خراپــەکانیش هەڵدەســەنگێنێت بــە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە بنەڕەتیەکان.

ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە

ئــەم بابەتــە لــە وانــەی یەکــەم باسکراوە، لاپەڕە (6-11)ی گرتووە، ئەم بابەتە پەیوەستە بەناو و بـاس لـە نـاو دەکـات لـە ڕووی ڕەگـەزەوە، لـە دەستپێکدا لە لاپەڕە (6) دا وانەیەکی جوگرافیا دێنێتەوە بـەناوی "سـامانی ئاژەڵ" کە پێـك دێـت لـە 17 دێـڕ، لــەناو ئــەو وانەیــەدا کۆمــەڵێك نــاو باســکراوە کـــە لـــەڕووی ڕەگـــەزەوە جیاوازیان هەیە.

لە خستنەڕوودا لە لاپەڕە (7-8) ئـەم ناوانەی ڕوون کردۆتەوە کە لە وانەکەدا هاتوون، بەمشێوەیە دەڵێت: ناوەکـانی (گا، بەران، یەکانە، ئەسپ، کەڵەشێر، پیرۆت، باب، خاڵ.....هتد، کـە ئـەو ناوانە تەنیا بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت، نـاتوانین بـۆ هـیچ ڕەگـەزێکی دیکـە بەکاریان بهێنین، بۆیە پێیان دەوترێـت (ناوی نێر).

هــەر لــە خــستنەڕوودا هــاتووە، کــە ناوەکانی (مـەڕ، بەلەنـدیر، مـالۆس، مانگـــا، نـــازدار، دایـــك، بێریڤـــان، مریشك.....هتـد) بـۆ ڕەگـەزی مـێ بەکاردێت بۆیە پێیان دەوترێـت(نـاوی مێ).

هــەروەها کۆمەڵــە نــاوێکی وەك (مرۆڤ، مراوی، بـەرخ.....هتـد) ئـەو ناوانە دەتوانرێت بۆ ( رەگـەزی نێـر و

ڕەگەزی مێ)ش بەکاربهێنرێن، بۆیە دەڵێن ئەمانە ناوی (دوو لایەن)ن.

دوابەدوای ئەم ناوانەی سەرەوە ناوەکانی (بەرد، شاخ، دەشت، چیا، وڵات....هتد) هاتوون، کە دەڵێن ئەم ناوانە سەر بەهیچ کام لە ڕەگەزەکانی (نێر و مێ و دوولایەن) نین، بۆیە پێیان دەوترێت ناوی (بێ لایەن)

لە خستنەڕوودا دەڵێت هەندێك ناوی دوو لایەنمان هەیە کە دەتوانین بەهۆی وشەکانی (نێر، ما، دێڵ، گۆڵ، کەڵ....هتد) تایبەت بکرێت بە ڕەگەزی نێر، یاخود ڕەگەزی مێ، وەك:

**ناوی دوولایەن**

**کەو**

**گیسك**

**سەگ**

**بۆ نێر**

**نێرە کەو**

**گیسکی نێر**

**گۆڵە سەگ**

**بۆ مێ**

**ماکەو**

**گیسکە مێ**

**دێڵە سەگ**

دەتوانین بڵێین لیژنە بەشێوەیەکی زانستی لە خستنە ڕوودا ئەم ناوانەی روون کردۆتەوە و هیچ پێشنیارێکمان لەسەری نییە.

دواتر لە (دەستوور) دا پێناسەی بۆ ڕەگەزەکانی ناو کردووە بەمشێوەیە:

**1- ناوی نێر:** ئەو ناوەیە کە هەر لەبنەڕەتدا بۆ ڕەگەی نێر بەکارهاتبێت، دوابەدوای ئەو پێناسەیە باسی هەندێك لە (ناوی کەسانی نێرینە، ناوی تایبەت بە کوڕان، ناوی گیانداری نێر، ناوی هەندێك پیشەی پیاوانە دەکات وەکو: پیاو، کوڕ، شێرکۆ، لەزگین، ئەسپ، کەلەشێر، نانەوا، شوان، گاوان....هتد).

**2- ناوی مێ:** ئەو ناوەیە کە هەر لەبنەڕەتدا بۆ ڕەگەی مێ بەکارهاتبێت، دواتر مێینە دابەش دەکاتە سەر (ناوی کەسانی نێرینە، ناوی کەسانی مێینە، ناوی تایبەتی کچان، ناوی گیانداری مێ، ناوی هەندێك پیشەی ژنانە) وەکو: ( دایك،

خوشــك، نــازدار، شــيرين، مــاين، مالۆس، ناكەر، تەشی ڕێس....هتد)

**3- ناوی دوولايەن:** ئەو ناوانەن كە بۆ نێــر و مــێ بــەكاردێن وەك(قوتــابی، مامۆســتا، مــرۆڤ، كــۆتر، كــەو) كــە بەشێك لەو ناوە دوو لايەنانــە بــەهۆی پەيڤــەكانی (نێــر، مــا، دێــڵ، گــۆڵ، كەڵ....هتد) دەكەين بە رەگــەزی نێــر يان مێ.

**4- ناوی بێلايەن:** ئەو ناوانەن كە سەر بەهيچ كام لە دوو ڕەگەزەكە نين و هەر لەبنەڕەتدا ڕەگەزيان نييە وەك: (شــاخ، چيا، بەرد، دار، هەنار) كە هەر يەكێك لــەم ناوانــە لــە كرمــانجی ناوەڕاســتی زمــانی كــوردی تايبــەت نــاكرێن بــە ڕەگــەزێك، بــەڵام لــە زاری كرمــانجی ژووروی زمـــانی كـــوردی بـــەهۆی ئامرازی خستنەپاڵ تايبەت دەكرێن بە يەكێك لە دوو ڕەگەزی نێر، يان مێ.

ئەوەی باسمان كرد لــە (خــستنە ڕوو و دەســـــتووردا) بەشـــــێوەيەكی زۆر زانــستيانە باســكراوە و بەلامانــەوە پەسەندە.

بۆ ســەلماندنی ئــەو ڕاســتيە هەنــدێك زمانــەوان بــاس دەكــەين كــە هــەر بەمشێوەيە لە ڕەگەزەكانی نــاو دوواون و هەر بەمشێوەيەش باسيان كــردووە، بەمشێوەيە:

**1- ناوی نێر:** بەو ناوانە دەوترێت كــە بۆ ڕەگەزی نێر بــەكاردێت، نــاوی نێــر هەنــدێ (كەســانی نێرينــە و پيــشەی تايبەت بــە ڕەگــەزی نێــر) دەگرێتــەوە وەك: بــاوك، بــرا، گــاوان، شــوان، خزمەتكار....هتد

**2- ناوی مێ:** بەو ناوانە دەگوترێت كە تايبەتن بە ڕەگــەزی مــێ، نــاوی مــێ دابەشدەكات بەسەر هەندێ ( كەسـانی مێينە، هەندێك ناوی گياندار و ئاژەڵی مێ، هەنــدێك پيــشەی مێينــە) وەك: دايــك، خوشــك، جــل شــتن، تەشــی ڕێس.....هتد

**3- نــاوی دوولايـــەن:** بـــەو ناوانـــە دەوترێت كە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێــر و مـــــێ بـــــەكاردێن. وەك (قوتـــابی، مامۆستا....هتد)

**4- ناوی بێلايەن:** بەو ناوانە دەوترێت كە سەر بەهيچ كام لــە ڕەگەزەكــە نــين وەك: شاخ، بەرد، دار ..........[1]

دەربارەی ڕاهێنانەكانيش سێ ڕاهێنانی باسكردووە، بەمشێوەيە: لە ڕاهێنــانی

یەکەمدا هەندێ ناوی هێناوە و داوا لە خوێندکار دەکرێت کە نێر و مێی ئەو ناوانە لێك جیا بکاتەوە، ڕاهێنانی دووەم هەندێ ناوی دوو لایەنی هێناوە دەڵێت ئەم ناوە دوو لایەنانە بەهۆی چەند پەیڤێك ڕەگەزیان بۆ دیاری دەکرێت، ڕاهێنانی سێیەمدا سی دێڕە شیعری هێناوە داوا لە خوێندکار دەکات کە هەر ناوێك هەیە لە ناو ئەو دێڕە شیعرانەدا دەریان بهێنێت و ڕەگەزیان بۆ دیاری بکات، دەتوانین بڵێین ئەم ڕاهێنانە بەشێوەیەکی گشتی زۆر باشە، بەڵام دەکرێ ڕاهێنانێکی تریش زیاد بکرێت بەمشێوەیە:

لەم ڕستانەدا چ ناوێك هەیە، ڕەگەزەکەی دیاری بکە، پاشان ئەرکەکەیان بخەڕوو:

**1- مامۆستا قوتابی فێر دەکات.**

**2- ئازاد مەڕ دەلەوەڕێنێت.**

**3- شیرین جل دەشوات.**

نیشانە تایبەتیەکانی نێر و مێ

ئەم بابەتە لە وانەی دووەم دانراوە کە لاپەڕە (12-18)ی گرتووە. ئەم بابەتە باس لە کۆمەڵێك ناو دەکات، کە بەهۆی خستنە سەری هەندێ نیشانە دەتوانین ڕەگەزی ئەم ناوانە دیاری بکەین، ئاخۆ ئەم ناوە ڕەگەزەکەی (مێیە، یا نێرە).

ئەم نیشانانەی کە دەتوانین ڕەگەزی نێر و مێی ناو دیاری بکەن لە هەر دوو زاری کرمانجی ناوەڕاست و زاری کرمانجی ژووروو بەدیدەکرێت، ئەو نیشانانەی کە لێرەدا باسکراون لە سێ حاڵەتدا دەر دەکەون:

**یەکەم: لە دۆخی دانە پاڵ یان ئیزافەدا.**

**دووەم: لە دۆخی بانگکردندا.**

**سێیەم لە جێناوی نیشانە لە زاری کرمانجی ژووروو.**

لە دەستپێکدا لە لاپەڕە (12)دا بە (12) ڕستە دەست پێدەکات کە بە هەر دوو زاری کرمانجی ناوەڕاست و ژووروو نوسراون، ئێمە هەندێ لەو ڕستانە دەخەینە بەرچاو کە لە لاپەڕە (12)دا باسکراون و دواتر لە خستنەڕوودا لە لاپەڕە (13-15)دا خراونەتە ڕوو و روون کراونەوە، وەك:

**1- بابێ ئازادی ئەندازیارە.**

لەم ڕستەیەدا نیشانەی (ێ) خراوەتە سەر ناوی (باب) لە دۆخی دنەپاڵدا، چونکە (باب) ڕەگەزی نێرە، بۆیە

نیشانەی (ێ) ی خراوەتە سەر.

**2- خوشـــکا ســـەرداری چـــوو خوێندنگەهێ.**

لەم ڕستەیەدا (ا) خراوەتـە پـاڵ نـاوی (خوشــك)، چــونکە ڕەگــەزی نــاوی (خوشـك) مێیـە بۆیـە نیـشانەی (ا) خراوەتە سەر.

**3- کوڕۆ، بخوێنن دا سەرکەڤن.**

لەم ڕستەیە نیشانەی (ۆ) خراوەتە سەر وشەی (کور) لـە دۆخـی بانگکردنـدا، چـــونکە وشـــەی (کـــوڕ) ناوێکـــە ڕەگەزەکەی نێرە.

**4- شیرینێ، چێلێ بدۆشە**

لەم ڕستەیەدا چونکە وشـەی (شـیرین) ناوێکە لە ڕەگەزی مێ، بۆیە نیشانەی (ێ)ی خراوەتــە ســەر لــە دۆخــی بانگکردندا، بەڵام ناوی (چـێڵ)ی روون نەکردۆتەوە کە دەبوایـە ئـەویش ڕوون بکرێتــەوە بەمــشێوەیە: نــاوی (چــێڵ) چونکە نـشانەی (ێ)ی خراوەتـە سـەر بۆیە (چێڵ) لەو ڕستەیەدا ڕەگەزەکـەی مێیــە، ئەوانــەی باســکران لــە زاری کرمانجی ژووروو بوون.

**5- کوڕە، ئەم کارە مەکە.**

**- کچێ وانەکانت چاك بخوێنە.**

لەرستەی یەکەمـدا(ە) خراوەتـە سـەر ناوی کوڕ لە حاڵەتی تاکدا و نیشانەی (ێ) خراوەتـە سـەر نـاوی (کـچ) لـە حاڵــەتی تاکـــدا کەواتـــە بۆمـــان دەردەکەوێت لە کرمانجی ناوەڕاستدا لە دۆخـــی بانگکردنـــدا جیـــاوازی ڕەگەزدەکرێ لە حاڵەتی تاکدا، بەڵام لە حاڵەتی کۆدا بـۆ هـەر دوو ڕەگەزەکـە (ینـــە) بـــەکاردێت لـــە حاڵـــەتی بانگکردندا.

زمانەوانانیش لەگەڵ ئـەو ڕایـەدان کە لە حاڵـەتی بانگکردنـدا جیـاوازی ڕەگـــەز دەکـــرێ لـــە خـــستنەسەری نیـــشانەکان، وەك موکـــەڕەم ڕەشـــید تاڵــەبانی دەڵێـــت "لـــە حاڵـــەتی بانگکردندا جیاوازی لە نێوان نێرومێدا هەیە لە کرمانجی خوارزز (ە) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ، لە کرمـانجی ژووروشـدا (ۆ) بـــۆ نێـــر و (ی) بـــۆ مـــێ بەکاردێت"(2).

هەروەها یەکێکیتر لە زمانـەوانان بەمشێوەیە باسی ئەو نیشانانە دەکات لــە حاڵــەتی بانگکردنــدا "لەشــێوەی سلێمانیدا کۆتایی ناو لـە نـاو چـووە، بــەڵام کۆتــایی دۆخــی بــانگکردن

پارێزراوە و ماوە، بۆ گیاندار و بێگیان پاشگری (-ە/-یە) بۆ تاك لەگەڵ ئەو ناوانەی کە کۆتاییان بە نەبزوێن و (ینە/-ینە)لەگەڵ ئەو ناوانەی کۆتاییان بە بزوێن هاتووە لە باری کۆدا بەکاردێت"(3).

**ڤی قەڵەمی بۆ من بکڕە.**

**ڤێ دەفتەرێ بۆ من بهێنە.**

**وی کوڕی کەوەك گرت.**

**وێ کچێ کراسەك دووری**

ئەم ناوانەی لەم ڕستانەدا هاتوون بە ئاوەڵناوی نیشانە دیاری کراون کە لە کرمانجی ژووروو جیاوازی نێر و مێ بەدی دەکرێت وەك (ڤی – ی)، (ڤێ-ێ)، (وی-ی، وێ-ێ) ئەمانە ئاوەڵناوی نیشانەن.

(قەڵەم) ناوێکی نێرە بە ئاوەڵناوی نیشانەی (ڤی- ی) کە بۆ ناوێکی تاکی نێر بەکارهاتووە دیاری کراوە، ناوی (دەفتەر) ناوێکی مێیە بە ئاوەڵناوی نیشانەی (ڤێ-ێ) دیاری کراوە، کە ئەم ئاوەڵناوی نیشانە بۆ ناوێکی تاکی مێ بە کاردێت. بەکورتی جیاوازی نێر و مێ لە حاڵەتی تاکدا دەکرێت، بەڵام لە حاڵەتی کۆ دا ئەم جیاوازیە نامێنێت، کەچی حاڵەتێك هەیە لە زاری کرمانجی ژووروو کە ڕەگەز بۆ هەندێ ناوی وەك (زەوی، دار، درەخت....هتد) دیاری دەکات کە ئەمەش سەر لە خوێندکار دەشێوێنێت.

ئەمانەی باسمان کردن و ئەو ڕستانەی هێناومانەتەوە لە خستنە ڕوودا بەشێوەیەکی زانستیانە لێی دواوە، خوێندکار دەتوانێ لەم نیشانانە شارەزایی پەیدا بکات.

لە دەستووردا لە لاپەڕە (15-16) هەندێ نیشانەی دیاری کردووە، هاتووە لە سێ حاڵەتدا دەتوانێ نیشانەکان و جیاوازی ڕەگەز دیاری بکرێت، وەك:

**1- لە دۆخی دانە پاڵ یان ئیزافەدا:**

أ- نیشانەی (ێ-یێ) بۆ نێر بەکاردێت، وەك: (برایێ من، هەڤاڵا تە).

ب- نیشانەی (ا-یا) بۆ مێ بەکاردێت، وەك: (کچا سەربەستی)

ئەم نیشانانە لە دۆخی خستنە پاڵدا تەنها لە زاری کرمانجی ژووروو باسکراوە، بەڵام لە کرمانجی ناوەڕاستیش لە دۆخی خستنە پاڵدا

جیاوازی دەکرێت کە (ی) بۆ نێر و (ێ) بـــۆ مـــێ بـــەکاردێت، وەك:
**کوڕی زیرەك خۆشەویستە.**
**کچێ مام شەماڵی هات.**
ئەمە یەکێکە لە کەموکوڕیـەکان کـە دەبوایە باسبکرایە.
2- لـە دۆخـی بانگکردنـدا لـە زاری کرمـــانجی ژووروو بـــۆ نێـــر (ۆ) وەك: کـــوڕۆ، بـــۆ مـــێ (ێ) وەك کـــچێ بەکاردێت.لە زاری کرمانجی ناوەڕاســت نیشانەی (ە) بۆ نێر و نیشانەی (ێ) بۆ مـێ بـەکاردێت، وەك: کـوڕە، کـچە، بـەڵام بـۆ حاڵـەتی کـۆ لـە کرمـانجی ناوەڕاست (ینە) بەکاردێت، جیاوازیش

| جێناوی نیشانە | ئاوەڵناوی نیشانە |
| --- | --- |
| **ڤی** | **ڤی- ی بۆ ناوێکی تـاکی نزیکی نێر بەکاردێت.** |
| **ڤێ** | **ڤێ- ێ بۆ ناوێکی تـاکی نزیکی مێ بەکاردێت.** |
| **وی** | **وی- ی بۆ ناوێکی تـاکی دووری نێر بەکاردێت.** |
| **وێ** | **وێ- ێ بۆ ناوێکی تـاکی دووری مێ بەکاردێت.** |

لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزە ناکرێت، وەك: **کوڕینە، کچینە**.
3- جێناوی نیشانە جیاوازی لـەنێوان ڕەگەزی مێ و ڕەگەزی نێر دەکات لـە حاڵـەتی تاکـدا ئەمـە لـە دەسـتوردا هـــاتووە، بـــەڵام باســـی ئاوەڵنـــاوی نیشانەی نەکردووە کە لە خستنە ڕوودا باســـکرا، ئەمـــەش یەکێکـــە لـــە کەموکوڕیەکان کە دەبوایە بەمشێوەیە باسکرابا:

وتـــار

بەڵام لە حاڵەتی کـۆدا ئـەم جیاوازیـە بەدی ناکرێت.
ئەم نیشانانە لە (دەستوور)دا باسکران زۆر بەشێوەیەکی زانـستیانەیە، بـەڵام هەنـدێ کـەموکوڕی تێـدابوو باسمـان کردن، لـە هـەمان کاتیـشدا دەتـوانین بڵـێین بەشـێوەیەکی گـشتی زۆربـاش بابەتـەکان ڕوون کراونـەوەو خراونەتـە ڕوو، هـەر وەك (ئـەورەحمانی حـاجی مارف) بەمشێوەیە باس لەم نیـشانانە دەکـــات و دەڵێـــت "لـــەدیالێکتی کرمانجی خواروو، دیالێکتی کرمـانجی ژووروو جیاوازی بەدیدەکرێت لە نێـوان ڕەگەزی نێر و مێ لە دۆخی بانگکردن

و دۆخی تیاندا، له دۆخی تیاندا ئەگەر له کرمانجی خواروو ناوەکه نێر بوو نیشانەی (ی) وەردەگرێت، بەڵام که ناوەکه مێ بوو نیشانەی (ێ) ی پێوه دەلکێ، لەدۆخی تیاندا له کرمانجی ژووروو ئەگەر ناوەکه نێر بوو ناوەکه نیشانەی (ی) وەردەگرێت، بەڵام که مێ بوو ناوەکه نیشانەی (ێ) وەردەگرێت. ئەمانه له دۆخی تیاندا، لەدۆخی بانگکردندا له کرمانجی خواروو که ناوەکه نێر بوو ناوەکه نیشانەی (ە) وەردەگرێت وەك: (کوڕه وەره)، بەڵام که ناوەکه مێ نیشانەی (ێ) وەردەگرێت وەك: (کچێ قاپەکه بشۆ)، له دۆخی بانگکردندا و له کرمانجی ژووروو ئەگەر ناوەکه نێر بوو نیشانەی (ۆ) وەردەگرێت، بەڵام که ناوەکه مێ بوو نیشانەی (ێ) وەردەگرێت.

ئەم نیشانانەی سەرەوه که باسمان کردن له حاڵەتی تاکدا بوو له هەردوو دیالێکتەکەدا، بەڵام له حاڵەتی کۆدا له هەردوو دیالێکتەکه جیاوازی ڕەگەز نامێنێت، وەك له دۆخی بانگکردندا له حاڵەتی کۆدا له دیالێکتی کرمانجی خواروو نیشانەی (ینە) بۆ هەر دوو ڕەگەزەکه بەکاردێت، بەڵام له دیالێکتی کرمانجی ژووروو نیشانەی (نۆ، ینۆ) بۆ هەردوو ڕەگەزەکه له حاڵەتی کۆدا بەکاردێت" (4)

دەربارەی ڕاهێنانەکانیش شەش ڕاهێنانی هێناوه بەمشێوەیه:

ڕاهێنانی یەکەم چەند ناوێکی هێناوه داوا له خوێندکار دەکات که ئەم ناوانه له دۆخی دانەپاڵدا له ڕستەدا بەکاربهێنێت و ڕەگەزی ناوەکانیش دیاری بکات.

له راهێنانی دووەمدا چەند ناوێکی هێناوه داوا له خوێندکار دەکرێت که ئەم ناوانه له دۆخی بانگکردندا له ڕستەدا بەکار بهێنێت.

له ڕاهێنانی سێیەمیشدا چوار خاڵی داوا کردووه وەك:

1- له دۆخی دانەپاڵدا (خستنەسەردا) ناوی ڕەگەزی نێر چ نیشانەیەك وەردەگرێ؟

2- له دۆخی دانەپاڵدا (خستنەسەر)دا ناوی ڕەگەزی نێر چ نیشانەیەك وەردەگرێ؟

3- له دۆخی بانگکردندا ئەگەر

ناوەکە تاکی نێر بوو، لە زاری کرمانجی ژووروودا کام نیشانە وەردەگرێ و لە کرمانجی خوارووشدا کامە؟

4- جێناوی نیشانە (ڤان) بۆچی و (وان) بۆچی بەکاردێ؟

ئەم ڕاهێنانە زۆر زانستی و جوانە، بەڵام تێکەڵکردنی دوو دیالێکت ئەمە سەر لێشێواندنی خوێندکارە کە خوێندکار لە وشەکان ناگات

لە ڕاهێنانی چوارەمدا هەندێ ناوی داوە وەك ناوەکانی دەرگە – کچ – جامێر- ماهین- گوند

داوا دەکات کە جێناوی نیشانەی تاکی نزیك و دوور بداتە پاڵ ئەو ناوانە لە ڕستەدا.

ڕاهێنانی پێنجەمیش تاڕاددەیەك لە ڕاهێنانی سێیەمەوە نزیکە دەکرا نەش هاتبا ئەم ڕاهێنانە هەروەك هاتووە و دەڵێت:

1- لە دانەپاڵدا (خستنەسەر)دا نیشانەی نێر و مێ چین؟ نمونەی ڕستەیان بۆ بهێنەرەوە.

2- لە ڕستەی کاری رابردووی تێپەڕدا نیشانەکانی نێر و مێ کامانەن نمونەی ڕستەییان بۆ بهێنەرەوە.

3- جێناوی نیشانە بۆ تاکی مێی نزیك چییە؟ نمونەی ڕستەی بۆ بهێنەرەوە.

4- جێناوی نیشانەی تاکی نێری دوور چییە؟ نمونەی ڕستەی بۆ بهێنەرەوە.

ڕاهێنانی شەشەمیش شیکردنەوەیە کە ئەمە تەواو پەیوەست بوونە بە زمانی عەرەبی و لاسایی زمانی عەرەبی یان عیبری دەکرێتەوە کە لە کاتێکدا زمانی کوردی زمانێکی هیندۆئەورووپییە کە دوو ڕستەی هێناوە داوا دەکات شیبکرێنەوە.

لە کۆتایشدا پێویستە لێکدانەوەی هەندێ وشە بکرێت.

ناوی نەناسراو – ناوی ناسراو

ئەم بابەتە پەیوەستە بە ناوەوە، لە وانەی سێیەم دانراوە لاپەڕە(19-31)ی گرتووە.

ئەم وانەیە باس لە ناوی ناسراو و نەناسراو و ئەو نیشانانە دەکات کە دەتوانرێت ناوی نەناسراوی پێبکەیت بەناوی ناسراو، ئەو نیشانانەی کە ناوی ناسراو دەکەن بە ناوی نەناسراو.

لە کتێبەکەدا بە جیای باسکردووە سەرەتا باسی ناوی تاکی نەناسراو

دەکات، لە دەستپێکدا بە چوار ڕستە دەست پێدەکات لەناو ئەم چوار ڕستەیە کۆمەڵێك ناوی تێدایە کە نەناسراون و هەندێکیان واتای تاکێتی دەبەخشن و هەندێکیشیان واتای کۆ دەبەخشن ئێمە ئەو ناوانەی کە لەناو ڕستەکاندا هاتوون وەریان دەگرین.

1- کچێك (کچەك، کچێ).

2- دەریایێك (دەریایەك، دەریایێ)،(دێیەك، دێیێ).

3- داربەڕوەك(داربەڕوێك،داربەڕووێ).

4- ڕۆژانەك (ڕۆژانەك، ڕۆژانێ).

دواتر لە خستنەڕوودا شیکردنەوە بۆ ئەو ناوانە کراوە وەك لە لاپەڕە (19-20) دا باسکراوە دەڵێت : ناوەکانی ڕستەی یەکەم مەبەستمان کچێکە کە نەناسراوە و تاکیشە، لە ناوەکانی ڕستەی دووەمدا مەبەستمان لە (دەریایەك، دێیەکە) کە نەناسراون و تاکیشن، لە ڕستەی سێیەمیشدا بەهەمان شێوە واتای داربەڕووەك واتە یەکدانە کە مەبەستمان تاکایەتی و نەناسراوی داربەڕووەکەیە، لە ڕستەکانی چوارەمیشدا ناوەکانی (ڕۆژانێك، ڕۆژانەك، ڕۆژانێ) ئەم ناوانە واتای نەناسراوی دەگەیەنن، بەڵام پێچەوانەی ڕستەکانی پێشترە کە واتای کۆ دەگەیەنن، لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە نەدەبوو ناونیشانەکە بەشێوەی (ناوی تاکی نەناسراو) بنوسرایە، بەڵکو هەر وترابا (ناوی نەناسراو).

ئەمانە لە خستنە ڕوودا بەشێوەیەکی زانستی جوان لێی دواون و ناوەکانیان بە جوانی بۆ خوێندکار روونکردوونەوە.

دواتر لە (دەستوور)دا کە لە لاپەڕە(21-22) باسکراوە، باسی نیشانەکانی ناوی نەناسراوی و نیشانەکانی نەناسراویش دەکات دەڵێت: نیشانەی نەناسیاوی جگە لە واتای نەناسیاوی واتای تاکایەتیش دەگەیێنێت، بەڵام ئەم نیشانانە دەتوانرێت بخرێتە سەر ناوی گشتی، چونکە هەموو ناوێکی تایبەتی ناسراوە، بەڵام دەبوایە لەسەرەتادا پێناسەیەکی جوانی نەناسراو بکات بەمشێوەیە:

"ناوی نەناسراو: بەو ناوە دەوترێت کە بۆ حاڵەتی نەناسراوی بەکاردێت، ناوی نەناسراویش هەندێ جار بەهۆی

نیشانەی نەناسراوی درووست دەبێت، نیشانەی نەناسراویش (ێ، ێک، ەك،) کە دەچێتە سەربەشی دوواوەی ناوەکە، هەندێ جاریش بەبێ نیشانە ناوەکە خۆی نەناسراوە" (5).

لەم پێناسەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ناوی نەناسراو مەرج نییەبەهۆی نیشانەی نەناسراوی درووست بێت، بەڵکو هەندێ جاریش ناوەکە خۆی نەناسراوە.

هەر لە دەستوردا باس لە نیشانەکانی نەناسراوی دەکات کە بەپێی کۆتایی ناوەکە لە ڕووی پیتی بزوێن و پیتی نەبزوێنەوە گۆڕانکاری لەوانەیە ڕووبدات لە ڕووی تێچوونی پیتێك یان زیادبوونی پیتێك.

هەر وەك دەڵێن نیشانەکانی نەناسراوی یەك لەم شێوانەیە (ێك، ەك، ێ)

هەر وەك دەڵێن ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە پیتێکی نەبزوێن هاتبوو یەکسەر یەکێك لە نیشانەکانی نەناسراوی وەردەگرێت، وەك: پیاو، پیاوێك هەروەها ئەو ناوانەی کۆتاییان بەیەکێك لەم پیتە بزوێنانە (أ، ێ، ی، ۆ، ە) هات ئەوا لە نێوان ناوەکە و نیشانە نەبزوێنی (ی) پەیدا دەبێت، چونکە پیتی یەکەمی نیشانەی نەناسراوی بە بزوێن دەست پێدەکات، دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکتردا نایەن.

هەندێ جاریش ئەو ناوانەی کۆتاییان بە بزوێنی (وو) دێت ئەوا نەبزوێنی (و) زیاد دەبێت لە نێوان ناوەکە و نیشانە نەناسراوەکە لەو کاتەدا بە (وو) دەردەبڕێت، چونکە سێ (و) بەیەکەوە دەربڕینیان ناخۆشە.

هەر لە دەستووردا باسکراوە کە نیشانەی کۆ دەچێتە سەر ناوی نەناسراو کە دەکەوێتە نێوان ناوەکە و نیشانە نەناسراوەکە وەك: (کەسانێك، کەسانێ)، هەروەها هەندێ جار نیشانە نەناسراوەکە دەچێتە سەر ئاوەڵناو، وەك: جوانێك هاتە ژوورەوە.کەواتە دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی زانستی زۆر جوان ناوی نەناسراو و نیشانەکانی نەناسراوی ڕوون کراوەتەوە هەر دەربارەی نیشانەی نەناسیاوی زمانەوانێك بەمشێوەیە باس دەکات "نیشانەی نەسیاوی لەگەڵ ئەو ناوانەی کۆتاییان بەپیتی نەبزوێن هاتووە

شێوەی(ێك، ێ) وەردەگرێت، بەڵام کە ناوەکە کۆتایی بەپیتی بزوێن هاتبوو شێوەی {یێ(ك)، یەك} وەردەگرێت"[6] .

دەربارەی ناوی ناسراو و نیشانەکانی ناسراوی باس دەکرێت بەهەمان شێوەی ناوی نەناسراو.

لەم باسەشدا لە دەستپێکدا بە پارچە پەخشانێك دەستپێدەکات، کە وەسفێکی جوانی سروشت دەکات و لە (10) دێر پێکهاتووە، لەناو ئەم پارچە پەخشانەدا کۆمەڵێك ناو هەن کە واتای ناسراوی دەگەیەنن ئێمە هەندێك لەو ناوانە دەخەینە ڕوو بەوشێوەیەی لە خستنەڕوودا خراوەتەڕوو، وەك: (باخەوانەکە، هەرمێکە، میوانەکان، کاتییەکە، داربەڕووەکە، دۆیەکە) ئەم ناوانە ناوی نەناسراون بەهۆی نیشانەی ناسراویی (ەکە) کراون بەناوی ناسراو، ئەم نیشانەی ناسراویەش بەپێی کۆتایی ناوەکە گۆڕانکاری بەسەردادێت هەندێ جار پیتێك دەرناکەوێت، هەندێ جاریش پیتێك زیاد دەبێت، وەك (هەرمێ، هەرمێیەکە، هەرمێکە)، (کانی، کانییەکە)، (هەڵووژە، هەڵۆژەکە) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گەلێك شێوەی نیشانەی ناسراویمان هەیە وەك: (ە، ەکە، یەکە، کە).، ئەمەی سەرەوە باسمان کرد لە خستنەڕوودا ڕوون کرابووە.لە (دەستوور)یشدا باسی ناوی ناسراوی و نیشانەی ناسراوی کردووە وەك لە بارەی ناوی ناسراو دەڵێت: ناوێکە ماناو مەبەستی شتێك دەردەخا و بە ناسراوی دەیخاتە ڕوو، بەئاسانی لە هاوچەشنەکانی خۆی جیای دەکاتەوە، چونکە ناوێکی دیاریکراوی زانراو دەردەخات.هەروەها دەڵێت: نیشانەی سەرەکی ناسراوی (ەکە)یە کە بەپێی کۆتایی ناوەکە لە ڕووی پیتی بزوێن و پیتی نەبزوێن گۆڕانکاری لە نێوان ناوەکە و نیشانە نەناسراوەکە ڕوو دەدات.نیشانەی (ەکە) دەچێتە سەر ئاوەڵناو کاتێك کە ناوەکە ئاوەڵناوی لەگەڵدا بێت، وەك: کوڕە جوانەکە.هەر لە (دەستوور)دا دەڵێت نیشانەی ناسراوی ناچێتە سەر ناوی تایبەتی چونکە ناوی تایبەتی خۆی ناسراوە.هەر دەربارەی نیشانەی ناسراوی (د. ئەورحمانی حاجی مارف)

دەڵێت "نیشانەی ناسیاوی ئەو نیشانەیە کە بەدوای ناوەوە یان ئاوەڵناوەوە دەلکێنرێ، بۆئەوەی بکرێت بە ناسیاو، لە زمانی کوردیدا (ەکە، ە) نیشانەی ناسیاوین" (7).

هەر دەربارەی نیشانەی ناسیاوی و نیشانەی نەناسیاوی زمانەوانێك دەڵێت "ئەو ناوەی کە دەوری نیهاد دەگێڕێت بەم جۆرەی خوارەوە نیشانەی ناسیاوی و نەناسیاوی وەردەگرێت، نیشانەی ناسیاوی (-ەکە) و(-ە) لە دیالێکتی کرمانجی خواروو نیشانەی نەناسیاوی (ێك، ەك) هەر لەهەمان دیالێکت، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجی ژووروو نیشانەی (ەك) وەردەگرێت بۆ ناساندنی ناوەکە"(8).

هەر دەربارەی ناوی ناسراوی( د. وریا عومەرئەمین )دەڵێت "ڕاناوی نیشاندانیش (ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە) چەمکی ناسینیان هەیە، چونکە بەپێی لۆجێك کە پەنجەی بۆ شتێك ڕائەکێشی." (9)

هەروەها دەربارەی نیشانەی نەناسراوی و نیشانەی ناسراوی دەڵێت "ئامرازی پێناسین (ەکە) و پێنەناسین (ێك) و ڕاناوی نیشاندانش هیچ کامێکیان لەگەڵ یەکتر دەرناکەون" (10)

بەڵام لە هەندێ حاڵەتی تریش ناو دەتوانرێ بناسرێت وەك لە پەڕاوێزدا لەلاپەڕە (26) ی کتێبەکە ئاماژەی پێکراوە وەك:

1- هەر ناوێك کە بە ئاوەڵناوی نیشانە دەست نیشانکرا دەبێت بەناوی ناسراو وەك:

ئەم چیایە بڵندە، ئەو شارە خۆشە

2- ئەگەر ناوەکە لەباری دانەپاڵ بوو (ئیزافە) بۆ ناوێکی تایبەتی یان جێناوێکی کەسی سەربەخۆ ئەوا بەناوی ناسراو دادەنرێت، وەك:

**ژنی نەوزاد مامۆستای زانکۆیە.**

3- هەموو جێناوێکی نیشانە بە ناوێکی ناسراو دادەنرێت، وەك: ئەوەم فرۆشت.

دەربارەی ڕاهێنانەکانیش شەش ڕاهێنانی هێناوە بەمشێوەیە:

لە ڕاهێنانی یەکەمدا (8) ڕستەی هێناوە داوا دەکات کە لەناو ئەم ڕستانەدا ناوە نەناسراوەکان بگۆڕیت بۆ ناوی ناسراو.

لە ڕاهێنانی دووەمدا (5) ڕستەی

هێناوە داوا دەکات کە ناوەکان لە تاکی نەناسراوەوە بکرێن بە ناوی کۆی ناسراو.

دەتوانین بەم دوو ڕاهێنانە بڵێین زۆر باشن ئاستی خوێندکار دەردەخەن.

لە ڕاهێنانی سێیەمیشدا بە چوار بەیتە شیعری شاعیران دەست پێدەکات، بەو هۆیەوە داوا لە خوێندکار دەکات کە هەر ناوێکی ناسراو یا نەناسراو هەبێت دەریان بهێنێت و چۆنیەتی بونیان بە ناوی ناسراو یان نەناسراو دەربخات.

ڕاهێنانی چوارەمیش هەمان دووبارەی ڕاهێنانی یەکەمە، بەڵام بە کەمێك جیاوازی، وەك لەم ڕاهێنانەدا (5) ڕستەی هێناوە داوا دەکات کە ناوە ناسراوەکانی ئەم ڕستانە بکرێن بە ناوی نەناسراو و ڕستەکانیش بنوسرێنەوە،

ڕاهێنانی پێنجەم کەمێك جیاوازە و لە ڕووی زانستیشەوە باشترە، بەو شێوەیە هاتووە:

ئ-چێڵ ب- چێڵێك پ- چێڵەکە
ت- چێڵەکان

دواتر چەند ناوێکی هێناوە داوا دەکات کە وەك ( ئ، ب، پ، ت) یان لێبکات وەك ناوەکانی ( چرا، مانگ، ماسی، زانکۆ، ئاگر، شەپۆل.....هتد)

ڕاهێنانی شەشەمیش شیکردنەوەیە داوا دەکات کە ئەو دوو ڕستەیە شیبکاتەوە، وەك :

1- بێریڤانەکە مەڕەکانی دۆشی.

2- فرۆکەکە بە ئاسماندا دەسوڕێتەوە.

کە هەر وەك پێشتر ڕونمان کردەوە کە شیکردنەوە سەر لێشێواندنی خوێندکارە.



**پەراوێز و سەرچاوەکان**

**1 –بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:**
**ا- نەریمان عەبدولا خۆشناو،ڕێزمانی کوردی(بەشەکانی ئاخاوتن), چاپی دووەم, چاپخانەی منارە- هەولێر,2010.**
**ب- نەسرین فەخری(د), کوردستان موکریانی(د), ڕێزمانی کوردی پۆلی یەکەمی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین, 1982،ل39-42.**

2- موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی، دەستوری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی 2008، ل:58 .

3- د. زەرێ یۆسۆیۆڤا شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، ت. د. کوردستان موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر،ساڵی 2005،ل49 .

4- ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم (ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا، ساڵی1979، ل 172-186.

5-نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (ڕێزمانی کوردی، بەشەکانی ئاخاوتن)، ل

6- د. زەرێ یۆسۆپۆڤا، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، و: د.کوردستان موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، س 2005، ل 46.

7- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی (مۆرفۆلۆژی)،بەشی یەکەم (ناو)،ل (187-188)

7- د. کوردستان موکریانی، ستیاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا،ل (92).

9- پ. وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل(144)

10- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(145).

وتار

وتار

# زمانی دایك
# هەڵگری زمانی نەتەوەییە؟!

سەلام ناوخۆش

**دەروازە:**

زمان _ Language هەتا لە (ماڵ _ Home ) بێ تەنها ئارێشەیەکی _Dilmma کۆمەڵایەتیە, بەڵام هەرکە لە چوارچێوەی ماڵ دەرچوو ئارێشەی تر و ( واتا ) و (مەدلول) تری لە خۆ دەگرێت . لە دەرەوەی ماڵ زمان دەبێتە ناسنامەیەکی سۆسیۆ سیاسی . ئەم دیاریدەیە ئەو چوارچێوە وناسنامەیە ئەو کاتە زیاتر هەبوونی دەبێ , کە ئەو کۆمەڵگا زمانەوانییە, کۆمەڵگایەکی چەند زمانیی-multi-lingual بێت و سستەمی وڵات دکتاتۆری هەروەها فەلسەفەی سیاسی وڵات تا کڕەوی نەتەوەیی بێ _ بە واتایکی تر هەرکە شۆڤینیزمی نەتەوەیی لە وڵات باڵادەست بێ : ئەوا شۆڤینیزمیی زمانیش بەرقەدار دەبێت . لە و نێوە

زمانی دایکی نەتەوەی ژێر دەستە دوچاری ئاستەنگێکی سایکۆلۆژی دەبێ . هەر لە دایەنگاوە ئەو جۆرە مندالانە ( عەقڵ) و ( زمان ) و ( بیرکردنەوەی ) مندالانەیان داگیر دەکرێ !

ئەم کورتە نوسینە هەوڵدەدات خوێندنەوەیەك بۆ چەمکی (زمانی دایك) تیۆرە بنەڕەتیەکان بکات هەروەها لە ڕەوشی زمانی دایك لە کۆمەڵگای کوردی بدوێ.

وتار

## چەمکی زمانی دایك

چەمکی زمانی دایك چەمکێکی فرەرەهەند و فرە مەدلولە . لە زمانی ئینگلیزی چەند ناوێك کە هەموو واتای وردی زمانی دایکیش نابەخشن وەك هاو واتا بۆزمانی دایك بەکاردێن: First language _ زمانی یەکەم: native Language _زمانی ڕەسەن: cradle Language _ زمانی ناو لانکە هەروەها mother tongue_ زمانی دایك !

زمانی دایك دەستەواژەیەکە تەواو ئاکام ناپێکێ، چونکە وەرگر،خوێنەر کە پەیڤی( دایك ) دەبینێ زەنی بۆ ئەوە دەچێ کە مەبەست لەو ( دایکە) دایکی ڕەسەنی زمانەکە بێت . یاخود مەبەست لێی مێیەی سەرەکی خانوادە- ( دایك) بەرامبەر ( باوك) بێت ! لە بنەڕەتدا تەنها لە یەك حاڵەتدا،زمانی دایك واتای ئەو زمانە دەبەخشێ کە دایکی ڕەسەن منداڵەکەی لە کۆمەڵگایەکی تاکزمانیدا فێری زمانی خۆی دەکات .

## زمانی دایك و تیۆرە سایکۆلۆژییەکان

لەم بەشە ئاماژە بە شوناسی ئاین و زمانی زگماکی منداڵ دەکەین.بەرلەوەی قسە لە سەر دید و بۆچوونێکی دەرەوەی بازنەی دین بکەین, بە پێویستی دەزانیین گوتاری دین ئاماژە پێبکەیین...

لە قورئاندا , لە ئایەتێکدا بە ڕاشکاوی قسە لەسەر( باوەڕی) مرۆڤ کراوە بەر لەوەی بێتە ناو جیهانی دەرەوە:خودا مرۆڤی لە سەر سروشتی دینی خۆی ئافراندووە...ڕۆم:30 هەروەها لە فەرمودەیەك هاتووە:"

هەموو زارۆکێك بە ڕەمەکی لە سەر سروشتی دینی خودا لە دایك دەبێ , ئەوە دایك و باوك و دەوروبەرە لەو سروشتە دووری دەکەنەوە و بە جولەکە و گاوری و ئاگرپەرستی دەکەن." ئەم دوو دەقە تەواو ئەوە دەردەخەن کە مرۆڤ لە ژێر کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی دایە....هەرچی مەسەلەی زمانە ,ئەوە قورئان لە (25) دەقدا ,بە واتای جودا باسی لە (زمان) کردووە.جگە لە واتا کۆزمانەوانی و ئەتنیکییەکانی, ئەوە لە چەند دەقێك بە ڕوون و ئاشکرا ئاماژە بە (زمان-وەك زبان:ئەندامی ئاخاوتن و تامکردن و چێژوەرگرتن دەکا , بە تایبەتی لە مەسەلەی ئافراندنی مرۆڤدا.بە واتای مرۆڤ بە زمانەوە لە دایك دەبێ:هەموو زارۆکێکی سروشتی خاوەن سیستەمی وەرگرتنی زمانە.ئەو سیستەمە لە تەمەنی دوو ساڵیەوە تەواو ئامادەیە نەك هەر تەنیا بۆ (وەرگرتنی) زمانی دایکی , بەڵکو هەتا (فێربوونی) زمانی تر!!

زمان لە قورئاندا ناسنامەی ئادەمیینی مرۆڤ دەگەیەنێ!! هەبوونی سیستەمی وەرگرتنی زمان هەر تەنها (جەستەیی) نییە , بەڵکو (مەعنەوی)یشە.لەم ڕوانگەوە دەکرێ بانگەشەی ئەوە بکەین کە (باوەڕ) و (زمان و زبان) بەشێك لە سروشتی ئافراندی منداڵ پێکدێنن , بەڵام ئەوەی یەکەم ناسنامەیەکی هەیە لە هەردوو دنیای کۆنکریتیدا ,هەرچی زمانە لە بەرایی ڕەمەکییە و لە پاشان کۆمەڵگا ناسنامەیەکی نەتەوەیی یان ئایینی بە مل دادەبڕێ!!

هەرچی هزری مرۆڤە ئەوە ئێمە قسە لەسەر دوو تیۆری دژ بەیەك دەکەین.

تیۆری یەکەم

## تیۆرەکەی ستیڤن پینکەر

پینکەر لە سێ کتێبدا لە پژانی زمان و ئەدگارەکانی دەدوێ. سەرەتا ,پینکەر بە پاڵپشتی تیۆرەکانی نۆم چۆمسکی و تیۆری پەرەسەندن ,تیۆرەکەی خۆی فۆرمەلە دەکات: زمانی ڕەمەکی منداڵ لە ئاکامی پرۆسەی هەڵبژاردنی سروشتەوە پەیدادەبێ.منداڵ کە لە دایك دەبێ

هەڵگری جینێکی ڕەمەکییە و ئەو جینە شیانی ئاخاوتن و فێربوونی لە خۆ گرتووە.

پینکەر باوەڕی بە مەسەلەی تابلۆی سپی مێشکی منداڵەوە نییە !!چونکە ئەم تیۆرە هەر تەنها جەخت لە سەر پرۆسەی فێربوون دەکات و هەبوونی سیستەمی وەرگرتنی زمان لە مێشکی زارۆك ڕەتدەکاتەوە.

لە سێیەم کتێب باس لە زمانی هزر دەکات و دەڵێ هەموو مرۆڤێ هەڵگری ئەو جۆرە زمانەیەکە .ئەو جۆرە زمانە پەنجەرەیەکە بە سەر سروشتی مرۆڤەوە و هەر بەو هۆیەوە هەوڵ دەدەین ڕامانێك بە جیهانی دەوروبەرمان ببەخشین. پینکەر دەنووسێ:"ئەو وشانەی بە کاریان دەهێنیین و کار و ناوەکان , میتافۆر و پێکهاتە ڕێزمانییەکان دەتوانن زۆر شتمان پێبڵێن: لە بارەی ئەو کۆمەڵگایانەی تێیان دەژیین هەروەها لە بارەی عەقڵ و میشکمان و چۆنیەتی کارکردنیان.

## تیۆری دووەم

گیۆفری سامپسۆن لە "پەروەردەکردنی حەوا" بە شێوازێکیتر لە زمانی ڕەمەکی دەدوێ. سامپسۆن لە سەر بنەما و شەنگستەکانی تیۆرەکانی کارل پۆپەر لە پرۆسەی فێربوون دەدوێ:"کە لە دایك بووین هیچمان نەدەزانی ,بەڵام شیانی ئەوەمان هەیە فێری هەموو شتێك ببیین" هەر لەو بارەیەوە لە حەوا دەدوێ:"حەوا کە دروست بوو هیچی نە دەزانی , جاهیل بوو ,بەڵام فێرخواز و وەرگرێکی باش بوو!"

هەردوو تیۆرەکە کێماسیان زۆرە ,چونکە هەر یەکەو لایەنێکی وەرگرتووە هەرچی قورئانە جەخت لە هەردوو لا دەکاتەوە :مرۆڤ هەم پرۆگرام کراوە بە سیستەمی وەرگرتنی زمان هەم خۆی کائینێکە توانای فێربوونی هەیە.

## زمانی ڕەمەکی و زمانی دایك

زمانی ڕەمەکی زمانێکی بایۆلۆژیی و مەعنەوییە.زبان بەشێك لە پێکهاتەی جەستەیی مرۆڤ پێکدەهێنێ و هۆکارێکی جیاکەرەوەی مرۆڤە لە هەر کائینێکی تر .هەرچی زمانی دایکە ,

وتار

دیوێکی تری زمانی ڕەمەکی مرۆڤە .زمانی دایك ناسنامەی مرۆڤ پێکدێنیٚ .ئەو زمانە هەروەك لە بەرایی وتمان لە ناو کۆمەڵگا بە ناوی تر و واتای تر بە کاردێ: واتایەکی تری زمانی دایك،زمانی منداڵییە—بەواتای ئەو زمانەی منداڵ یەکەمجار لە ماڵەوە فێری دەبێت. ئەو جۆرە زمانەش کراوەتە چەند قۆناغێك :زمانی لانکە : ئەو زمانەی منداڵ لە قۆناغی ساوایی،کە هێشتا لە ناو لانکە فێری دەبیٚ. دووەم , زمانی دوای قۆناغی ناو لانکە، کە هەر تەنها دایك ڕۆڵی سەرەکی تێدا نابینیٚ بەڵکو دەوروبەریش بەشدار دەبن لە فێرکردنی . لەو دوو قۆناغە منداڵ زمانێکی ڕێسایی _Regular بە عەقڵی خۆی دادە مەزرێنیٚ هەرچی پرەنسیپە نارێساییەکانی _ Principles of Irregularities زمانی دایکە منداڵ لەو قۆناغە بە ڕێساییان دەکات !

وێڕای ئەمەش، زمانی دایك بە زمانی ڕەسەن شرۆڤە دەکریٚ.ئەو جۆرە زمانە لە گەڵ منداڵ لەدایك دەبیٚ. ئەمە زمانێکی بنەڕەتییە منداڵ بە ڕەوانی لە دایك و باوك و دەوروبەری فێردەبێت. ئەو دیاردەیە و ئەوەی پێشووش لە کۆمەڵگای تاکزمانیدا منداڵ بەبیٚ گرفت فێری دەبیٚ! لە کۆمەڵگای فرە زمانییدا ناسنامەی زمانی دایك،ناسنامەی نەتەوەیی ون دەکات.لە تاراوگە ئەو کوردانەی بە هەر بەهانەیەك هاوسەرگیری لە گەڵ ئافرەتی ڕۆژئاوای پێکدێنن، منداڵەکانیان لە نێوان زمانی باوکیان و دایکیان سەرگەردان دەبن . بۆ ئێمەی کورد کام زمان، زمانی باوك،یان زمانی دایکەکە دەبێتە زمانی کوردی یاخود زمانی نەتەوە ؟بێگومان هەردەم زمانی دایك زمانی نەتەوە پێکدێنیٚ نەك زمانی باوکێکی کە خۆی زمان و دین و کەلتوری نەتەوەی پیٚ دواکەوتوو بیٚ.. لەم ڕوانگەوە بەشێکی دایەسپۆرای کوردی خۆی هەرەشە لە ئایندەی زمانی کوردی دەکات!!چونکە زمانی نەتەوە ون دەبیٚ نەك تەنها وەك بوونێکی ڕۆژانە, بەڵکو وەك بوونێکی مەعنەویی و نەتەوەیی!!

لە لایەکیتر،لەو کۆمەڵگایانەی منداڵی

بیژی بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر هەن دایك و باوکی ئەو منداڵانە حاڵەتێکی دەرونی سامناك بۆ ئەو منداڵانە دروست دەکەن،چونکە ئەوانە بە ناچاری بە دەوڵەت دەستپێردرێن لە سێویێ خانە (هەتیو خانە ) زمانێك فێردەبن لە وانەیە هیچ پیوەندی بە زمانی نەتەوەیی خۆیانەوە نەبێت ! زمانی دایك ,زمانێکی هەڵگری کرۆمۆسۆمی نەتەوە نییە,بەڵکو منداڵ لە دەوروبەر فێری دەبێ,بۆیە زۆر گرنگە منداڵ لە چواچێوەی وڵات, لە نێو باوەشی گەرمی دایك و باوکێکی کوردەوە زمانی بپژێ!!!

## زمانی دایك و زمانی نەتەوە

زمانی دایك چەندان واتای تر هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوەی ئەم نووسینە کاری لە سەر دەکات زمانی نەتەوەیە. لە دوای ڕوداوی خوێناوی (21) ی شوباتی 1952 لە بەنگلادیش زمانی دایك بووە زمانی نەتەوە، زمانی نیشتیمان! دوای جیابونەوەی پاکستان (پاکستانی ڕۆژئاواو پاکستانیڕۆژهەڵات -بە نگلادیش) لە هیند جیابۆوە سەرانی پاکستانی ویستیان زمانی (ئۆردو ) بە سەر تەواوی پاکستانی گەورە بسەپێنن، بەڵام بەشی پاکستانی ڕۆژهەڵات، کە ئێستا پێ ی دەوترێت بەنگلادیش بەو پرۆسە شۆڤینیە رازی نەبوون،بۆیە قوتابیانی زانکۆ و سیاسەتمەدار و چالاکوانانی بەنگلادیش لە 21-ی شوباتی 1952 بەرانبەر بە دەسەڵاتی عەسکەرتاریەتی پاکستانی راپەرین و داوایانکرد کە زمانی (بەنگالا)،کە زمانی لە%98 بەنگلادیشیەکانە لەو بەشەی وڵات بکرێتە زمانی فەرمیی و ستاندەر" دەسەڵاتی پاکستان بە (چەك) وەڵامی ئەو داوا سروشتی و یەزدانییەی بەنگەلادیشیەکانی دایەوە!!

چەندەها قوتابی و چالاکوان بوونە شەهیدی زمانی دایك.لەو نێوە ناوی ئەو چوار کەسە زۆر لە میدیکاندا دێت:سەلام،رەفیق،جەبار،بەرەکات.

نزیکەی نیو سەدە لە دوای ئەو ئۆپراسۆنیە شۆڤینی و فاشیە، یۆنیسکۆ لە(17 ) ی(11) ی 1999 بریارێکی جیهانییدا لەمەر مافە

زمانەوانییەکانی گەلانی خاوەن وڵات و بێ-وڵات!!ڕۆژی (21)ی شوبات،وەك ڕێزێك لە بزاڤی زمانیی بەنگلادیشییەکان،کرایە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایك.

زمانی نەتەوایەتی ناسنامەیەکی سیاسی زمانە هەروەها ئەو زمانە سنوری (زاری) تێپەڕاندووە و بە هیچ جۆرێ ئەو زمانە لە چوارچێوەی هۆز و عەشیرەت نەماوە تاکو بە زار دابندرێ یان بە زارێك بەراورد بکرێ. لەم ڕوانگەوە زمانی نەتەوایەتی زمانی هەموو تاکێکی نەتەوەیە(ئەگەر هەندێ لە تاکەکانی نەزانن بە کاریشی بێنن یان نەیانەوێ بە کاریبێنن!!).ڕاستە زمانی نەتەوایەتی لە ڕووی سیاسیەوە ئەو زمانەیە کە لە سنوری جوگرافی وڵاتێکی تاکنەتەوەدا بە کاردێ, بەڵام زمانی نەتەوایەتی لە دەرەوەی سنوری جوگرافی وڵاتیش هەر ناسنامەی تاك دەپارێزێ! لە ناو کوردان، زمانی دایك زیاتر بە واتای زمانی نەتەوایەتی،زمانی زێد،زمانی نیشتیمان دێت، بۆیە زمانی دایك لە لای تاکی کورد زیاتر مەدلولێکی سیاسی دەبەخشێ –بە حوکمی ئەوەی کورد لە مێژە هەڕەشەیەکی گەورەی لەسەرە هەتا بە جۆرێ جگە لەبەشی باشوری کوردستان، زمان لە تاکەکان زیاتر هەڕەشەی لێدەکرێ.داگیرکارانی کوردستان هەر کار لە سەرناوبردنی زمانی کوردی ناکەن،بەڵکو هەتا بە مکوری کار لەسەر کوشتنی کەسایەتی و مێژوو و جوگرافیا هەتا جیهانبینیدینی کوردی دەکەن!



## پوختە

یەکەم زمان لە ژیانی مرۆڤدا بەهایەکی کۆمەڵایەتی هەتا لە پاشان ( سیاسی) شی دەبێت , چونکە یەکێ لە بنەما و شەنگستەکانی ناسنامەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی , ناسنامەکەی کەسەکە پێکدێنێ .وێرای ئەو ناسنامە کۆمەڵایەتییە، یەکەم زمانی مرۆڤ ( زمانی دایك نەك زمانی ڕەمەکی)لە ناو کۆمەڵگا ناسنامەیەکی نەتەوەیی و سیاسیش هەڵدەگرێ،کە لە کۆمەڵگایەکی چەند زمانیدا بەهایەکەی زۆر لە بەها کۆمەڵاتیەکە

زياتر دەبێت . لـەم پێوەدانگـەوە، بـە سـود وەرگـرتن لـە (52) بەندەكـەی جارنامەی جيهانيی مافە زمانييەكانی يۆنيـسكۆ باهەوڵبـدەين زمـانێكی (ستاندەر) بـۆ(خوێنـدن ) و زمـانێكی (فەرميی) بـۆ حكومـەتی كوردستان فەراهەم بێـنين ,چـونكە يـەك زمـانی ستاندەر و يەك ئەلفبێ و يەك ڕێنووس بونياتی دامەزرانـدنی يـەك نەتـەوە و دەوڵەتی نەتەوەيی لێدەكەوێتەوە ...

وتـار

هێشتا دەرفەت ماوە !! ئەگەر لـە رووی ديـنی يـان نەتـەوەيی لـە مەسەلەی ئـەو سـێينە لێكجيانـەبۆوە ورد بينەوە هيچ بزاڤێكی نەتەوەی لـە جيهـان نييـە دەسـتبەرداری ئـەو ئامانجانـــە بـــێ !! بزاڤێكـــی ناسيۆناليزمی نييە زمانی نەتەوايـەتی و دەوڵەتی نەتەوەيی لا پيرۆز نەبێ !! ئەگـەر لـە عيراقـی فـرە-نەتـەوە و ئێستای پڕ ئاشوب دەسـەلاّتی كـوردی خـەمی زمـانی نەتەوايـەتی نـەبێ و كـاری بـۆ نـەكات و هـەر خـەريكی بچووككردنەوەی زمـانی نەتەوايـەتی بـێ و بـەيت و بـالۆرەی (يەكـسانی زارەكـان!!) بـــە مومارەســـەی ديموكرايەت تێبگا ئەوە شيمانەی ئەوە دەكـرێ دەسـەلاّتدارانی بەغـدا لـە ناسـينی زمـانی كـوردی وەك زمـانی دووەمـی عێـراق پەشـيمان ببنـەوە !! جا،كـە دەوڵـەتێكی وەك پاكـستان نكـۆڵی لـە ناسـنامەی نەتـەوەيی و نيـشتمانی زمـانێكی وەك بـەنگالی بكات كە زيـاتر لـە دووسـەد مليـۆن قسەپێكەری هەبێ، ئەوە چۆن شۆڤينيە سياسيەكانی بەغدا، ئەگەرجارێكی تـر دەسـەلاّتی ڕەهايـان لـە بەغـدا پەيداكردەوە نكۆڵی لە زمانی گەلێكی شەش مليۆنی لە كوردستانی باشـور ناكەن ؟ ئەگەر (هەموو) ئەو دەرفەتە نەقۆزينەوە:ئەوە

ئێمەش وەك داگيركاران بەشداردەبين لە چەوساندنەوەی زمانەكەمان !!

وتـــار

# واتـای وشه

شوکر گەلالی

## بەشی یەکەم

**پێشەکی :**

بــــەکارهێنانی وشەلەڕســــتەدا بەشـــێوەیەکی ســـەربەخۆ بـــەکار نایـــەت،یان ڕیزکردنـــی کەرەســـەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نابێت،بـەلکو وشە لەچوارچێوەی ڕستەکە ملکەچـی وشـــەی تـــر دەبێت،کـــە لەگـــەڵی دێت.ئەمەش لەبەرئەوەی ڕستە تـەنها بریتی نییە لەکۆمەڵێك وشەی ریزکراوە یەك لەدوای یەك،بەلکو چەند یاسایەك بەیەکـــەوە هـــاتنی وشـــەکان کـــۆنترۆل

دەكات, لێرەوە واتای وشە بریتییە لە واتای فەرهەنگی وشەكان لەگەڵ كۆی ئەو بەكارهێنانانەی كە وشەكان هەیانە لەپێكهاتی ڕستەیەكی ریزمانی،واتە نابێت بۆ تیگەیشتن لەواتای ڕستە تاك لایەنە پشت ببەسترێت بەواتای فەرهەنگی وشەكان، باشتر وایە چاو لەبەكارهێنانەكانیشی بكەین لەسنوری رستەكەدا ئەمەی دووەمیان گرنگە،چونكە وشە لەپێكهاتەی رێزمانی دەكەوێتە ژێر ركیفی بەكارهێنانەوە،دەتوانین بڵێین واتای فەرهەنگی بەشێكە لەواتای وشەكەو بەشەكەی تریش لەو پەیوەندییە واتاییانەوە بەدەست دێت(تێگەیشتن)لەگەڵ وشەكانی تری رستەكە دروستی دەكات.

لەباسەكەدا كار لەسەر واتاو وتاسازی وشە و پەیوندییە واتاییەكانی وشە كراوە، لەوێدا وشە وەكو پێكهاتێكی سەربەخۆم وەرگرتووە،واتای وشە لەگەڵ وشەكانی تری لەگەلیدا دێن لەپەیوەندی ئاماژە بۆكراو یان پەیوەندی شوێنیدا،وشە وەكوپێهاتێكی سەربەخۆ لەبەكارهێنانی چ هۆكارێك كار لەسەرواتاكەی دەكات و گۆڕانی بەسەردا دێت، وشە لەبەكارهێناندا هەم واتای ون دەكات و هەم واتای زیاد دەكات لەئەنجامی بەیەكەوە هاتنی لەگەڵ وشە هاوسێكانیەوە.بەرای هەندێ زمانەوان كاركردن لەسەرواتای وشە بەگرنگتر دەزانن وەك لەواتای رستە،بۆیە منیش ویستم چەند لایەنیكی ئەم باسە شرۆڤە بكەم . ئەگەرچی لەئامادەكردنیباسەكەدا كەمی سەرچاوە كوردییەكان و كەمی كات گرفتی سەرەكیم بوون لەئامادەكردنی باسەكە.



باسەكە لەپێشەكیەك و دووبەش و چەند تەوەرێكی تەواوكەری یەكتر لەگەڵ چەند ئەنجامێكی دەستكەوتوو پێكهاتووە،بەشی یەكەم،باس لەواتای وشەو پەیوەندییەواتاییەكانی وشە دەكات لەگەڵ یەكتری لەپەیوەندی ئاماژەو شوێنی ئەم تەوەرانە دەگرێتەوە،كەهەر تەوەرەی چەند سەردێرێك لەخۆدەگرێت. لەدوو تەوەر پێكاتووەتەوەری یەكەم(واتا واتاسازی وشە )دەكات تەوەری دووەم(پەیوەندییەواتییەكانی وشەدەكات،پەیوەندی ئاماژە،پیوەندی شوێنی(ئاسۆی و

ستوونی))دەکات،بەشی دووەم باس لە جۆرەکانی وتاوشێوەکانی گۆڕان و هۆکارەکانی گۆڕانی واتا کراوە،ئەمیش لەدوو تەوەر پێکهاتووە،تەوەری یەکەم جۆرەکانی واتا(واتای هۆشەکی واتی بارکراو واتای بابەتی)باسکراوە و تەوەری دووەم شێوەکانی گۆڕانی واتاو هۆکارەکانی گۆڕانی واتا کراوە (تەسك بوونەوەو فراوانبونی واتاوبەرزبونەوەو نزم بونەوەی نرخی واتای وشەکەو هۆکارە زمانی و نازمانییەکان باسکراوە کە کار لەواتا دەکەن ).

بەشی یەکەم /واتای وشەو پەیوەندییە واتاییەکانی

تەوەری یەکەم /

*** پێناسەی واتا:**

گرنگی واتا لەوەدایە پەیوەندی بەتێگەیشتنەوە هەیە، تاوەکو کۆمەڵ بەرەو پێشەوە بڕوات و چەندەی کۆمەڵگا جەنجالتربێ زیاتر پێویستیمان بەواتا و تێگەیشتن لێی دەبێت،چونکە واتا تێکەلاَوی هەموو زانستەکانی تر بووە،جا بۆ تێگەیشتن لەواتا پێویستیمان بەچالاکیەکی زۆری زمانەوانی دەبێت بۆکردنەوەی کۆدەکان بەتێگەیشتن لەهێماکان تاوەکولێڵی واتایی نەمێنێت. تاوەکو ئێستا پێناسەیەکی تەواوی واتا نەکراوە هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە (لێکۆڵینەوەیە لەواتا)(عبدالواحید مشیر :2005:22).نەبوونی پێناسەیەکی تەواوی واتا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە واتا :-

1-واتا شتێکی بەرجەستە نیە .

2- بونی چەند جۆرێکی واتا .

3- بونی چەند بۆچونێکی لێکدانەوەی واتا (هەمان سەرچاوەی پێشو:2005:22).

*** واتاسازی وشە**

مەبەست لەواتاسازی وشە، لێرەدا وشە گرنگترین یەکەی واتاییە کەواتایەکی هۆشەکی هەیە لەگەڵ ئەوەش واتایەکی نمونەیی نیە (کلۆد جیرمان و ریمون رۆبلان:1994:46) بۆیە واتای وشە بریتییە لە (واتای فەرهەنگی + واتابەکارهاتوو یان زیادە). هەریەك لەم وشانە واتای فەرهەنگی خۆی هەیە وەکو لەفەرهەنگدا هەیە بەهۆی پەیوەندی دوور و نزیکی واتاوە (هاو واتاو دژواتا)، بەلاّم کاتێك وشەکان یەکدەگرن واتای پەیوەندی دروست دەکەن (مەبەست واتا زیادەکەیە) بەمەش وشەکان بەشێك لەواتاکانیان

ون دەكەن و بەشێك لەواتاكانیان زیاد دەبێت، بەهۆی وشە هاوسێكانیەوە، واتاپەیوەندییەكەیە هەمیشە گۆڕاوە و ناجێگیرە و ڕای گشتی كۆمەڵی كۆمەڵی لەسەرنیە،بەلاّم واتا فەرهەنگی وشەكە جێگیرەو ڕێككەوتنی كۆمەڵی لەسەرە، چونكە بەپێی پرۆسەیەكی كۆمەلاّیەتی دروست بووە،ئەگەرچی ئەمانیش بەتێپەربونی كات دەگۆڕێن بەلاّم گۆڕانەكەشیان ڕێككەوتنی كۆمەڵی لەسەرە.

تەوەری دووەم / پەیوەندییە واتاییەكان

بریتیە لەپەیوەندی كەرەسەیی رستە واتە پەیوەندی ڕێزمانی وشە بەوشەكانی پاشترو پێشتری خۆی بەهۆی جێ بەجێ كردنی چەند یاسایەكی ڕێزمانی.ئەگەرپێناسەی زمان بكەین هەروەكو لەواتاسازی وەسفی هاتووە زمان بریتییە لەپرۆسەیەكی تێكچرژاو كە كەرەسەكانی تەواو بەناو یەكدا چوون هەریەكەیان واتایی ئەوەی تریان دیاری دەكات،لەبەرئەوەی وشە سەربەخۆ بەكارنایەت،بەڵكو ملكەچی وشەی تر دەبێت،بۆدروست بوونی پەیوەندییەكی ڕێك،بۆیە ناكرێت ریزكردنی وشە هەرەمەكی بێت (یحی عبابنە و امنە الزعبی:85:2005). لابردنی هەركەرەسەیەك دەبێت هۆی تێكچونی پەیرەوەكە . بەمەش دوچاری كێشەی گونجان و نەگونجان دەبین لەبەكارهێنانی وشەكان كە پێویستە لەڕیزبونیان سنوری لەگەڵ یەكهاتنی كەرەسەكان ڕەچاو بكرێت،هەروەها ئەو وشانەی دەشێ لەهەمان بیئە لەشوێنی یەكتردا بەكاربێن. بۆدەركەوتنی وشەكان لەهەریەك لەم ڕستانە پێویستە دووجۆر پەیوەندی ڕەچاو بكرێت.

پەیوەندی ئاماژە .

پەیوەندی شوێنی .

**1- ئاماژە / (بۆچون، چەمك)**

زمان بۆ لەیەكتر گەیشتنە و یەكێك لەپێكهاتەكانی وشەیە، وشەش بریتییە لە هێما بۆ ئەو شت و روداوانەی كەلەدەرەوەی زمانن .بەو پەیوەندییەی لەنێوان كەرەسەزمانییەكان (وشە و رستە) و شتی دەوروبەردا هەیە دەوترێت ئاماژە،پەیوەندی نێوان وشەی سپی و ڕەنگی سپی پەیوەندییەكی ئاماژەیە، (زمان بەبێ پەیوەندی ئاماژە ڕۆڵی خۆی نابینێ، ئاماژە كۆدی گۆڕینەوەی بیرەكانە بۆ جیهانی دەرەوە، زانستی واتاسازی گرنگی

بەورێگەیەدەدات، کەزمان بەلێهاتویی کەسی دەبەستێتەوە .بەم پێیە ئامـاژە دەبێـت بەکەرەسـەیەکی ناوەراسـت لەواتاسازیدا)(بێخـاڵ عبـدالله سـعید :69:1989) بەمـەش پەیوەنـدی ئاماژە دەچێتە ناوبیرەوە لەرستەیەکی وەکو : ئەم چیایە بچوکە

ئەم مشکە گەورەیە

لەراستیدا هەریەکە لـە چیا و مـشك لامان روونە، بەلام مانای تری لەپشتە .بۆیە زمانەوانەکان زۆر قوڵ نابنەوە لە لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە پەیوەندیە . کاتێك ئـەلێین وشـە یـان کەرەسـەیەك واتـای هەیـە ئەمـە ئامـاژە بۆشـتێك دەکات، جاری واهەیە ئەم شـتە بـونی نیە وەکو( دیو، جنۆکە)لێرەدا ئەتوانین بونێکی ئەفسانەییان بۆ دروست بکەین لەدەقێکی دیـاریکراودا . جـاری واش هەیـە دانـەکانی زمـانی پەیوەنـدی ئاماژەیی لەگەڵ هیچ شـتێك لـەدەورو بەرەکەیدا نیە وەکو ( زیرەك، ئـازادی )بـەلام زانایـانی دەروونناسـی و فەیلـە سوفەکان ئـەتوانن گریمانـەی بـۆدابنێن لەچواچێوەی بیردۆزێکـی دیـاریکراودا کەسەربەزانـستی دەروونناسـی بێـت (الاخلاق) . ئەمانە هیـچی کارناکاتـە سەر ئەوەی کە بلێی ئاماژە پێویـستی بەبوونـە(هـەمان سەرچـاوەی پێـشوو :701989)، لێرەدا دەتوانین بلێین :

أ- باوەڕهێنان بـەوبیرەی کـە هـەموو دانەیـەکی فەرهـەنگی دیـاریکراو ئاماژەیە بۆشت و تایبەتی لەدەرەوەی زمـان ،هـەروەکو جـۆن لاینـز دەلێـت :ئەمـە ئـەوە ناگەیـەنێت کەئیمـە بەشـێوەیەکی مـەنتقی پەسـندی ئـەم گریمانە بکەین، هـەموو ئـەو شـتانەی کەبەهۆی واژەیەکی دیاریکراو ناسراون لامـان پـۆلێکی سرشـتی پێـك ئەهێنیَ(جۆن لاینز:40:1968) .

ب- مەرج نییـە ئامـاژەی کەرەسـەی فەرهەنگی تـەواو وردبێـت بەرادەیـەك وای لیَ بکـات هەمیـشە رون و دیاریکراو بێت . هەروەکو لەگفتو گۆی رۆژانەدا دیارە پێویـست بـەوە ناکـات لەکاتی قسەکردن ئـەم وردیـە هـەبێت .چـونکە زۆرجـار سـنوری ئامـاژەیی کەرەسە فەرهەنگییەکان زۆر روون نییە ناتوانرێت سنورێکی تەواو جیاکـەرەوە دابنـێن لـەنێوان (چیا و گـرد) یـان مریـشك و جوجەڵـە(بێخـاڵ عبـدالله سـعید :70:1989)، هـەوەکو زمانەوانـەکانیش لەکتێبەزمانیەکانیاندا لە لێکۆڵینەوەی پەیوەنـدی ئامـاژەیی زۆر قـوڵ

نابنەوەلەبەر ئەوەی پەیوەندییەکە فەلسەفییە زیاتر لەوەی زمانی بێت، وەك لەنموونەی ئەو چیایە بچوکە و ئەو مشکە گەورەیە، لەڕووی مەنتقەوە گەورە قەوارەیەکی فراوانتری هەیە وەك لە بچوك بەلاّم دانانی گەورە لای مشك و بچوك لەگەلّ چیا پێچەوانەکەی ئەگەیەنێت، کەواتە پەیوەندی ئاماژە جێی مەنتق نیە، هەروەکو چۆن هیچ لێکدانەوەیەکی مەنتقی نیە بۆ هەلّبژاردنی (ئازاد) بۆ ناونانی کوڕ، چونکە هەلّبژاردنێکی کاتییەو ناونانێکی لەخۆوەیە . ناونانی لەخۆوەش یەکێکە لەتایبەتمەندییەکان زمان کەبەهۆیەوە جۆرە چالاکیەك بەدەست دێنیّ.

## 2- پەیوەندی شوێنی

پیوەندی شوێنی ئەو پەیوەندییە ئالۆزەیە لەنێوان کەرەسەکانی زماندا (وشەکان ) هەیە واتە تەنها گرنگی بە پەیوەندییەکان ناوەوەی زمان دەدات،(بالمر :37:1981)،بەپێی بیروڕای رۆنانەکان سۆسێرو لایەنگرانی (هەرکەرەسەیەکی زمانی شوێنێکی هەیە لەپەیڕەوێکی دیاریکراو دا ئەرك و نرخی هەریەك لەو کەرەسانەش لەوپەیوەندییە دایە کەلەگەلّ وشەکانی پاش و پێشی هەیەتی لەهەمان پەیرەودا .پەسندکردنی ئەم ڕایەش دوورمان دەخاتەوە لەوکێشانەی لێدوانێکی زۆریان لەسەرە لەروی دەرونی و فەلسەفیەوە، چونکە پیوەندی شوێنی و شیکردنەوە سەربەزانستی زمانن، کەزانستێکی بابەتییە،وەك ماتماتیك جێی هەستی کەسی تێدا جیّ نابێتەوە)(بێخال عبدالله سعید:74:1989)،ئەم شیکردنەوەی کەرەسانە بەپێی شوێن وای لەزانایانی زمان کرد،کەبەوردتر لەزمان بکۆلّنەوە زۆر بەرفراوانتر وەك لەپەیوەندی ئاماژە،لەبەرئەوەی واتای فەرهەنگی هەرکەرەسەیەك بەشێکە لەواتای رستەکە،(وشە واتای چەسپاوی نیە بەگوێرەی شوسنەکەی دەگۆڕێت و واتای رستە نەبەستراوەتەوە تەنها بەواتای وشە،بەلّکو بەهەموو ئەو واتایانەش بەستراوەتەوە کە لەگەلّی بەکاردێت،بەمەش واتای وشە بریتییە:لەواتای بەکارهێنانەکانی)(عبدالواحید مشیر:72:2009). پەیوەندی شوێن دووکەرەسەی فەرهەنگی یان زیاتربەیەکدی دەبەستێتەوە بەهۆی

واتاوە،کە چەندین دیاردەی گرنگ وەك هاوواتاو دژواتاو ...هتد، دیتەکایەوە پەیوەندییە شوێنییەکان دووجۆرن:-

أ - پەیوەندی ستونی / پارادیگماتیکی

ب- پەیوەندی ئاسۆیی / سینتاگماتیکی (یحی عبابنە و امنە الزعبی:88:2005)

أ - پەیوەندی ستونی / پارادیگماتیکی

بریتییە لەپەیوەندی فەرهەنگی نێوان وشەکان و دیارنەبوونی وشە هاوواتاکان لەهەمان شوێن لەسەرباری ستونی .بێ ئەوەی واتای رستەکە بشێوێ، واتە دەکرێ لەشوێنی یان بەرکار یان هەربەشێکی تری ڕستەکە دەرکەوێ (سەلام ناوخۆش :31:2005)، بۆ نموونە وشەی (باش) لەگەڵ هەردوو وشەی جوان و خۆشەویست دەتوانێت لەشوێنی یەکتر بێت،چونکە هەرسێکیان سەر بەیەك بەشەئاخاوتنن. بۆ نموونە : ژاکاو کچێکی باشە

(جوانە، خۆشەویستە )

شێوەکانی پەیوەندی ستونی /

1ـ هاو واتا

2ـ داپۆشین

3ـ پەیوەندی بەش لە گشت

4ـ گونجان

5ـ دژواتا (عبدالواحید مشیر: 2009:؟)

1- هاو واتا/هەمان واتا(پالمر:103:1981)، ئەو پەیوەندییە لە نێوان دوو وشە یان زیاتر هەیە کە پەیوەندی یەکی نزیکی واتاییە لەگەڵ یەکتری دەیانبەستێتەوە و هەمان واتا دەدەن(محمد معروف فتاح:164:1990). بەرای هەندێ لەزمانەوانان پلە هەیە لەنێوان هاوواتاکان (بیخال عبداللە :76:1989) .

**جۆرەکان هاوواتا /**

أ / هاوواتای تەواو / بریتی یە لەو جووتە ووشەیەی لە شوێنی یەکتردا بێن بەبێ هیچ گۆرانێکی واتایی 0 نموونەشمان نیە، بۆیە دەڵێین هاو واتای تەواومان نیە.(زمان بەرەوە قورس بوون دەبات،بۆنموونە :یەکێکە لەوزمانانەی وشەکانی هاوواتایان زۆرە،بۆیە فیرکردنی لەلایەن کەسێکەوە زمانەکە نەزانێت گرانە)(محمد معروف فتاح:8:2003).

ب / هاوواتی ناتەواو/ ئەو ووشەیەیە کە لە واتای هۆشەکیدا یەکسانن بەلاّم

له واتای لاوەکیدا جوداوازن (بیخال عبدالله :79:1989) 0

سەرچاوەی دروست بوونی هاوواتا لە زمان0

1- زارەکانی زمان / جیاوازی لە نێوان زارەکاندا وەکو ( ئاو – ئاڤ ) ( جالّجالۆکە )

2- شێوە زار / بەکارهێنانی شێوازی جیای زمانە ( بەندە – من )

3- زمانی بیانی / بە هۆی کاریگەری زمانی بیانی ( زێر – ئالّتون )

4- خوازە / ئەمەش بە هۆی خواستنی وتای ووشەوە دەبێت بۆ زمانەکە.نموونە : ئەمری خوای کرد = مردن(بروانە عبدالواحید مشیر:115-144:2009)بەم شێوەیەی سەروەرباسکراوە .

2- داپۆشین / ( گرتنەوە )

ئەو پەیوەندییە یە کە زاراوەیەکی گشتی چەند زاراوەیەکی تایبەتی داپپۆشێ، کەبەداپۆشەریش ناوی دەبات ( احمد مختار عمر:99:1982 ) کاتێك کە زاراوە گشتیەکە ئەندامەکانی داپپۆشێت لەسەر بنچینەیەکدا کۆیان دەکاتەوە هە بۆیەش هەندێك جار ( بە گرتنەوە ) ناو دەبرێت . نموونە / پەیوەندی نێوان ( گولّ و نێرگز ) کە دەلّێن گولّ هەموو جۆرە گولّەکان دەگرێتەوە نێرگزیش جۆرێکە لەم گولاّنە (محمد معروف فتاح :163:1990)0

کە دەلّێیت:

گولێکم کڕی ≠ نێرگزێکم کڕی

نێرگزێکم کڕی = گولێکم کڕی

جۆرەکانی داپۆشین/(عبدالواحید مشیر:2009:؟)

ا- داپۆشینی تەواو / ئەو پەیوەندییە یەکە لە نێوان زاراوە گشتی و تایبەتەکەدا هەیە لە نێوان زاراوە تایبەتیەکاندا لە نێو خۆیاندا پەیوەندیەکی زۆر بەتین هەیە0

گولّ : نێرگز، هێرۆ، لاولاو 000هتد

پەیوەندی نێوان گولّەکان وەکو یەکە لە ڕووی سیفاتی هاوبەش ( گولّن، جوانن، ناسکن 000 )

ب / داپۆشینی ناتەواو / لێرە دا پەیوەندی نێوان زاراوە تایبەتیەکان پەیوەندی پتەو بەیەکەوە یان نابەستێتەوە 0تەنها پەیوەندی داپۆشین هەیە0 دیاری: قەلّەم , بۆن , سەعات , گولّ , ریباگ 0

ئەگەر سەیر بکەین هیچ پەیوەندییەك نیە لەنێوان قەلّەم بۆن 0 تەنها ئەوە

نەبێت کە زاراوە گشتیەکە (دیارییە) گۆیان دەکاتەوە 0 کەواتە سودەکەی لەوەدایە پۆلێنمان بۆدەکات

3-پەیوەندی بەش لەگشت/ پەیوەندییەکە ئەندامێك بەشێك دەبێت لەگشت.هەروەکو دەلێن گشت بریتیە لە کۆی ئەندامەکان بەم پێیە هەر ئەندامێك بەشێکە لە گشت وبەهەموو بەشەکانیش گشتەکەتەواو پێکهێنە(عبدالواحید مشیر 2009:؟)دواتردکتۆرعبدالواحید لەمحازەراتەکانی بەشێوە باس

وتار

لەجیاوازی نێوان گشت لەگەڵ داپۆشین دەکات :

لەگشت / کۆمەڵیەکە دانراوە زیاد و کەمی تێدا ناکرێت 0

داپۆشین / کۆمەڵیەکە زیادو کەمی تێدا دەکرێت 0

نموونە/ ئەندامەکانی مرۆڤ زیادو کەم ناکرێت وەکو رەنگەکان و گوڵ نیە 0

زمانەوانەکان لەم بوارەدا ئەو پرسیارە دەکەن،کە ئایاپەیوەندی بەش و بەش دەبێتە پەیوەندی بەش لەگشت؟ (منقور عبدالجليل :93:2001) وەلامەکەشیان ئەوەبوو،کەپەیوەندی بەش و بەش دەبێت و ئەمیش ئەنجامەکەی هەردەبێتەوە بەش لەگشت بۆنموونە( نینۆك و پەنجە)پەیوەندی بەش و بەشە و(پەنجەو دەست)هەر بەش و بەشە بەلاّم (نینۆك و دەست )پەیوەندی بەش و گشتە.

4- پەیوەندی گونجان/

بریتی یە لەو پەیوەندییە شوێنییە ستونییەی، کە لە نێوان ئەندامەکانی داپۆشین هەیە 0

نموونە / رەنگەکان ( زەرد، سۆر، مۆر، سپی، قاوەیی، ڕەش 000 هتد )

پەیوەندی نێوان ( ڕەش و سپی ) پەیوەندیەکی گونجانە

5- دژواتا/

گرنگترین پەیوەندی واتاییە،پەیوەندییەکی شوێنی ستونییە بەواتای ئەوەی لەچوارچێوەی زماندا کاردەکات،هەریەك لەوشەکان ئەچنە ژێرئەو پۆلە ستونییەوە کەلەرستەکەدا دەنوێنرێت(بێخال عبدالله سعيد:69:1989).ئەو پەیوەندییەی کە دوو وشە دژ بەیەکن لە نێوانیاندا پەیوەندیەك هەیە ( دژ واتاییە ) دووری واتاییە، بیرێکی بە رەنگاریە لە نێوان دوو وشەکە نموونە: هات 000 رۆیشت 0

**جۆرەکانی دژ واتا /**

بەپێ بیرو رای جۆن لاینز دژ واتا سێ جۆرە (بەرامبەری، پێچەوانەیی، تەواوکەری )(بروانە عبدالواحید:97:2009).

1- بەرامبەری / ئەو پەیوەندییە تەواو کارییە یە لە نێوان دوو ووشەدا هەیە لە رەتکردنەوەی یەکێکیان پەسندکردنی ئەوی تریانە(ناکردن یەکیکیان پەسندکردن و سەلماندنی ئەوی تریانە)(قیس کاکل:54:2000) 0

نموونە / - نێرۆ – مێ کەوەك نێرە واتە مێ نیە

- جوان – ناشرین کچەکە ناشرین نیە واتە جوانە

بەمەرجێ دەبێ ناو بێ و پلەی تێدا نەبێ چونکە (پلەنیە لەنێوانیاندا و هەریەکەیان جەمسەرێك دەگرێت ئەوەی لەم جەم سەرە نەبێت لەجەمسەرەکەی ترە)(محمد معروف فتاح:165:1990).جاری واهەیە وشەکە بەرامبەر بەکۆمەلێك دەوەستێت لێرەدا (سەلماندنی یەکێکیان ناکردنی یەکێکە لەدانەکانی تری کۆمەڵەکە کاتێك بەجیا وەریانبگرین)(عبدالواحید مشیر:97:2009) .بۆنموونە کاتێك دەلێی: (سەیارەکی سورم هەیە ) واتە نەرەشە و نەسپییە .

2- پێچەوانەیی /ئەمەشیان جۆرێکە لەجۆرەکانی دژ واتا (کەلەبەراوردکردنی وشەی(چاك و خراپ)یان (گەورەو بچووك)و دەیان وشەی تردا دەردەکەوێت ئەم جۆرە دژواتایە بەوە لەبەرامبەری جیا دەکرێتەوە کەپلەدارە واتە دوو وشەکە بەراورد دەکرێت)(محمد معروف فتاح:165:1990)ئەمە زیاتر لەئاوەڵناوەکان دەردەکەوێت . وەکو خانووەکەی ئێمە لەهی ئێوە چاکترە . هەروەکو وتمان ئەمجۆرە زیاتر ئاوەڵناوەکان دەگرێتەوە (بەرز و نزم و جوان و ناشیرین...)کە لە نێوانیاندا (ترو ترین)وەردەگرێت،(ئەگەرنا لەهەموو وشەیەك بەدی دەکرێت دان نان بەیەکیان رووکردنە ئەوی تریان نییە)(احمد مختار:103:1983).نموونەی (کورەکە زیرەك نیە )مانای ئەوە نییە کە(کورەکە تەمبەڵە) تەنها ئەوە وتراوە کەزیرەك نییە.

3- تەواوکەری / ئەم جۆرە پەیوەندییە بە بەراوردکردنی هەندێ وشەی

وەکــــو(کــــرین و فرۆشـــتن)و(دان و وەرگــرتن)و(ژنهێنــــان و شــوکردن)دا دەردەوێـــــت(محمـــد معــــــروف فتاح:159:1990)، ئـەم جـۆرە دژ واتایە لە فرمانەکاندا بـەدی دەکرێـت کاتێك دوو وشەدژەکە لـەدوو رسـتەی جیاوازدا بەرامبەر یەك دەکەون وەکـو **ئازاد خانووەکەی لەنەوزاد کری.** **نەوزاد خانووەکەی بەئازاد فرۆشت.**

حوسێن سابیر عەلی
کۆلێجی قەڵا بۆ بەهرەداران

وتـــار

# زمانی ڕیالیزمییە سیحرییەکان

بــەکارهێنانی زمــان لــەلای نووســەرە پێـــشەنگەکانی ڕیـــالیزمی ســـیحری ئەمەریکای لاتــینی و لەزۆربــەی ئــەو ڕۆمانانـــەش کــە دەچــنە ناوخانـــەی ڕیالیزمی سیحرییەوە، بەکارهێنانێکی ئاســایی بــۆ تــەنیا نووســینی دەقێــك بەتایبــەتی ڕۆمـــان نییـــە، بـــەڵکو مەبەست و نیازی لەپشتە، وەکو بابەت و پێکهاتــە هونەرییــەکانی دیکـــەی ڕۆمـــان، لەتـــەواوکردنی مەبەســـتیی گشتیی دەقەکەدا، لەسنووری خۆیـدا، بەشــدارییەکی کــارا لــە پێکهاتــەی

گشتیی دەقەکەدا دەکات و سیماو هێماو جوانکارییەکی زیاتر بەدەقەکە دەبەخشێ.

بەسروشتی ئەوەی کە ئەفسانەو خەون و خەیاڵی داهێنەرانە بەشدارییەکی چڕوپڕیان لە ڕۆمانی ریالیزمی سیحریدا هەیە، ئەم بەشدارییە، کاری لە زمانی دەقەکاندا کردووەو ڕەهەندێکی فراوانتری پێداوە، بەڕادەیەك وایکردووە کەزمانەکە هێماو مەبەستی زیاتر لەخۆ بگرێ،" لەبەر ئەوەی پشت بەبناغەیەکی رەسەنی ئەفسانەو داستان دەبەستێت و تێکەڵاو دەبێت لەگەڵ ژیانی هاوچەرخی ئێستامان". بەکارهێنانی زمانێکیش کە تێکەڵاوی زمانی واقیعی ئێستای نووسەرەکەو ئەفسانەو داستان و ڕەگەزی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆری بێت، نووسەر دەخاتە بەردەم بارێکی قورس. بەلام بە تێکەڵاوکردنیان و تواندنەوەی هەردوو بارەکە لەناو یەکتردا، پلەی داهێنانی زمانی دەقەکە بەرز دەکاتەوە.

سەرەڕای ئەمە، لەوەستایی و شارەزایی لەبەکارهێنانی زمانی واقیعی ئێستاو تێکەڵکردنی بەزمان و گیانی ئەفسانەو داستان و ڕەگەزی دیکەدا، " ئازادیی زمان و داهێنان دەدۆزینەوە"(1). ئەم ئازادی و داهێنانەش لەزماندا، بەزۆری خۆی لەهەریەك لە (مۆسیقا، ڕستەی کورت، کزبوونی ڕۆڵی نیشانەکانی خاڵبەندی) و بابەتی دیکەش دەبینێتەوە کە ئێمە لێرەدا تەنیا باس لە مۆسیقا و ڕستەی کورت و نیشانەکانی خاڵبەندی دەکەین.

وتار

1- مۆسیقا:

کردەی پێدانی مۆسیقا بەدەقی چیرۆك و ڕۆمانی ریالیزمی سیحری، مەبەست و نیازی لەپشتە. بەڕادەیەکیش جەختی لەسەر کراوەتەوە کە" هیچ سنوورێك لەنێوان شیعرو پەخشاندا نەمێنێ"(2).

نووسەرە پێشەنگەکانی ڕیالیزمی سیحری، زمانێکیان بەکارهێناوە " زایەڵەو زرینگانەوەی هەیە"(3). ئەمەش یارمەتییەکی باشیداوە بۆ ئەوەی زمانەکە مۆسیقاداربێ.

وشە، کەبەشێکی سەرەکی و گرنگی زمانە، بەکارهێنانی لەلای

پێشەنگەکاندا، هەرەمەکی نییە، بەڵکو" چیرۆکنووسانی ئێستای ئەمەریکای لاتینی، ئەوانەی بایەخ بەم لایەنە دەدەن، پێش ئەوەی بینووسن، دەیرازێننەوە"(4). لێرەدا وشە دەچێتە ناو هەردوو بواری (ڕوخسارو ناوەرۆك)ەوە. ڕاستە لێرەدا باسی ڕازاندنەوە (ڕوخسار)کراوە، بەڵام لایەنی ناوەرۆکەکەی زووتر جەختی لەسەرکراوەتەوەو پێیانوایە ناوەرۆکی زمانێکی پێشکەوتوو" بەرجەستەی گوتاری ڕۆمان و پەیامەکەی دەکات"(5). ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لە سەرەتادا، هزرێکی ڕەسەن هەیەو هزرەکە بەزمان دەربڕینی لێدەکرێت. دواتر لەچوارچێوەی شیعرییەت و ڕازاندنەوەی وشەو لایەنەکانی دیکەی زمان، زیاتر گرنگی پێدەدەن. گرنگیدانیش بەهەردوو بواری (ڕوخسارو ناوەرۆك)، بەرهەمی بەرزی لێدەکەوێتەوە.

گرنگترین ڕۆڵی مۆسیقاش کەبە دەقێکی دەبەخشێ، زیاتر خۆی لە هارمۆنییەت (هاوئاهەنگی) و بەرزی و نزمی دەربڕینی دەنگدا دەبینێتەوە.

سەبارەت بە هارمۆنییەت، زیاتر لەو دەقانەدا خۆی دەبینێتەوە کە سەراپای دەقەکە، یان بەشە تەرخانکراوەکان بۆ مەبەستێك باس لە ناوەرۆکێکی تایبەتی دەکات، وەك: (خۆشەویستی، ململانێ و شەڕ، باری دەروونی...تاد). خاڵی زەقی هارمۆنیاش: هەناسەی دەقەکە یەك ئاستەو وێنەو ڕەنگەکانیش، درێژبووەوەی تۆنی یەك دەنگ و ڕەنگن. واتا جیاوازی بەرچاو بەدی ناکرێ. باشترین نموونەش بۆ هارمۆنییەت، ڕۆمانی (خۆشەویستی لە زەمانی کۆلێرا)ی گابریێل گارسیا مارکیزە. بنەڕەتی ئەم ڕۆمانە باسی خۆشەویستییە، لەئاستی بەرزی و نزمی، گۆڕانکاری لەهەناسەی دەنگ و شێوەی وێنەو ڕەنگەکاندا ڕوودەدات. لەساتی خۆشەویستی و ڕۆمانسییەتدا، دەنگەکان کزدەبن و ڕەنگی وێنەکان کاڵدەبنەوە. لە ساتەکانی هەڵچوونیشدا، (بەتایبەتی لەدوای مردنی دکتۆر خۆفیناڵی مێردی، فێرمینا داسا، فیرینتینۆی خۆشەویستی یەکەمی دەبینێتەوە)،

دەنگەکان هەڵدەچن و تۆنیان بەرزدەبێتەوە، ئەمەش تەنیا وێنەیەکی بەرچاوی ڕۆمانەکەیە کە هارمۆنیەتەکە گۆڕانی تێدەکەوێ. بەڵام لە ڕۆمانی (سەد ساڵ لەتەنیایی) مارکیز و (پیدرۆ پارامۆ)ی خوان ڕۆلفۆدا، مۆسیقای ڕووداوە جیاوازەکان بەرزو نزم دەبێ و هارمۆنیەتییەکە کزدەبێ.

بەشێوەیەکی گشتی مۆسیقای ناو دەق بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستبێ بە سەرواو وشەسازی، جێی بایەخی پێشەنگەکانە، مارکیز دەڵێ: " کاری ئەدەبی وەکو مۆسیقایە، هەر هەڵەیەك لە ڕیتم، لەوانەیە ئەفسوونی کارتێکردن ونبکات، زۆر بایەخ بەم لایەنە دەدەم، بەڕادەیەك ناتوانم کارێك بدەمە چاپخانە، پێش ئەوەی بەدەنگێکی بەرز نەیخوێنمەوە"(6). مارکیز ئەوەش ڕادەگەیەنێ: "زۆر لەخوێنەرانم پرسیاری پەیوەندی نێوان کتێبەکانم و مۆسیقایان لێکردووم، منیش گوتوومە: (سەد ساڵ لە تەنیایی)، بریتییە لەگۆرانییەکی میللی لەچوارسەد لاپەڕە. (خۆشەویستی لەزەمانی کۆلێرا)ش، سەمای بۆلێرۆ(*)یە لەسێسەدو هەشتا لاپەڕەدا"(7). لێرەدا (گۆڕانی میللی و سەمای کولتووری خۆیان) تێکەڵ بەناوەرۆکی دەقەکانییان دەبێ و لە ڕیتم و پێکهاتەی هونەری دەقەکەدا بەشدار دەبێت. ئەم خاڵە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئاوێتەکردنی ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری و بەشی دیکەی هونەری فۆلکلۆری وەك: (سەمای میللی)، هەرتەنیا لەدەوڵەمەندکردن و گرۆکی دەقەکاندا بەشدارییان نییە، بەڵکو لەبونیاد و پێکهاتەی دەقەکانیشدا ئامادەییان هەیە. ئەمە خاڵی هەرە زیندووی ئاوڕدانەوەو ئاوێتەبوونی دەقی نوێیە، بەتایبەتی لە ژانری ڕۆماندا، لەگەڵ کولتووری تایبەتی ئەمەریکای لاتینیدا.

2- ڕستەی کورت:

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پێشەنگەکانی ڕیالیزمی سیحری ئەمەریکای لاتینی، بەتایبەتیش لەلای مارکیزدا، بەکارهێنانی ڕستەی کورتە یان کورتە ڕستەیە. ئەم کورتییەی ڕستەش، وایکردووە کار لە دەربڕینیش

بکـــات و لـــەناو ڕســـتەی کورتـــدا چڕببێتەوە.
ڕۆڵی مارکیز لەوە بەدەردەکەوێت کە" بـــەهۆی گـــشت بەرهەمەکانییـــەوە، توانیویەتی کار لەسەر گونجاندنی کەش و هەوایەکی زمانەوانی تایبەت بەخۆی بکات، بەپلەیەك دەتـوانرێ بگوترێـت (ڕستەی مارکیزی) دروسـتکردووە کـە ڕستەی کـورت و پـڕ دەربڕینـە"(8)، وەك:
" کـەمێ تاریـك داهـات، چاوچـاوی نەدەدیت، دەستی خۆم لێ دیار نـەبوو! زۆر بێزار و پەست بووم...تاد"(9).
هەروەها کارلۆس فوێنتسیش رسـتەی کورتی بەکارهێناوە:
" پەلە دەکەی بۆ چـوونە ژوورەکـەت. دەچیە ژوورێ، پشت وەدەرگـا دەدەی، دەڵـێ ی لـەوە دەترسـێ ی کەسـێك بەدوات دابێ، هەناسە برکێ، نقـوومی ئارەقە، قوربانی ترسی خود، قوربـانی دڵنیـایی خـود، ئەگـەر شـتێك یـان کەسـێك بیـەوێ بێتـە ژوورێ نـاتوانێ بـەرگری بکـەی، لەپـشت دەرگاکـە لادەچی و لێ دەگەڕێ ی ئەوەی دەبـێ ببێ"(10).

ئێمـە لـەوە دڵنیـاین کـە لـە زمـانی ڕەسـەنی دەقەکانـدا (کـە زمـانی ئیسپانییە)، نموونەی زیاتر بۆ ڕستەی کـورت پەیـدادەبێ، ڕەنگـە لەسـاتی گۆڕینیانـدا بـۆ زمـانی دووەم، یـان سـێیەم. گۆڕانکـاری لەپێکهاتـەی ڕسـتەکاندا بـەهۆی سروشـتی زمـانی دووەم، یـان سـێیەم، ... هتـد، ڕوویدابێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم نموونانە ڕاسـتی بـەکارهێنانی ڕسـتەی کـورت دەسەلمێنن.

وتـــار

3- نیشانەکانی خاڵبەندی:
بـەکارهێنانی دروسـتی نیـشانەکانی خاڵبەندی(*)، جۆرە ڕیتم و پشوویەك بەخوێنـەر دەدات و لـە دەربـڕینی مەبەست و پرسیشدا، بەشداری دەکەن.
ئـەم لایەنـەی زمـانی نووسـین " بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـك لەشـێوەی نووسـینی ڕیـالیزمی سـیحریدا، نابیینینـەوە، یـان پەسـەند ناکرێ"(11). بەلای ئێمـەوە پەسـەند نەکردنەکەش بـۆ شـێوە شـیعرییەت و مۆسیقا ئامێزەکەی زۆربـەی دەقـەکان دەگەڕێتەوە.
بـەکارهێنانی دروسـتی نیـشانەکانی

خاڵبەندی لەناو دەقدا، پلەیەکی زیاتری ڕیتم و مۆسیقاو پشوو بە دەقەکە دەدات، زۆر لە ڕۆمانەکانی ڕیالیزمی سیحری، مۆسیقایان تێدایە، واتا لێرەدا خاڵبەندی پلەی یەکەمی بەرناکەوێ، بەڵکو وەکو هونەرێك بەشداری لە شیعرییەت و ڕیتم و مۆسیقای دەقەکەدا دەکات. سەرەڕای ئەو تێکەڵییەی نێوان واقیع و خەون و خەیاڵ و ئەفسانەو تواندنەوەیان لەناویەکتردا.

لەزۆربەی ڕۆمانەکانی مارکیز و چەند بەرهەمێکی فوێنتسدا، تەنیا ئاوڕ لەهەردوو نیشانەی خاڵبەندی (.) و (،) دراوەتەوە. ئەم دوو نیشانەش، ناچاری کۆتایی پێهێنانی ڕستە و بەش و دەقەکە دەبخوازێ. بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستماندایە، بەشێوەیەکی بەرچاو: میگێل ئانخل ئەستۆریاس لە ڕۆمانی (سەرۆکی بەرێز)دا بەپلەی یەکەم و خوان ڕۆڵفۆش لە تاقە ڕۆمانەکەی (پیدرۆ پارامۆ) بەپلەی دووەم، نیشانەکانی خاڵبەندییان بەکارهێناوە. ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە لەچاو ژمارەی پێشەنگەکان و بەرهەمەکانیاندا.

**وتار**

## پەراوێزەکان

(1) مەهدی ساڵح، دەربارەی ڕۆمان، چاپخانەی ڕۆشنبیری – هەولێر، 2006، ل38.

(2) سیزار فرناندث مورینو، أدب أمريكا اللاتينية – قضايا و مشكلات (القسم الاول)، ترجمة عن الاسبانية: احمد حسان عبدالواحد، كتاب عالم المعرفة، مطابع الرسالة – الكويت، 1987، ص154.

(3) سیزار فرناندث مورینو، أدب أمريكا اللاتينية – قضايا و مشكلات

(القسم الثاني)، ترجمة عن الاسبانية: احمد حسان عبدالواحد، كتاب عالم المعرفة، مطابع الرسالة – الكويت، 1988، ص119.

(4) سەرچاوەی پێشوو، ل218.

(5) سەرچاوەی پێشوو، ل241.

(6) د. ماجدة حمود، أصالة الرواية في أمريكا اللاتينية، مجلة (المعرفة)، العدد (502)، تموز 2005، ص77.

(7) جابرييل جارثيا ماركيز، غريق على أرض صلبة - مقالات، ترجمة: مها السيد عبدالرءوف، ميريت للنشر و المعلومات – القاهرة، 2002، ص138.

(*) سەمای بۆلێرۆ، لە سەما خاوەکانە (Slow). لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەکوبا سەریهەڵداوە. یەکێکە لەسەما سەرەکییەکان لەپێشبڕکێکانی سەمای لاتینی( Latino)دا و بەسەمای خۆشەویستی ناودەبرێ. ئەم سەمایە بەجوولانەوەی زۆری ناوقەدو ئەژنۆ دەناسرێتەوە.
بڕوانە: سمير قريو، الرقص: http: //www.utopia-h.net/forum/archve/index.php?t-939.html.<03/09/2008>.

وتار

(8) جابرييل جارثيا ماركيز، غريق على أرض صلبة - مقالات، ص137.

(9) أحمد ندا، جابو.. صانع الاساگير http: //www.20at.com/new/newArticle.php?sid=4792. <19/10/2007>.

(10) گابریل گارسیا مارکیز، دەریاوانە خنکاوەکە، و: شێرزاد هەینی، دەزگای چاپ و پەخشی سەرەم - سلێمانی، 2005، ل39.

(11) کارلۆس فۆینتس، ئاوورا، وەرگێڕانی: ئەبو بەکر خۆشناو، سلێمانی، 2001، ل48. ناوی چاپخانەی لەسەر نییە.

(*) وەك: {(.) (،) (!) (؟) (؟!) (:) (“) (" ") (–) (...)} و نیشانەی دیکەش.

(12) د. ثناء أنس الوجود، قراءات نقدية في القصة المعاصرة، دار قباء للطباعة و النشرو التوزيع - القاهرة، 2000، ص238.

ئەگـــەر لەکۆنـــدا کاراکتـــەر و کەسایەتییەکانی نێو دەقە ئەدەبییەکان تەنیا خواوەند و نیمچە خواوەند و دێو

و درەنـج و گیانلەبـەر ئەفـسانەیی و خورافییـــەکان و کەســـایەتییە ئەرۆستۆکراتەکانی نێو کۆمەڵگا نمایش کراون. ئەوا لەسەردەمی رۆماندا جیـا لەمانەش کارەکتەر و کەسایەتیی رەش و رووت و چینی خـوارەوەی کۆمەڵگـە وەکـو پاڵـەوانێك بنـەڕەتی دەقـی ئـەدەبییان پێکهێنـاوە. هـەر لەبـەر




# رۆمان وەکو کەناڵێکی زمانەوانی

## رۆمانی(( ڕێزمانی خۆشەویستی )) بە نموونە

عەبدوڵڵا رەحمان

ئەمەشە کە دەقی رۆمان وەکو پانتاییەکی کراوە باوەشی بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە کردۆتەوەو هەموویان وەکو ئاوێنەیەك ژیانی دەرەوەو ناوەوەی خۆیان تێدا بینیوەتەوە. هەر بۆیە لەمبارەیەوە وتراوە ( سنوورێك نییە رۆمان دیاری بکات یەکێکی وەك هـ . ج. ویلز ناوی نابوو تورەکەیە و دەتوانی هەموو ئەو شتانەی تێ بئاخنیت کەلات پەسندە)(1) بێگومان ئەو سنوورە کراوەیە رۆڵێکی زیاتری بە رۆمان بەخشیوە و وای لێکردووە ئاور لە تەواوی کایەکانی نێو کۆمەڵگە بداتەوە و هەموو دیاردە و بوارەکان لەباوەشی خۆی خۆی کۆدەکاتەوە و لەسەردەمی ئەمڕۆشماندا هۆکارەکانی گەیاندن و هونەری سینەما و شانۆ و مۆنتاژ ... هتد. کردۆتە کەرەستەی پێکهاتەی خۆی و لە هەناوی خۆیدا سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگەی هەڵگرتووە و دەستی بۆ مێژووش درێژکردووە، چونکە رۆمان ( ئەگەر ژیانی ئاساییش باس بکات ئەوا شتێکی مێژوویی هەر تێدایە)(2).

یەکێك لەو کایە هەر گرنگانەی کە بەشێکی سەرەکیی لە دەقی رۆمان پێکدەهێنێت، زمانە. راستە زمانی رۆمان، زمانی پەخشانە و بریتییە لە وشە و رستە و لەئاستێکی رێکخراوی زماندا، تانوپۆی دەقەکە رەنگرێژ دەکەن. وەلێ خودی زمانەکە خۆی ( جا هەر زمانێك بێت) بنەڕەت و هۆکاری گەیاندنی گشت مەبەستەکانی رۆماننوس لەخۆ دەگرن. بەم پێیەش رۆماننوس لە ساتێکی دیاریکراوی زەمەندا مامەڵە لەگەڵ وشەو رستە دەکات و رایەڵەکانی دەقەکەی بەهۆیەوە دادەڕێژێت. واتە لەدواجاردا زمان و رێزمانی ئەو زمانە گشت و بیرۆکە و هزرەکانی رۆماننوس دادەرێژن و لەپرۆسەیەکدا ئەو بیرۆکە و هزرانە لە بوونێکی مەعنەوی نێو قالبی مێشکەوە بۆ بوونێکی ماددی سەر کاغەز دەگوازنەوە، لەساتی ئەو گواستنەوەیەشدا پیت و وشەو رستەکان لەشێوەیەکی وێنەییدا بەرجەستە دەبن و دەبنە کائینێك کە بەپێی رێزمانێکی دیاریکراو و بەرنامەرێژدا رێککدەکەون و تەبا دەکەونەوە.



لەم روانگەیەوە رۆمان بەهۆی ئەو زمانەی کە بەکاریدەهێنێت، دەربڕی کێشەو گرفتەکانی نێو کۆمەڵ دەکات. ئەوەی لێرەدا لەبارەی رۆمانەوە باسی لێوە دەکەین شتێکی تازە و نوێیە، تازە ونوێ بە پێوەرەی نا کە رۆمانێکی جیاواز لە تیۆری رۆمانی لێکەوتبێتەوە، بەڵکو بەو پێوەرەی کە رۆمانەکە دەستی بۆ کایەکی گرنگ بردووە کە ئەویش زمانەوانییە. واتە زمانەوانی و دەستەواژە و پێکهاتەکانی خۆیان بوونەتە سەرچاوەی پێکهاتنی دەقەکە و بەشداری لە بەڕێوەبردنی رۆمانەکەدا دەکەن. رۆمانی ( رێزمانی خۆشەویستی)ی رۆماننوس سەباح مەجید، لەو هەوڵە تازەییدا شکۆفەی داوە و تێیدا رۆماننوس ، رێزمانی وەکو بەشێکی پێکهێنەر لەتەورەکانی ئەو رووداوەدا بەشداری پێکردووە و سەرنجی وەرگری بۆ لای گەلێک مەسەلەی زمانەوانی هەنووکەیی و دەستەواژەو زاراوەکانی زمانی کوردیی بردووە و لەگەڵ کێشەی سەرەکی رۆمانەکەدا ئاوێتەی کردوون.

ناونیشانی رۆمانەکە ( رێزمانی خۆشەویستی)یە، ئەو ناوونیشانە دەلالەت لە جەوهەری دەقەکە خۆی دەکات و یەکراستیش سەرنجی ورگر بۆ خۆی رادەکێشێت. ئەگەر بەوردی سەرنج لەم ناونیشانە بدەین دەبینین کە لەدوو وشە پێکهاتووە( رێزمان) و (خۆشەویستی). رێزمان لێرەدا و لەسیاقی ئەو ناونیشانەدا دوو جۆر واتای لێ بەرهەم دێت، واتای یەکەمیان رێزمانی زمانێك دەگرێتەوە ، بەواتای هەموو ئەو رێوشوێن و یاسا و هاوکێشانەی کە لەهەناوی تایبەتمەندییەکانی خودی زمانەوە بەدەستهاتوون، دارێژراون بەمەبەستی فێربوونی ئەو زمانەوە و لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی لەپێناو پەرەپێدان و دەوڵەمەندکردنەوە. واتای دووەمیشان کە راستەوخۆ پەیوەستە بە واتای یەکەمیان و بەرایەڵەکردنی لەگەڵ

وشەی دووەمیان ( خۆشەویستی) واتای یاسا و ڕێسا و ڕێوشوێنەکانی خۆشەویستی دێت کە پرۆسەیەکی مرۆڤایەتی و یژدانی ناخی مرۆڤە بۆ بەردەوامی دان بەژیان و ڕەنگاڵەکانی باڵەکانی. لێرەدا ناوونیشان لەگەڵ مەبەست و مەغزای دەقەکە دێتەوە، بەو پێیەی کە ( ناوونیشان ڕۆڵی کلیل دەبینێت بۆ کردنەوەی دەرگای دەق و چوونە ناو دەقەوە)(3). بەمەش خوێنەر لە نەستی خۆیدا واتای ناونیشانەکەی لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقەکەدا یەکگدەکرێتەوە و بەیەکەوە پارچەکانی مەبەست و مەغزای ڕۆمانەکە تانوپۆ دەکەن.

کارەکتەری سەرەکی ئەو ڕۆمانە بریتین لە ( ئەلەند ) و ( بەهەشت)، ناونانی ئەو کارەکتەرانەش لەلایەن ڕۆماننوسەوە زیاتر بەمەبەستەوە بووە، چونکە هەردوو کەسایەتییەکە مامۆستای زمانی کوردین و لەخۆشەویستییەکی بەگڕو تیندا دەبن، بەڵام دواتر بۆ یەکتر نابن، ئەمەش دەلالەتی ناوی (بەهەشت)مان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە لەلایەکەوە گەیشتن بە بەو بەهەشتە هێمای پاکبوونەوە و پاداشت و خەڵات وەرگرتنە و لەلایەکی دیکەشەوە گەیشتنە بەترۆپکی چێژو هەروەها یەقین . دەکرێ لێرەدشدا ئەو ڕۆمانە بەراوردێکی پێ بکەین لەگەڵ ڕۆمانی دانتی ( کۆمیدیای یەزدانی) کە هەردووکیان لە دۆزەخەوە بەرەو پاگژەکە و بەهەشت ئاراستەی ڕووداوەکانیان بەرێدەخرێن. دیارە لێرەدا سەبارەت بە ئەلەند ڕزگاربوونە لە کۆمەڵگایەکەی خۆی کە وەکو دەۆزخ وایە و پرۆسەی خۆشەویستنی بەهەشتتیش پاگژەکەکەیە و گەیشتن بەو بەهەشتەش ، گەیشتنە بەدوامەنزڵگای ئارامی، بەڵام ئەوەی کە لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا ڕوودەدات ، ڕێك پێچەوانەیە و ئەلەند بەو بەهەشتە ناگات و دەگەڕێتەوە ناو چەقی دۆزەخەکەوە. هەڵبژاردنی مامۆستای زمانی کوردی وەکو دوو کەسایەتی سەرەکی بۆ دەور گێڕان لەم ڕۆمانەدا و هەروەها ئەو گفتوگۆیەی نێوانیان لەبارەی زانستی زمانەوە، دەکرێت بە هەولێکی نویَ لە ڕۆمانی کوردی لەقەڵەمیان بدەین.

شوێن لەم رۆمانەدا ( قوتابخانە)یە کە پەیوەندییەکی تۆکمەی بە بابەتی دەقەکەوە هەیە، و بەشدارە لە خستنەڕووی بابەتە زمانەوانییەکان. ئەگەر چی لە رۆمانی کوردیدا قوتابخانە وەکو شوێنێکی رووداو بەکارهاتووە، وەلێ شوێنێکی لاوەکییەو کەمتر رووناکی خراوتە سەر، بۆیە ئەم رۆمانە بە یەکەم رۆمانێکی کوردی دادەنرێت کە قوتابخانە وەکو دەزگایەکی فێرکردن و پەروەردە بکاتە شوێنی سەرەکی رۆمانەکە و رووداوەکانی تێدا گوزەر بکەن. قوتابخانە بەو پێیەی دەزگایەکە مرۆڤ فێری زمانی دایك و زمانەکانی دیکەش دەبێت و لەهەمانکاتیشدا زانست و زانیارییەکان بەهۆی زمانەوە بە قوتابییان دەگەیەنرێت, لەم گەیاندنەشدا مامۆستایان رۆڵی سەرەکی خۆیان دەگێڕن. بۆیە دەبینین قوتابخانە شوێنێکی سەرەکییەو کەسایەتییەکانیشی کەمامۆستان و بەتایبەتیش مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی رۆڵی سەرەکی لە رووداوەکانی رۆمانە بەرجەستە دەکەن.

لەدوو تۆیی ئەو دیالۆگەی کە لەنێوان هەردوو کەسایەتی سەرەکی بەڕێوەدەچێت، جگە لەخۆشەویستیەکی پاك و بێگەرد، زمان و کێشەکانی زمان دەبێتە تەوەریەکی سەرەکی لە رووداوەکاندا. کە ئەمەش بۆ یەکەمجارە لە رۆمانێکدا کێشەکانی زمان و رێزمانی زمان بکرێنە بابەتی باس. لەیەکێك لەو دیالۆگانەدا، ئەلەند بەمشێوەیە دیالۆگ لەگەڵ بەهەشت دەست پێدەکات:

((مامۆستای بەڕێز رێزمان لای تۆ چی دەگەیەنێت؟))

ئەو زەردەخەنەیەك گرتی وگوتی:

(( رێزمان شارەزابوون لە زمان دەگەیەنێت))

(( بەقسەی تۆ بێت ئەو قوتابیانەی رێزمانیان پێدەڵێین هیچ شارەزای زمان نین؟))

(( من مەبەستم ئەوەیە کە قوتابییان شارەزای یاسا و دەستوورەکانی زمانی کوردی نین، بۆیە رێزمانیان پێدەڵێین .. ئەوەیە مەبەستی من.))

(( بەڵام ئەگەر قوتابیان یاسا و دەستوورەکان نەزانن شارەزا نەبن ،

ئەی چۆن بەزمانی کوردی قسە دەکەن))

((....))

(( مامۆستای بەڕێز نەك قوتابییان ، بەڵکو هەر کەسێکی کوردزمان بگریت ئەوە بە کوردی قسە دەکات، باشە چۆن بە کوردی قسە دەکات ئەگەر شارەزای یاسا و دەستوورەکان نەبێت))

((قوتابیان دەزانن قسە بکەن، بەڵام شارەزاییان لە یاسا و دەستوورەکان نییە، ئەو یاسا و دستوورانەی کە لەلایەن زمانەوانانەوە داڕێژراون)). ل20-21

لە بەشێکی دیکەی ئەو گفتوگۆیانەی نێوانیان رەخنە لە زمانەوانەکان دەگرن کە بەهۆی ئەو یاسا و رێسایانەی لە بارەی زمانەوە دایانهێناون، سەر لەخەڵکی دەشێوێنن:

(( بەکورتی بەلای منەوە هەر کەسێك کە لەدایك دەبێت و زمانی دەوروبەرەکەی فێر دەبێت و قسەی پێدەکات، ئەوە گشت یاسا و دەستوورەکانی ئەو زمانە بە بێ هەڵە بەکاردێنێت بەبێ ئەوەی خۆی پێیبزانێت، بەڵام زمانەوانەکان بە



بیانووی ئاشنابوون بە یاسا و دەستوورەکانەوە چەندین یاسا و رێسا دێننە گۆڕێ کە بەهۆیانەوە سەر خەڵکیش دەشێوێنن، خەڵکی کە یاسا و دەستوورەکانیان بەبێ هەڵە بەکارهێنا چیان داوە لە زمانەوانەکان؟)) ئەو لەسەرخۆ گوتی: (( دەزانی من لەوەدا لەگەڵ تۆدام، مرۆڤەکان کاتێك فێری زمانێك بوون بەشێوەیەکی خۆکارانەش هەموو یاسا و دەستوورەکان بەکاردێنن، ئەوانە فێری هەموو یاسا و دەستوورەکان دەبن بەبێ ماندووبوون، من ئەمەش بە بەخششێکی خودای مەزن بۆ مرۆڤەکان دادەنێم، بەڵام تۆ راست دەکەیت مرۆڤەکان لە بەکارهێنانی یاسا و دەستوورەکان هەڵە ناکەن، کەچی زمانەوانەکان لە دەستنیشانکردن و دیاریکردنی یاسا و دەستوورەکان زۆر جار هەڵە دەکەن..)) ل22

ئیدی لەوێوە رۆماننوس رەخنە


وتار

لەسیستەمی پڕ لەهەڵەی پەروەردە دەگرێت و پێیوایە کە پێویستە ئەو سیستەمە پەروەردەییە سەرلەبەری هەڵبوشێنرێتەوە و دووبارە لەسەر شێوازێکی مۆدێرن دابڕژرێتەوە، چونکە ئەو سیستەمە پەروەردەییە ، فاکتەری سەرەکی دواکەوتوویی کۆمەڵگەیە. لەراستیدا سەباح مەجید، ئەمە یەکەمجاری نییە رەخنە لە سیستەمی پەروەردە دەگرێت و دەیکاتە تەوەری باسێکی نێو رۆمانەکەی، بەڵکو پێشتریش لە رۆمانی ( شانیشینی تاقگەکانی سۆز) بەهەمان بۆچوونەوە رەخنە ئاراستەی سیستەمی پەروەردە دەکات . ئەوەی لێرەدا جیاوازە ئەوەیە کە ئەو رەخنەگرتنەی لە زمان و لە زمانەوانەکان پەیوەست دەکات بە چۆنییەتی خوێندنی وانەی زمان و ئەدەبی کوردیی لە قوتابخانەکاندا و هەروەها لەگەڵ گشت وانەکانی دیکەی ئەدەبی و زانستیشدا، کە بەڕای ئەو پێویستە سەرجەم ئەو وانانە بەشێوازێك دابنرێن کە لە رۆحی سەردەم و ئاستی قوتابیان بگونجێت.

هەر لەو روانگەیەشەوە هەڵەکانی وانەی رێزمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا بە رێزمانی کۆمەڵگە دەبەستێتەوە و پێیوایە کە بەهەمان شێوە سیستەمی کۆمەڵگەش وەکو سیستەمە پەروەردییەکە سەقەتە:

(( بەڵێ رێزمانی کۆمەڵگا... ئەو رێزمانەی کە وەك رێزمانەکانی قوتابخانە پڕاوپڕن لەهەڵە، رێزمانی کۆمەڵگا بۆ تو و من و ئەوانی دیکە بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم مومارەسەکردنی حەزەکانمدا، منیش وەك تۆ بەحەسرەتی ئەوەم لەبەر باراندا ناخم بشۆمەوە ئەگەر رێزمانی کۆمەڵگا نەبووایە ئەوە ئێستا دەمانتوانی خۆمان بدەینە بەر ئەو بارانە خۆشە!)) ل25

لەتەوەرێکی دیکەدا رۆماننوس باسی مامۆستا دەکات و ئەو وێنەی کە لەناو کۆمەڵگەی ئێمە بۆ مامۆستا گیراوە تێکی دەشکێنێت ، ئەو وێنەی کە وای کردووە مامۆستا لە زۆر خۆی بەدوور بگرێت و حیساب بۆ وردو درشتی شتەکان بکات و لەهەمانکاتیشدا هەمیشە لەخەمی



ئەوە دابێت کە قوتابییەکانی لە کاتی پیاسەکردن یاخود هەر کارێکی دیکەدا نەیبینن، کە بێگومان ئەمەش بۆ نەبوونی متمانە لەنێوان مامۆستا و قوتابی دەگەڕێتەوە، کە ئەو متمانەش ئەگەر هەبێت لەنێوانیاندا دیارە خۆشەویستییەکی دوولایەنە بەدوای خۆیدا دەهێنێ و دەرئەنجامی ئەو خۆشەویستییەش بێگومان هاوڕێیەتی نێوان مامۆستا و قوتابی لێدەکەوێتەوە ، لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا هێشتا بەهۆی یاساو رێسا دواکەوتووەکانیی و هەروەها نزمی ئاستی رۆشنبیریی ئەو پەیوەندییە هاوڕێتییە لەنێوان مامۆستا و قوتابی دروست نەبووە و تا ئێستاش مامۆستا تەنیا بەچاوی قوتابی نەك هاوڕێ تەماشای خودی قوتابییەکە دەکات و قوتابیش هەر هێندە خوێندنی تەواو کرد یان وازی لەخوێندن هێنا بە ژیانی حەز ناکات مامۆستاکانی خۆی ببینێتەوە:

(( دەبێت مامۆستا لەسەرخۆ و هێمن بێت ، چۆن دەبێت خێرا بڕوات یان خوانەخواستە رابکات! رێزمانی قوتابخانە وای فێرکردین کە نابێت مامۆستا خێرا بڕوات.. یان رابکات و حەیای خۆی لەبەردەم مامۆستایانی تر و قوتابییانیش ببات.. نابێت مامۆستا پێبکەنێت .. یان خوانەکردە نوکتەیەك بگێڕێتەوە .. نابێت مامۆستا لە بازاڕدا پیاسە بکات، ئەی ئەگەر قوتابییەك ئەوی لەکاتی پیاسەکردندا بینی؟ چیی روودەدات؟ خۆ حەیا و شەرەفی چەند ساڵانی لەیەك چرکەدا دەچێت! )) ل40.

رۆماننوس لە چنینی ئەو خۆشەویستییەی کە لەنێوان هەردوو کەسایەتییەکە دروست دەبێت ئاوێتەی زمان دەکان و دەستەواژەو یەکەکانی زمان دەکاتە زمانێکی خۆشەویستی نێوانیان:

(( چاوگ بۆیە پێیدەڵێن چاوگ چونکە

سەرچاوەی دارشتنی کارە، وا نییە؟))
(( بەڵێ وایە.))
(( کەواتە دەتوانم لە چاوگی ( خۆشویستن) کارێکی رانەبردووی تێپەڕ دروست بکەم کە بکەرەکەی جێناوی لکاو بێت بۆ کەسی یەکەمی تاك و بەرکارەکەشی جێناوی لکاو بێت بۆ کەسی دووەمی تاك بێت؟))
بێدەنگ بوو، دیاربوو بیری دەکردەوە ... گوتی : (( دەی بزانم چۆن؟))
رووم تێکرد و بەهێمنی پێمگوت : (( خۆشمدەوێیت.)) ل47
تەنانەت لەو کورتە نامە خۆشەویستانەش کە بە مۆبایل بۆ یەکتریان رەوانە دەکرد، رۆماننوس ئاوێتەی زمانی کردوون و بەیەکەوە چەند دێڕە شیعرێکی جوانیان پێکهێناوە:

دڵم وەکو جێناوێکی لکاوە
بەدڵی تۆوە لکاوە
رۆحم وەك بکەرێکی پەرۆش
بەرۆحی تۆ هەڵزناوە ... ل55

یان لە نامەیەکی دیکە دەڵێت:
ئەمشەو بێ تۆ کارێکی ناتەواوم
دوور لە جوانیت سەرگەردان و پەشۆکاوم
سۆزی خۆتم بۆ بکە بە تەواوکەرێك
دەسا زووکە تا نەمردووم ماوەم .. ل56

لەهەندێك شوێنیشدا نووسەر لەرێگای بەراوردکردنەوە، وێنەیەکی جوانی خۆشەویستی بۆ کێشاوین و بەهەمان شێوە سوودی لە دەستەواژە و یەکەکانی زمان بینیووە لەو بەراوردکردنەدا:
(( ئاخر لەرێزمانی سەقەتی قوتابخانەکاندا کاری دزێو و ناشیاو ناقۆڵاش هەر کارن، بەڵام لە رێزمانی ئەوینی ئێمەدا کارەکان سادە بن یان دارڕژاو یان لێکدراو ، تەنها و تەنها جوان و شیاون و مایەی بەخشبوونەوەی مرۆدۆستین)) ل58
رێزمانی خۆشەویستی، رۆمانێکە دەکرێت لەوێوە ئاشنای رێسا و یاساکان و دەستەواژو یەکەکانی زمانی کوردی ببین ، بێگومان ئەمەش بۆ خودی رۆماننوس دەگەڕێتەوە کە لەم بوارەدا خۆی مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردییەو لەمبارەیەوە

توانیویەتی شارەزایی خۆی لەمەڕ زمانەکەی و هەروەها پیشەکەی کە مامۆستایەتی بەجوانی لە رۆمانێکدا تەزیف بکات و بۆ یەکەمجار قوتابخانە بگاتە شوێنێکی سەرەکی رۆمان و کێشەو گرفتەکانی زمانیش بگاتە تەوەری باسکردنەوە.

وتار

پەراوێزەکان:

رۆمان و پیشەی نووسینی رۆمان، و: ئەژی گۆران، چاپخانەی المشرق ـ بغداد 1982، ل9.

حنا عەبود، من تاریخ الروایە، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق 2002 ص.

عەتا قەرەداغی، مەحوی لەنێوان نەقسی ئەممارە و تواندنەوەی لەرۆحی بالآدا، فەرهەنگ ـ هەفتەنامەی فەرهەنگی هەولێر، ژ44، ئابی 2010، ل5.



# فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی

نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

## بەشی یەکەم

### بکـەر

بکەر وەکو حاڵەتێکی زمانی گشتییە، بەهۆیـەوە لـە زۆربـەی زمانەکانـدا هەمان پرۆسە ئەنجام دەدات، لە زمانی کوردیدا زمانـەوانان و نووسـەرانی کـورد چەندین پێناسەی جودا جودایان بۆ ئەم دیاردەیـە کـردووە، وەك ئـەوەی (بکـەر) دەبێت کەسێك یان شتێك بێت، کە کارێك ئەنجام بدات، یاخود تـەنیا بۆشـایی و شوێنی بکەر لە ڕستەدا پڕ دەکاتەوە.

کاتێك کە دەڵێین (بکەر کەسێکە)، ئەوا مەبەستمان لە خودی (مرۆڤــ)ە، کە کارەکە ئەنجام بدات، وەك :

**ڕزگار نانەکەی خوارد.**

بکەر

لەم ڕستەیەدا وشـەی ( ڕزگـار) ناوێکـە، نـاوی (مرۆڤـــ )ە، خـۆی بـە ئەنجامدانی کارەکە هەستاوە و کاری (خواردن) ئەنجامداوە.

هەروەها کاتێك دەڵێین ( بکەر شتێکە)، ئەوا لێرەدا مەبەسـتمان (مرۆڤـــ) نییـە، بـەڵکو شـتێکی دوور لـە مرۆڤـــ و بێگیـان دەگرێتـەوە، کـە کارەکـە

هەڵسورێنێت و ئەنجامی بدات، وەك :

**بارانەکە باخچەکەی تێکدا .**

**تەزرەکە میوەکەی لەناوبرد .**

**فەرهەنگ**

**ڕەشەباکە کەپرەکەی ڕووخاند .**

لەم ڕستانەدا وشەکانی (بارانەکە، تەزرەکە و ڕەشەباکە) هەر یەکەیان ناوێکی ناسراون، بەڵام ناوی مرۆڤ نین و، دەچنە خانەی ناوی شت و بێگیانن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکەیان بە ئەنجامدان و هەڵسوڕانی کارێك هەستاون، کە بەمەش ئەرکی بکەری ڕستەکەیان بەجێ گەیاندووە. بەجۆرێك لە ڕستەی یەکەمدا (بارانەکە) بکەری ڕستەکەیە و وای کردووە ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی باخچەکە تێك بدات، لە ڕستەی دووەمدا وشەی (تەزرەکە) بکەری ڕستەکەیە، بۆتە هۆی ئەوەی میوەکان لەناو ببات و، ئێمە لێرەدا گەرەکمان نییە بزانین (تەزرەکە) دانەی چەند گەورە بووە ؟ یان چەند کاتژمێری خایاندووە؟ بەڵکو تەنیا مەبەستمان ئەوەیە،کە ئەم شتە شتێکی بێگیانە و مرۆڤ نییە و، ئەرکی بکەری لە ڕستەکەدا بەجێ گەیاندووە، لە ڕستەی سێیەمدا وشەی (ڕەشەباکە) بکەری ڕستەکەیە و بۆتە هۆی ئەوەی کەپرەکە بڕووخێنێت، هەروەها لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە بزانین ئەم ڕەشەبایە لە چ پلەیەکی بەهێزدا بووە؟ یان کەپرەکەی کامەماڵی ڕووخاندووە، بەڵکو تەنیا گەرەکمانە دەست نیشانی بکەری ڕستەکە بکەین، کە شتێکی بێگیانە .

هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە لە ڕستەی ئاسایی زمانی کوردیدا (بکەر) لەسەرەتای ڕستەدا دێت و کار دەکەوێتە بەشی دواوەی ڕستە، وەك:

**گۆڤەند نانەکەی خوارد .**

↓ ↓ ↓

**بکەر بەرکار کار**

واتا لە زمانی کوردیدا بەزۆری شێوەی (SOV) پێڕەو دەکرێت.

هەروەها کە دەڵێین (بکەر کارێکی ئەنجامداوە)، ئەوا واتای ئەوە دەگەیەنێ کە بکەری ڕاستەقینەی ڕستەکە بوونی هەیە، ئینجا ئەو بکەرە کەس بێت، یان شت، وەکو :

**فەرهەنگ بەفرین نانی خوارد.**

**سۆزان بە ئۆتۆمبێل ڕۆیشت.**

**ئۆتۆمبێلەکە کەپرەکەی ڕووخاند.**

**بارانەکە پەنجەرەکی شکاند.**

کە دەڵێین (بکەر تەنیا کەرەسەیەکە شوێنی بکەری ڕستەکەی پڕکردۆتەوە)، ئەوا مەبەستمان ئەوەیە کە بکەری ڕاستەقینەی ڕستەکە بوونی نییە، بەڵکو بکەرێکی ڕێزمانی لە ڕستەکەدا دەرکەوتووە، وەکو:

**پەنجەرەکە شکا.**

**کەپرەکە ڕوخا.**

**دۆیەکە ڕژا.**

**جۆرەکانی بکەر:**

**1ـ بکەری ڕێزمانی**

بەو بکەرانە دەگوترێت کە لە ڕستەدا دەردەکەون و بوونیان هەیە، بەڵام بکەری ڕاستەقینەی ڕستەکە نین، چونکە خۆیان کارەکانی ناو ڕستەکانیان ئەنجام نەداوە، ئەم جۆرە بکەرانەش تەنیا لە ڕووی ڕێزمانەوە بکەرن، وەکو:

**ـ پەنجەرەکە شکا .** **ـ خانووەکە ڕووخا .**

**ـ دۆیەکە ڕژا .** **ـ پوشەکە سووتا.**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا وشەکانی (پەنجەرەکە، دۆیەکە، خانووەکە، پوشەکە) بکەری ڕێزمانی ڕستەکەن، بەڵام هەریەك لەم وشانە کاری ڕستەکانی خۆیان ئەنجام نەداوە، بەڵکو تەنیا لە شوێنی بکەر هاتوون. لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (پەنجەرەکە) کاری شکاندنی ئەنجام نەداوە، بەڵکو هێزێك یان کەسێك هەیە کە

دەرنەکەوتووە بکەری ڕستەکەیە، لە ڕستەی دووەمیشدا وشەی (دۆیەکە) کاری ڕژاندنی ئەنجام نەداوە. لە ڕستەی سێیەمیشدا وشەی (خانووەکە)ی کاری ڕووخاندنی ئەنجام نەداوە. لە ڕستەی چوارەمیشدا وشەی (پووشەکە) کاری سووتاندنی ئەنجام نەداوە. واتە لە هەر چوار ڕستەکەدا، بکەری سەرەکی و بکەری ڕاستەقینە دەرنەکەوتوون، کە کارەکانیان ئەنجام دابێت، بەڵکو تەنیا شوێنی بکەریان پڕکردۆتەوە.

فەرهەنگ

## 2ـ بکەری لۆجیکی

بەو بکەرانە دەگوترێت کە لە ڕستەدا بوونیان هەیە و دەردەکەون، و بە بکەری سەرەکی و ڕاستەقینەی ڕستەکە دادەنرێن، چونکە خودی خۆیان کاری ڕستەکەیان ئەنجام داوە.لە ڕستەکانی پێشوودا ئاماژەمان بۆ ئەوەکرد کە کارەکان لەلایەن کەسێکەوە یان هێزێکەوە ئەنجام دراون، بەڵام لە ڕستەکەدا دەرنەکەوتوون، بەم کەس و هێزانەش دەگوترێ بکەری لۆجیکی، هەروەکو لە ڕستەی (پەنجەرەکە شکا) ئاماژەمان بۆ ئەوەکرد، کە (پەنجەرەکە) بکەری لۆجیکی نییە، بەڵام ئاماژەیەکە بۆ دەرنەکەوتنی بکەری لۆجیکی ڕستەکە، واتا ڕستەکە دەبێتە (ئازاد پەنجەرەکەی شکاند).هەروەها لەم ڕستانەی خوارەوەدا بکەرەکانیان بکەری لۆجیکین:

**ـ شیرزاد هات .** **ـ کارزان ئەحمەدی کوشت.**

**ـ بەناز دەچێت بۆ زانکۆ** **ـ سیروان وانەکەی خوێند.**

**ـ ئازاد دەنگی ئەحمەد دەبیستێ.**

لە ڕستەی(ئازاد دەنگی ئەحمەد دەبیستێ)، دووجۆر شیکردنەوە بەرچاو دەکەوێت، شیکردنەوەی یەکەمیان پەیوەستە بە دیوی دەرەوە و ڕوخساری ڕستەکە، لەم حاڵەتەشدا (ئازاد) بۆتە (بکەری ڕێزمانی) و (دەنگی ئەحمەد) بۆتە بەرکاری ڕاستەوخۆ.بەڵام لە شیکردنەوەی دووەمدا کە پەیوەستە بە دیوی دەرەوە و

ناوەرۆکی ڕستەکە، (دەنگی ئەحمەد) دەبێتە (بکەری لۆجیکی) و (ئازاد) دەبێتە (بەرکاری راستەوخۆ)، چونکە لەم حاڵەتەدا (ئازاد) هیچ کارێك ناکات، بەجۆرێ ئەگەر (ئەحمەد) نەبێ، (ئازاد) هیچ شتێك نابیستێ، واتە (ئەحمەد) کارەکەی
فەرهەنگ
ئەنجام داوە و ئازاد بەر کاری بکەری (بیستن) کەوتووە.

### 3ـ بکەر دیار

بەو بکەرانە دەگوترێت کە لە ڕستەدا بونیان هەیە و دەردەکەون، واتە مەرجی سەرەکی لە بکەردیاردا بەندە بە دەرکەوتنی بکەرەوە، ئینجا ئەم بکەرە ڕێزمانی بێت، یان لۆجیکی، هەروەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

**ـ پەنجەرەکە شکا.**

**ـ دۆیەکە ڕژا.**

**ـ ئازاد هات.**

**ـ کاروان وانەکەی خوێند.**

### 4ـ بکەر نادیار

بەو بکەرانە دەگوترێت کە لە ڕستەدا دەرناکەون و بونیان نییە. مەرجی سەرەکی دروست بوونی ڕستەی بکەر نادیار بەستراوەتەوە بە ڕستەی بکەر دیارەوە، بە واتایەکی تر ڕستەی بکەر نادیار لە ڕستەی بکەر دیارەوە وەردەگیرێت.

* یاساکانی دروستکردنی ڕستەی بکەر نادیار لە زمانی کوردیدا بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

**1ـ بکەر و ئەوەی پەیوەندی بە بکەرەوە هەیە ( واتە جێناو) لادەبرێ.**

**2ـ بەرکاری ڕاستەوخۆ دەچێتە شوێنی بکەر و هەر بە بەرکاری راستەوخۆ دەمێنێتەوە.**

**3ـ ڕەگی کار وەردەگرین.**

**4ـ نیشانە مۆرفیمی نادیاری (ر) دەخرێتە سەر ڕەگی کارەکە.**

**5ـ نیشانەی کات دەچێتە سەر نیشانەی نادیارییەکە.**

**أ ـ بۆ ڕابوردوو (ا) بەکاردێ.**

**ب ـ بۆ ڕانەبوردوو (ێ) بەکاردێت.**

**6ـ نیشانەکانی کاری ڕابوردوو (بوو، دە، ... هتد) وەکو خۆی دەمێنێتەوە و دەستکاری ناکرێت.**

فەرهەنگ

هەروەها مەرجی سەرەکی لە گۆڕینی ڕستەیەك لە بکەر دیارەوە بۆ بکەر نادیار پەیوەستە بەکاری ڕستەکەوە، چونکە دەبێ کارەکە کارێکی تێپەڕبێت، ئینجا ڕستەی بکەر نادیاری لێ ساز دەکرێت، بەڵام لەحاڵەتێکدا ئەگەر کارەکە کارێکی تێنەپەڕ بوو، ئەوا لەدەسپێکدا گەرەکە کارەکە بکەینە کارێکی تێپەڕ.

**ـ ئازاد پەنجەرەکەی شکاندبوو. (بکەردیار)**

**پەنجەرەکە شکێنرابوو. (ڕابوردووی بکەر دیار)**

**پەنجەرەکە دەشکێنرێ . (ڕانەبوردووی بکەر دیار)**

**ـ بەناز وانەکەی دەخوێند. (بکەردیار)**

**وانەکە دەخوێنرا. (ڕابوردووی بکەر دیار)**

**وانەکە دەخوێنرێ. (ڕانەبوردووی بکەر دیار)**

دیارە وەك لە پێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد، کە ڕستەی بکەر نادیار لە کاری تێنەپەڕ سازناکرێت، بەڵکو دەبێت کارەکە تێپەڕ بێت، بۆیە لە زمانی کوردیدا ڕێگا چارە دانراوە بۆ گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ کاری تێپەڕ، ئەویش بە زیادکردنی پاشگری (-اندن) و خستنە سەر ڕەگی کارەکە، کە بە هۆیەوە دەیکاتە تێپەڕ،وەك:-

**خەوتن ← خەو + اندن = خەواندن**

**فڕین ← فڕ + اندن = فڕاندن**

**شکان ← شکا + اندن = شکاندن**

**ڕووخان ← ڕووخا + اندن = ڕووخاندن**

لەم کارانەی سەرەوەدا، کارەکانی (شکا، ڕووخا) بە (ا) کۆتاییان هاتووە، ئەمە

لەلایەك و لەلایەكی تریشەوە لە ڕەگی ڕابوردووەوە وەرگیراون بۆ كردنی بە تێپەڕ، دیارە لە نێوان ئەم دوو (ا)ە،یەكەكیان لەناو دەچێت، چونكە لە زمـانی كوردیـدا هەرگیز دوو بزوێن لە دوای یەكتردا نایێن.

**فەرهەنگ**

هەروەها هەندێك كاری تێنەپەڕمان هەیە، كە بەرانبەرەكەیان كاری تێپەڕ هەیە، لەوانە:

| تێنەپەڕ | | تێپەڕ |
|---|---|---|
| **كەوتن** | ← | **خستن** |
| **هاتن** | ← | **هێنان، هانین** |
| **چوون** | ← | **بردن** |
| **ڕۆیشتن** | ← | **ناردن** |
| **ڕژان** | ← | **ڕشتن** |
| **گۆڕان** | ← | **گۆڕین** |
| **سڕانەوە** | ← | **سڕینەوە** |
| **پچڕان** | ← | **پچڕین** |
| **بزووتن** | ← | **بزاوتن** |
| **سوان** | ← | **سوین (سوون)** |
| **قەلشتن** | ← | **قەڵاشتن** |
| **قڵیشان** | ← | **قەڵاشتن** |
| **مانەوە** | ← | **هێشتنەوە، هێلانەوە** |
| **مان** | ← | **هێشتن، هێلان** |
| **كشانەوە** | ← | **كێشانەوە** |
| هەڵستان | ← | هەڵ گرتن |

هەروەها هەندێك كاری تێنەپەڕمان هەیە، دەشێت بەهۆی (-انـدن) ەوە بكرێنـە تێپەڕ، سەرەڕای ئەوەش تێپەڕی بەرانبەریان هەیە، وەك :

**تێنەپەڕ** **تێپەڕ**

**کەوتن ← کەواندن، خستن**

**مردن ← مراندن، کوشتن**

**چوون ← چواندن، بردن**

فەرهەنگ

لێرەدا لە زۆر حاڵەتدا مانای تێپەڕی بەرانبەر و بە تێپەڕ کراوەکە وەك یەك نابن، وەك (مردن) تێپەڕی بەرانبەری (کوشتن)ە و، دەکرێت بە (مراندن)، بەڵام لە ڕووی ماناوە (مراندن) و (کوشتن) جوودان، وەك :

**پیاوەکە خۆی کوشت – لێرە مردووە .**

**پیاوەکە خۆی مراند - لێرە نەمردووە.**

هەروەها هەندێك کاری تێنەپەڕمان هەیە، کە بەرانبەریان کاری تێپەڕی نییە و پاشگری (ـاندن)یش وەرناگرن، وەك:( سرەوتن، نیشتن، زان، گەنین )

دیارە لێرەدا ئەم وشانە ڕوودانیان لە ژوور ئارەزوو و دەسەلاتی مرۆڤدا نییە، چونکە ((تۆ دەتوانی یەکێکی تر( بخەوێنی و یا بشێوێنی) بەهۆی ئەو ئامرازانەوە، کە خەوتن و شێوان پەیدا دەکەن، بەڵام ناتوانی لە دەروونی هەمان کەسدا (سرەوتن) پەیداکەیت، چونکە سرەوتنەکە لەلاوە نایەت بۆی ....)) .

هەروەها هەندێك کاری تێنەپەڕ، بە یارمەتی کاری یارمەتیدەری (هێنان) و (خستن) ەوە دەکرێنە تێپەڕ، وەك:

**منداڵەکەی هێنایە پێکەنین .**

**منداڵەکەی خستە گریان .**

## بکەر نادیار لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا

یاساکانی سازکردنی ڕستەی بکەر نادیاری لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا جیاوازە لەگەڵ کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**1ـ بکەر و ئەوەی پەیوەندی بە بکەرەوە هەیە ( واتە جێناو) لادەبرێ.**

**2ـ بەرکاری ڕاستەوخۆ دەچێتە شوێنی بکەر و هەر بە بەرکاری ڕاستەوخۆ**

**دەمێنێتەوە.**

**3ـ چاوگی کار وەردەگرین.**

**4ـ کاری یاریدەدەری (هاتن) بەکاردێت، بەم شێوەیە:**
**فەرهەنگ**

أـ بۆ حاڵەتی (تاك):

بۆ ڕابوردوو:

| | |
|---|---|
| أ ـ ڕابوردووی نزیك | هاتە + چاووگ |
| ب ـ ڕابوردووی بەردەوام | دهاتە + چاوگ |
| جـ ـ ڕابوردووی دوور | هاتبوو + چاوگ |
| د ـ ڕابوردووی تەواو | هاتیە + چاوگ |

بۆ ڕانەبوردوو:

| | |
|---|---|
| ڕانەبوردووی ئێستا | دهێتە + چاوگ |
| ڕانەبوردووی داهاتوو | دێ هێتە + چاوگ |

ب ـ بۆ حاڵەتی کۆ :

بۆ ڕابوردوو:

| | |
|---|---|
| أ ـ ڕابوردووی نزیك | هاتنە + چاوگ |
| ب ـ ڕابوردووی بەردەوام | دهاتنە + چاوگ |
| جـ ـ ڕابوردووی دوور | هاتبوونە + چاوگ |
| د ـ ڕابوردووی تەواو | هاتینە + چاوگ |

بۆ ڕانەبوردوو:

| | |
|---|---|
| ڕانەبوردووی ئێستا | دهێنە + چاوگ |
| ڕانەبوردووی داهاتوو | دێ هێنە + چاوگ |

هەندێ نموونە:

**ـ ئازادی سێڤ خار.**

**سێڤ هاتە خارن.        سێڤ هاتیە خارن**

**سێڤ دهێتە خارن        سێڤ  دهاتە خارن**

**سێڤ هاتبوو خارن      سێڤ دێ هێتە خارن**

**ـ وی چاگەر مکر.**

**چا هاتە گەرمکرن.      چا هاتیە گەرمکرن**

**چا دهاتە گەرمکرن.      چا دهێتە گەرمکرن**

**فەرهەنگ**

**چا هاتبوو گەرمکرن.      چا دهێتە گەرمکرن**

**ـ وان کوڕان زەڤیێن خۆ کێلاَن**

**زەڤی هاتنە کێلاَن .      زەڤی هاتینە کێلاَن .**

**زەڤی دهێنە کێلاَن .      زەڤی دهاتنە کێلاَن .**

**زەڤی دێ هێنە کێلاَن .      زەڤی هاتبوونە کێلاَن.**

**ـ ئازاد سێڤ خارن**

**سێڤ دێ هێنە خارن**

**سێڤ دهێنە خارن**

**سێڤ هاتینە خارن**

**سێڤ هاتبوونە خارن**

**سێڤ دهاتنە خارن**

**سێڤ هاتنە خارن**

## 5ـ بکەر نادیاری ئاماژەپێکراو

بەو ڕستانە دەگوترێت کە کارەکانیان لەسەر شێوازی بکەر نادیار سازکراون، بەلاَم لە شوێنێکی تری ڕستەکەدا بکەر دەرکەوتووە، بۆیە بەم جۆرە بکەرانە دەگوترێت بکەر نادیاری ئاماژە پێکراو. لەم جۆرە ڕستانەدا کۆمەلێك پێشبەند و دەستەواژە رۆلی سەرەکی دەبینین لە دروستکردنی ڕستەی بکەر نادیاری ئاماژەپێکراودا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**بە هۆی پێشبەندی (بە، لە، بۆ، پێ،........)، وەك :**

**شاخەکە بە بەفر داپۆشراوە.**

**-باج لە دەولەمەند دەستێنرێ.**

**ئیشم بۆ ناکرێ.**

**نانــم پێ ناخورێ.**

**به هۆی دەستەواژەی ( بەدەستی) یەوە، وەك:-**

**-کراسەکە بە دەستی ڕێناز شوشتراوە .**

**- پێنووسەکە بە دەستی ئاریان شکێنراوە .**

**فەرهەنگ**

**بەهۆی دەستەواژەکانـــــی (لەلایـەن .......ەوە)، لەڕێگـەی (.....ەوە) (بەهۆی ... ەوە)، (لەڕێی .....ەوە) .. هتد، وەك:**

**- شاسوار لەلایەن هەڵکەوتەوە کوژراوە.**

**- هاوناز لەڕێگەی بەنازەوە هێنراوە .**

**- نازەنین بەهۆی کارەباوە کوژراوە .**

**- سۆزان لەڕێی بەسۆزەوە نێردراوە .**

هەندێك لە نووسـەران بـەم جـۆرە ڕسـتانە دەڵـێن ( نادیـاری درێـژ )، کـە بکەرەکەی لە شێوەی سەرباردا دەرکەوتووە (( ئەو ڕستە نادیارانەی کە بکەر، یان کارایان تێدایە و لە ڕسـتەکەدا لـە شـێوەی سـەرباردا دەرکەوتۆتـەوە (نادیـاری درێژ)))، دیارە گومان لەوەدا نییـە، کـە بکـەرەکانی ئـەم ڕسـتانە لـە فۆرمـدا نادیارن، بەڵام (بکەر) لە شوێنێکی تری ڕستەکەدا دەرکەوتووە، بۆیە بەم ڕستانە دەوترێت ڕستەی بکەر نادیاری ئاماژە پێکراوە .

# زمانی ئاماژە

عەبدوڵڵا رەحمان

زمانی ئاماژە دەکرێت بەوە پێناسە بکرێت کە زمانێکی تایبەتە بە ئاماژەی وشەکان، چونکە هەر وشەیەک ئاماژەیەک لەخۆی حەشارداوە و تێیدا هەڵگری واتایەکە.بەم پێیەش هەر ئاماژەیەک بەواتای پێت دێت و بەرامبەرەکەی لێی تێدەگات. زمانی ئاماژە رەنگە یەکەم زمانێک بووبێت کە مرۆڤ لە زمانی کۆندا بەکاریهێناوە. ئەو زمانە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە جەستە هەیە و ئەندامەکانی جەستە وەکو سەر و چاو و دەم چاو و دەست و پێیەکان بەشداری لە دروستکردنی ئاماژەکاندا دەکەن. بۆ نموونە تەنیا هێنانەخوارەوە سەر ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە تۆ لەقسەی بەرامبەرەکەت دەگەیت. لەوخاڵەشەوە لەگەڵ زمانی جەستەدا یەکدەگرێتەوە. زمانی ئاماژە زمانێکە بڕوای بەهیچ سنوورێکی سروشتی و دەستکردی وڵاتەکان نییە. هەروەها بڕوای بە زمانی گۆکردنیش نییە. هەر مرۆڤێک بەچاوپۆشین لە زمانی دایکی، دەتوانێت زمانی ئاماژە بەکاربهێنێت و لێی تێبگات. بەم پێیەش زمانی ئاماژە زیاتر زمانێکی جیهانییە. لەم روانگەیەشەوە ئەگەر هەر بۆ نموونە ئاورێک لە شانۆی هاوچەرخ بدەینەوە دەبینین کاتێک جەستە بووە سەنتەری نمایش و دەقە ئەدەبییەکەی ئەو پێگەیەی کە پێشتر هەیبوو لەدەستیدا، ئەوا جەستە وەکو زمانی ئاماژەیەک رۆڵی لە گەیاندنی ناوەرۆکی شانۆگەرییەکەدا بینی و بەمەش شانۆگەری جەستە و بانتۆمایم زمانێکی ئاماژەیی بەکارهێنا کە پێویستی بە وەرگێران نەکرد و هەموو کەسێک تەنیا بە بینینی راستەوخۆ لێ تێگەیشت.

چاپخانەی منارە- هەولێر